# هەندێ لایەنی
# ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB)
# لە زمانی کوردیدا

د. سەباح ڕەشید قادر

هەولێر ٢٠٠٩

# هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا

د. سەباح ڕەشید قادر

٢٧٠٦ کوردی ٢٠٠٧ زایینی

- ناوی كتێب: هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە(GB) لەزمانی كوردیدا
- ئامادەكردنی: د. سەباح ڕەشید قادر
- سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
- بلاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ( ٦٠)
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- لەكتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی (    )ی سالی (٢٠٠٩)ی داوەتێ
- چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر


<u>تێبینی:</u>

ئـەم كتێبـە، نامەیەكـە.. پێـشكەشی كـۆلێجی (زمـان)ی زانكـۆی سـلێمانی كـردووە و بەشـێكە لەپێویستییەكانی پلەی دكتۆرای فەلسەفە لە زمانی كوردیدا.

پێشکەشە بە...

هەرکوردێك لەسەر بنجی خۆی بڕوێتەوە

# هێماکان

| | |
|---|---|
| θ | ثیتا |
| $\phi$ | مۆرفیمی سفر |
| * | ناڕێزمانی |
| Comple j | تەواوکار |
| PP | فرەیزی بەند |
| AP | فرەیزی ئاوەڵناوی |
| a | ئەلفا (کەرەسێکی نادیار) |
| Spec | دیاریکار |
| A | ئاڕگۆمێنت |
| $\bar{A}$ | نا-ئاڕگۆمێنت |
| CP | فرەیزی تەواوکار |
| IP | فرەیزی (کات و کەس) |
| AGR | ڕێکەوت |
| / | یان |
| ← | دەبێتە |
| // | سەرە لە ئێکس باری وشەکاندا |
| X | سەرە |
| $\bar{X}$ | جێکەوتەی ناوەند |
| $\bar{\bar{X}}$ | جێکەوتەی مەزن |
| FC | کەتیگۆری ئەرکی |
| ECM | هەڵاوێرکردنی نیشانەی دۆخ |

# لیستی زاراوەکان

**ئـ:**

| | |
|---|---|
| ئارگۆمێنت | Argument |
| ئارگۆمێنتی ناوەکی | Internal Argument |
| ئارگۆمینتی دەرەکی | External Argument |
| ئاراستە | Direction |
| ئاخاوتن | Discourse |
| ئامانج | Goal |
| ئامراز | Instrument |
| a بجولێنە | Move a |
| ئەلْقەبەست | Inter linking |
| ئەسپێکت (ڕووکار) | Aspect |
| ئەنافۆر (جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش) | Anaphore |

**بـ:**

| | |
|---|---|
| باروکردە | States and Processes |
| بەجێناوکردن | Pronominalization |
| بەربەست | Barrier |
| بەرکاری پێشناوی | Prepositional Object |
| بەرکاری ناڕاستەوخۆ | Indirect Object |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ | PO(primary object) |
| بەرکاری ناڕاستەوخۆ | SO(secondary object) |
| بەرزترین حوکمکار | M-Comands |
| بەستێنەر | Binder |
| بواری بەستنەوە | Binding Domain |
| بۆگەڕاوە | Antecedent |

**پـ:**

| | |
|---|---|
| پاڕامێتەر | Parameter |
| پاشگری ئیزافـه | Additive Suffixes |
| پاشگری دوپاتبوونەوە (ـەوە) | Iterative Suffixes |
| پاڵێوەری دۆخ | Case Filter |
| پرەنسیپی وزە پاراستن | Principles of Economy |
| پۆلی فەرهەنگی | Lexical Category |
| پێکهێنی فۆنۆلۆجی | Phonological Component |
| پێوەری (ϴ) | Theta Criterion |
| پێدەری دۆخ ،دۆخ پێدەر | Case Assigner |

**تـ:**

| | |
|---|---|
| تاکبەند | Distributive |
| تایبەتمەندییەواتاییەکان | Semantic Properties |
| تایبەتمەندییە دەنگییەکان | Phonological Properties |
| تەواوکار | Complement |
| تێپەڕ | Transitive |
| بەلوتکە کردن (تۆپیکالیزەیشن) | Topicalization |
| تێنەپەڕ | Intransitive |
| تیۆری بەستنەوە | Binding Theory |
| تیۆری ئێکس ـبار | X-bar Theory |
| تیۆری دەسەڵات | Government Theory |
| تیۆری ستانداری فراوانکراو | Extended Standard Theory(EST |
| تیۆری سنورکێشان | Bounding Theory |
| تیۆری کۆنترۆڵ | Control Theory |

**جـ:**

| | |
|---|---|
| A(argument)-Movement | جولانەوەی ئارگۆمێنتی (سەرەکی) |
| $\overline{A}$(non-argoment)Movement | جولانەوەی نا–ئارگۆمێنت |
| Maximal Projection ($\overline{\overline{X}}$ = XP) | جێکەوتەی مەزن |
| Intermediate Projection($\overline{X}$) | جێکەوتەی ناوەند |
| Minimal Projection(X) | جێکەوتەی نزم |
| Lexical Projection | جێکەوتەی فەرهەنگی |
| Demonstrative Pronoun | جێناوی نیشانە |
| Reflexive Pronoun | جێناوی خۆیی |
| Reciprocal Pronoun | جێناوی هاوبەش |
| Interrogative Pronoun | جێناوی پرس |

**حـ:**

| | |
|---|---|
| Governor | حوکمکەر |
| Governee | حوکمکراو |
| Comand | حوکمکار |

**خـ:**

| | |
|---|---|
| Possesive | خاوەندێتی |
| Genetive | خاوەندێتی ،خستنەپاڵ |

**د:**

| | |
|---|---|
| Re-write Rules | دارشتنەوەی یاساکان |
| Referring Expressions | دەربڕاوی ئاماژەیی |
| Lexical Entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Out Put | دەرهاوێژ |
| Accusative Case | دۆخی بەرکاری |

| | |
|---|---|
| Nominative Case | دۆخی بکەری |
| Dative Case | دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ |
| Inherent Case | دۆخی بنجی |
| Genetive Case | دۆخی خاوەندێتی |
| Structural Case | دۆخی ڕۆنانی |
| Absract Case(invisible) | دۆخی ئەبستڕاکت(نەبینراو) |
| Determiner | دیارخەر |
| Modifier | (مۆدیفایەر) |

**ڕ:**

| | |
|---|---|
| Quantifier | ڕادە |
| Finite Clause | ڕستەی (تەواو) |
| Infinitive clause | ڕستەی دانەخراو (چاوگی) |
| Argument Structure | ڕۆنانی ئارگۆمێنت |
| Shallow Structure | ڕۆنانی ئالۆز |
| Syntactic Structure | ڕۆنانی سینتاکسی |
| Path | ڕێڕەو |
| Finite State Grammar | ڕیزمانی بارەسنوردارەکان |
| Lexical Functional Grammar (LFG) | ڕێزمانی ئەرکی فەرهەنگی |
| Domain | ڕکێف( بوار) |

**ز:**

| | |
|---|---|
| Synthetic language | زمانە تێکچڕژاوەکان |
| Analytic language | زمانە شیکراوەکان |
| Configurational Language | زمانەشێوەسازییەکان |

**ژ:**

| | |
|---|---|
| Sub Script | ژێرنیشان |

**س:**

| | |
|---|---|
| Head | سەرە |
| Adjunct | سەربار |
| Head_First | سەرە–سەرەتا |
| Head_Last | سەرە–کۆتا |
| Functional Head | سەرەی ڕێزمانی (ئەرکی) |
| Lexical Head | سەرەی فەرهەنگی |
| Source | سەرچاوە |
| Super Script | سەرنیشان |
| Specifier (spec) | سپێسی فایەر_ دیاریکار (سپێك) |
| Benefactive | سوودمەند |
| Interpretive Semantics | سیمانتیکی لێکدانەوە |
| Generative Semantics | سیمانتیکی بەرهەمهێنان |
| Lexical Semantics | سیمانتیکی فەرهەنگی |
| Functional Features | سیمای ئەرکی |
| Thematic Features | سیمای بابەتانە |
| Agreement Features | سیمای ڕێکەوتن |

**ش:**

| | |
|---|---|
| A(argument)-Position | شوێنی ئارگۆمێنت |
| Trace | شوێنپێ |
| $\bar{A}$(non-argument)-Position | شوێنی نا_ئارگۆمێنت |

**ف:**

| | |
|---|---|
| فرەیزی ئامرازە لێکدەرەکان | Complementizere Phrase |
| فرەیزی دیارخەری | Determiner Phrase |
| فرەیزی ناوی پڕاوپڕ | Full NP Phrase |
| فۆڕمی فۆنەتیکی | PF(Phonetic Form) |
| فۆڕمی لۆجیکی | LF(Logical Form) |

**ك:**

| | |
|---|---|
| کارا | Agent |
| کات | Tense |
| کارتێکراو | Patient |
| کەرەسە _حوکمکار | C-Comands |
| کەتیگۆری بەتاڵ | Empty Category |
| کەتیگۆری ئەرکی | Functional Category |
| کەوانە ناونراوەکان | Labelled Brackets |
| کەوانە گۆشەییەکان | Angled Brackets (< >) |
| کردەکانی مارکۆف | Markov Processes |
| کۆتبەندی شوێن | Locality Constraint |

**گ:**

| | |
|---|---|
| گرێ | Node |
| گیرەکی ڕێزمانی | Inflectional Affix |

**ل:**

| | |
|---|---|
| لقەپۆل | Sub-Categorization |
| لۆکال(شوێن) | Locative |

| | |
|---|---|
| Lexical Insertion | ناوزەدکردن(لیستکردن)ی‌فەرهەنگی |
| Full-InterPretation | لێکدانەوەی پڕاوپڕ |

**م:**

| | |
|---|---|
| Sisterhood Condition | مەرجی خوشکایەتی |
| Matching Condition | مەرجی هاوتابوون |
| Adjacent Condition | مەرجی هاوسێیەتی |

**ن:**

| | |
|---|---|
| Non-Thematic | نا_بابەتانە |
| Ill -Formed | نا_دروست |
| Endocentric | ناوکی |
| Semantic Representation | نواندنی سیمانتیکی(وێنەی واتایی) |
| $\theta$-mark | نیشانەی تێتا |

**و:**

| | |
|---|---|
| Recipient | وەرگر |

**هـ:**

| | |
|---|---|
| Co-Indexing | هاونیشانەکردن |
| Exceptional Case Marking | هلاویرکردنی نیشانەی دۆخ |
| C(category)-selection | هەڵبژاردنی کەتیگۆری |
| S(semantic)-selection | هەڵبژاردنی واتایی |

**ی:**

| | |
|---|---|
| PSR(Phrase Structure Rules) | یاسای فرەیز پێکهێنان |

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی ........................................................................ | ١٥ |
| **بەشی یەكەم: تیۆری ئێكس-بار** .................................................. | ١٧ |
| ١-١. سەرەتا: نموونەكانی پێش یاساكانی فرەیز پێكهێنان ................. | ١٧ |
| ١-٢. یاساكانی فرەیز پێكهێنان و كەم و كوڕییەكان ............................ | ١٩ |
| ١-٣. كەم و كوڕییەكانی یاساكانی فرەیز پێكهێنان ............................ | ٢٣ |
| ١-٣-١ . كەم و كوڕی یەكەم ........................................................ | ٢٣ |
| ١-٣-٢ . كەم و كوڕی دووەم ............................ ........................ | ٢٦ |
| ١-٣-٣. كەم و كوڕی سێیەم ........................................................ | ٢٨ |
| ١-٤ . تیۆری ئێكس_بار ............................................................ | ٢٩ |
| ١-٤-١. ئێكس ................................................. ........................ | ٢٩ |
| ١-٤-٢. بار ......................................................................... | ٢٩ |
| ١-٤-٣. جێكەوتە ...................................................................... | ٣٠ |
| ١-٤-٤. سەرە ....................... ....................... ........................ | ٣١ |
| ١-٥. ئێكس_بار لە ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا ............................ | ٣١ |
| ١-٥-١. تەواوكار ....................... ....................... ........................ | ٣٤ |
| ١-٦. پێكهاتی فرەیزەكان ............................................................ | ٤٢ |
| ١-٧. ئێكس_باری وشە ئاڵۆزەكان(ئاوێتە و لێكدراو) ........................... | ٤٢ |
| ١-٧-١. پێكهاتی ناوەوەی فرەیزی ناوی بە پێی تیۆری ئێكس بار ......... | ٤٨ |
| ١-٧-١-١ . شوێنی دیاریكارەكان(Spec) لە فرەیزی ناویدا ............... | ٥٠ |
| ١-٧-١-٢. دیارخەرەكان(D) ... ................................................ | ٥١ |
| ١-٧-٢ . فرەیزی كرداری(VP) ئێكس_بار ........................................ | ٥٥ |
| ١-٧-٣ . پێكهاتی ناوەوەی فرەیزی ئاوەڵناو لە ئێكس_باردا ............... | ٦٦ |
| ١-٧-٤. پێكهاتی ناوەوەی فرەیزی بەندو ئێكس_بار ........................... | ٦٩ |

**بەشی دووەم : تیۆری دۆخ** ..................................... ....................... ٧٢

١-٢ . سەرەتا\گەشەو گۆڕان ........................................................ ٧٢

٢-٢. دۆخ لە چوارچێوەی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB)یدا ...... ٧٤

٣-٢ . پاڵێوەری دۆخ Case Filter ............................................ ٧٥

٤-٢ . دۆخی بنجی ....................... ....................... .................. ٧٦

٥-٢. دۆخی ڕۆنانی ................................................................ ٧٦

٢-٤-١. پێناسەی دۆخی بنجی ..................................................... ٧٦

٢-٤-٢ . شیکردنەوەی دۆخی بنجی ................................................ ٧٦

٥-٢ . کەرەسە حوکمکار و دەسەڵات ............................................ ٨٠

٦-٢ . پێدانی دۆخ ................................................................... ٨١

٧-٢. دەسەڵات ......................................................................... ٨٣

٢-٧-١ . سیماو چەمکی دەسەڵات ................................................. ٨٤

٢-٧-٢. سنوری دەسەڵاتی V لە VP یدا ........................................ ٩٢

٨-٢. ڕوونکردنەوەی هەندێ زاراوە ................................................ ٩٣

٩-٢. دۆخ و تایبەتمەندییەکانی زاراوەی کوردی ................................ ٩٦

**بەشی سێیەم : ڕۆڵی بابەتانە** ................................ ....................... ١٠١

١-٣ . بۆچونەکانی پێش ڕۆڵی بابەتانە ........................................... ١٠١

٢-٣ . لێکۆڵینەوە واتاییەکان بەر لە تیۆری $\theta$ ................................. ١٠٣

٣-٣ . تیۆری فیلمۆر و لایەنی واتایی زمان ...................................... ١٠٤

٤-٣. تیۆری ثێتا لە GBیدا ........................................................ ١٠٦

٣-٤-١ . میکانیزمی ڕۆڵی تێتا و کەرەسە بە کارهاتوەکان .................. ١٠٦

٣-٤-٢ . پێوەری ثێتا ..................................................................... ١٠٧

٣-٤-٣ . ڕۆنانی ئارگۆمێنت ............................................................ ١١٠

٥-٣. سیمای لقە کەتیگۆرییەکان ................................................... ١١٢

٣-٦. ئێکس_بار و تیۆری $\theta$ ........................................ ١١٥
٣-٧. نمونەی زانیارییە فەرهەنگییەکان ........................................ ١١٧
٣-٨. ئایا تەنیا کردار ڕۆڵی بابەتانە دەدا ........................................ ١١٨
٣-٩. جوڵانەوەو ڕۆڵی بابەتانە........................................ ١١٨
٣-١٠ . چوارچێوەی هێزی پێوەری ثـێتا ........................................ ١٢٠
٣-١١. ڕۆڵی سیمانتیکی و پێکهاتی بکەر نادیار ........................................ ١٢١
٣-١٢. ژمارەو جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە........................................ ١٢٢
**بەشی چوارەم : تیۆری بەستنەوە** ........................................ ١٢٩
٤-١ . سەرەتا ........................................ ١٢٩
٤-٢ . کەرەسەی حوکمکار ........................................ ١٣٠
٤-٣ . بەرزترین حوکمکار ........................................ ١٣٤
٤-٤ . هاونیشانەیی ........................................ ١٣٦
٤-٥ . جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی بەستنەوە ........................................ ١٣٦
٤-٥-١ . مەودای بەستنەوە ........................................ ١٣٧
٤-٥-٢ . جێناوی خۆیی وەك بکەر ........................................ ١٣٨
٤-٥-٢-١ . جێناوی خۆیی لە ڕستەی ناسادەدا ........................................ ١٣٩
٤-٥-٢-٢. جێناوی خۆیی لەڕستەی سادەدا........................................ ١٣٩
٤-٥-٢-٣ . بکەرو جێناوی خۆیی لەناو یەکدا ........................................ ١٤٠
٤-٥-٤ . ئەنافۆر (جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش) ........................................ ١٤٠
٤-٦ . کەتافۆر ........................................ ١٤٤
٤-٧ . کەتیگۆری بەتاڵ ........................................ ١٤٥
٤-٥-٥. دوو جۆری جوڵانەوەی XP ........................................ ١٤٦
٤-٥-٦. بەستنەوەی ئارگۆمێنت ........................................ ١٤٧
٤-٥-٧. بەستنەوەی نا ئارگۆ مێنت ........................................ ١٤٩
٤-٥-٨ . تۆپیکالیزەیشن (بەلوتکەکردن) ........................................ ١٥٠
**بەشی پێنجەم: ئە نجام و پێشنیاز** ........................................ ١٥٢

# پێشەکی

ناونیشانی کتێبەکە بریتییە لە (هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵاتوبەستنەوە لـە زمـانی کوردیـدا)، کـە بەرامبـەر بـە (Government and Binding) دەوەسـتێو(GB) کورتکراوەکـەیێتی .بـواری نامەکـە بەشـێوەیەکی سـەرەکی بواری ڕستە سازییەو سروشتیی تیۆرەکەش ئـەوە دەخـوازێ ، کـە لاییێنـی واتـاو وشەسازیش بێتە ناو شیکردنەوەکەوە . تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە مۆدەلێکـە دەکرێ وەکو قۆناغە دواییەکانی گەشەکردنی تیـۆرە کۆنەکـەی چۆمسکی سـاڵی ١٩٥٧ سەیر بکرێ ، هەرچەندە ئەم تیۆرە (واتا GB) بنـەماو سیمای تیـۆرێکی سەربەخۆی پێوەیە ، بەڵام درێژە پێـدانی تیـۆری بـارە سـنوردارەکان_ Finite State Grammar _و تیۆری یاسـاکانی فرەیـز پێکهێنـان (PSRs) و هـەموو تیۆرەکانی دوای ئەوان ، لەبەر ئەوەیە ئێمە بەر لـە شـیکردنەوەی ڕێزمـانی GB لایـەنێکی بـارە سـنوردارەکانو یاسـاکانی فرەیـز پێکهێنـان بـاس دەکـەین ، بـۆ ئـەوەی هـەم وەکـو تیـۆرێکی دابـڕاو سـەیر نـەکرێ و سـەرەتایەکیش بدەینـە پرەنسیپەکانی پێش تیۆرەکە . ئەم کتێبە هەوڵێکە بـۆ شـیکردنەوەی یاسـاکانی ئەو مۆدەڵە ڕێزمانییە و جێبەجێکردنی لەسەر زمانی کـوردی لـەلاییێكو ناسـاندنی تیۆرەکە بە خوێنەری کورد ، لەلاییێکی ترەوە بەهۆی گرنگیـی ئـەمڕۆی تیۆرەکـە لـە بـواری زانـستی زمـانو لێکدانـەوە زمانییەکانـدا ، ئەمـەش لـە چوارچـێوەی پڕاکتیـزە کردنـی لەسـەر زمـانی ئێـستای کـوردی ، واتـا وردکردنـەوەی لایەنـە تیۆریو فەلسەفییەکەی لە بواری زماندا .

گرنگی نامەکە لەوەدایـە ، بـەهۆی ئـەوەی تیـۆری دەسـەڵاتو بەسـتنەوە لـە بواری زمانەوانی ئەمڕۆدا پانتاییێکی گەورە داگیر دەکاو ئەو هەوڵو کۆششانەی لەو بوارەدا دراوە بۆ ناساندنی تیۆرەکەو جێبەجێ کردنی لـە بـوار ڕستەسـازی زمـانی

کوردیـدا کـەمن ، ئـەم هەوڵـە هـەوڵێکی جـددی تـرە و زیـاتر چـۆتە وردەکـاری پاڕامیتەرو پرەنسیپەکانی تیۆرەکەوە. ئەو ڕێبـازەی لـەو کتێبـەدا پـەیرەو کـراوە ڕێبـازێکی وەسـفیی شـیکارییە ، واتـە کەرەسـەی شـیکردنەوەکە زمـانی ئێـستای قسەپێکەرانە ، نەك دەقو نموونەی مێژویی ، شـیکردنەوەکەش لـە بـەر ڕۆشـنایی پرەنسیپو پارامیتەرەکانی GB ئـەنجام دراوە.ئـەوەی شـایانی وتنـە ئـەلفـوبێی نوسـینی ڕسـتەکان ، ئـەلفبای فۆنـەتیکی جیهـانی(IPA) یـە کـە بـە هۆیـەوە شیکردنەوەکە لەزمانی ئینگلیزیو ئەسڵی تیۆرەکە نزیك دەکاتـەوە . سەرچـاوەی ئەو کەرەسە زمانییـەی لەچوارچـێوەی تیۆرەکـەدا شـیکراوەتەوە سـەلیقەی قـسە پێکەرانی زمانی کوردییە ، بـەواتای ئـەوەی شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی توانـستی قسەپێکەرانی ئەمڕۆی زمانی کوردییە لە کرمانجی ناوەڕاستدا .

# بەشی یەکەم

# تیۆری ئێکس بار_*X-Bar Theory*


## ١-١.سەرەتا: نموونەکانی پێش یاساکانی فرەیزپێکهێنان :

هەر زمانەوانیێ ، کە تیۆریێ بۆ دیاردەییێکی زمـان دادەڕێـژێ، بـە تایبـەتی لـە زمانەوانی نوێدا، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرێ، تا چەند ئەم تیۆرە کێشەکانی ئـەو دیاردە زمانییە یەك لا دەکاتەوە، و تا چ ڕادەییێ بۆ هەمان دیاردەی زمانەکانی تر سوود بەخش دەبێ. گەر زمانیش وەکو زانستە سروشتییەکان سـەیر بکـرێ دەبـێ کۆتاییێکی کراوە لە ڕووی دەستکاری و گۆڕینی بنـەماکانی تیۆرەکـە جـێ بهێڵـرێ، ڕاستییە ڕەهاکانی ئەمڕۆی تیۆرەکە دەبنە کەرەسە و بنەما بۆ تیۆرێکی فراوانتر و پێـشکەوتووتر. چۆمـسکی لــە بــەر ڕۆشــنایی ئــەم ڕاســتیانەوە بــەرە و دانــانی تیۆرەکانی زمان ڕۆیشتووە.

( **یاساکانی فرەیز پێکهێنان**– Phras Structur Rules ) **کە** PSRs کورتکراوەکەێتی لە چوارچێوەی ڕێزمـانی فرەیـز پێکهێنـان هاتەکایـەوە، کـە لـە کتێبەکەی چۆمـسکی ( Syntactic Structure )١٩٥٧ دا سـیما بنەڕەتییـەکانی بـۆ دارێـژرا بـوو. ڕێزمـانی فرەیـز پێکهێنـان، کـە یاسـاکانی فرەیـز پێکهێنـان دەگرێتەوە، نەك هەر توانای بەرهـەمهێنانی زنجیرەیـێ کەرەسـەی زمـانی هـەبوو، بەڵکو توانای شیکردنەوەی ئەو کەرەسانەشـی هـەبوو(Crystal 2003 :353) . مۆدەلی یاساکانی فرەیز پێکهێنان سـەرەتا و دەسـتپێکی بۆچـوونە زمانییـەکانی چۆمسکی نەبوو، بەڵکو تیۆرەکە لە دوای گەلێ بۆچوونی تری سەبارەت بە تیـۆری زانستی زمان هاتووە. بۆ نموونە، یاساکانی فرەیز پێکهێنان وەکو چاکسازی، یـان تەواوکەری نموونەییێکی دارێژراوی تری شیکردنەوەی پێکهاتی ڕسـتە بـوو، کـە بـە ناوی ڕێزمانی بارەسنووردارەکان ( Finite State Grammer ) بلاوبووە (( ئـەم بۆچوونە زمانییە لەسەر بنەمای دارشتنێکی بیرکارییانە دارێـژراوە، کـە پـەیوەنـدی

نێوان چەند هەنگاوێ دەخاتە ڕوو هەر هەنگاوێکیش پشت بە هەنگاوەکەی پێش خۆی دەبەستێ (چۆمسکی ١٩٨٥: ٩ ) ئەم بۆچوونە وەکو سەرەتا و دەستپێکی بۆچوونێکی نوێی زمان، کە لە توانا شاراوەکانی مێشکەوە دەست پێ بکا ، پێشوازییێکی بەرچاوی لێکرا، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی کەرەسەکانی ڕستەدا، کە تا ڕادەیێ بونیادگەرییەکان لە ئاستیدا تووشی گرێ و ئالۆزی هاتبوون. بەلاَم هەموو بۆچوونێ خۆی لە خۆیدا هەلگری درز و کەم و کورپییەکانی خۆیەتی. میکانیزمی بەرهەم هێنانی ڕستەکان لە بواری بیرکاری بە بارەسنوور دارەکانی کردەکانی مارکۆف – Finite State Markov Processes دەناسرا. ئەم نموونە دەربڕاوەی چۆمسکی، کە لەگەلّ یاساکانی فرەیز پێکهێنان و یاساکانی گوێزانەوە، سێ قوناغی جیاوازی یەك لە دوای یەکی کتێبەکەی چومسکی سالّی ١٩٥٧ بوو ( بۆچوونی ڕێزمانی بارەسنووردارەکان ساکارترینیان بوو، کە تیایدا ڕستەکان لە ژێرباری زنجیرەیێ هەلّبژاردن لە چەپەوە بۆ ڕاست [١] ( بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ) و لە ڕاستەوە بۆ چەپ (وەکو لە زمانی عەرەبی و کوردیدا ) بەرهەم دەهێنرین، هەر ڕستەیێکیش خالّێکی سەرەتا و خالّێکی کۆتایی دەبێ. ئەو کەرەسەی دەکەوێتە سەرەتا وشەیێکی تر دەوروژێنێ، کە گونجاو و هاوسێ بێ لە هەمان سیاقدا، ئەم وشەیەی دوایش بە هەمان شێوە بە پێی شوێنەکەی خۆی وشەی دوای خۆی هەلدەبژێرێ و دەیوروژێنێ، کە دەکەوێتە هەمان سیاقەوە، بەم پێیە قسەکەر بەردەوام دەبێ تاوەکو دروست بوونی ڕستەکە کۆتایی دێ(فوزی حسن١٩٩٩ : ٣٨٢ ) وەکو لە نموونەی(١)دا ڕوونکراوەتەوە:.

(1)




---

١) سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم ڕیزبوونە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبێ، ئەگەر بە ئەلف و بێی عەرەبی بنوسرێ و بە پێچەوانەوە دەبێ، گەر بە ئەلف و بێی لاتینی بنوسرێ .

هەڵبـژاردنی وشـەکەی دواتـر دەکەوێتـە ژێـر یاسـای ئەگـەرەکان (میـشال زکریا١٩٨٣:٦١) ، کە لێرەدا وشەی(aw) ، کەخاڵی دەسپێکردنە، بە پێی سیاق و ئاڕاستەکەی خۆی وشەی تر هەڵدەبژێریٚ و دەیوروژێنیٚ، بۆ نموونە نـاکریٚ وشـەی (pir^kra:yawa) بخرێتە ڕێڕەوی سیاقی کوڕەکەوە ، بەم پێیە وشەی پێشووتر بڕیـاردەرە لـە هەڵبـژاردنی وشـەکەی دوای خـۆیو بـەم جـۆرە.. بوونیادنـانی یاساکانی ڕستەپێکهێنان لە سەر ئەم بنەمایە، کەم و کـوڕی زۆری لێکەوتـەوە، بـۆ نموونـە مـەرج نییـە لـە هـەموو ڕسـتەیێکدا ئـەم یاسـایە پـەیڕەو بکـریٚ، یـان بپارێزریٚ،(لەوەی کـە وشـەی دووەم پـشت بـە وشـەی پـێش خـۆی دەبەسـتیٚ لـە هەلبژاردندا)، بە واتای ئەوەی وشە هاوسێکانی سیاقیٚ، ئەوانەی کە وا ڕاسـتەوخۆ بە دوایانەوە دێن هەلیاندەبژێرن. لە لایێکی ترەوە بنەماکانی ئەم یاسایە تەنیا بۆ بەرهەم هێنانی ڕستەی سادە لە بارە و دەسدەدا. بۆ نموونە لە ڕسـتەیێکی وەکـو (2)دا :

2- aw piya:way otombi:laka le daxur^e Ia zanko kar daka:.
1 2 3 4 5 6

وشـەی ( 4و 5 ) کـە بـە دوای یەکیـشەوە دێـن و ئـەو پەیوەندییـە سـیاقییە بەهێزە یان نییە، کە وشەی ( 4 ) ەم ناچار بکا بۆهەلبژاردنی ( 5 ) ەم.

## ١_٢.یاساکانی فرەیز پێکهێنان و کەم و کوڕییەکانی:

دوای ئەونموونەیەی باسکرا چۆمسکی نموونەیێکی لە بارتری هێناکایە، کە لە سەر بنەمای ڕەخنەو کەم وکوڕییەکانی نموونەکەی پێشتر بونیادنرابوو ، بـە نـاوی یاساکانی فرەیز پێکهێنان ( PS ruIes ) بۆ شـیکردنەوەی پێکهاتـەکانی فرەیـزی ڕستە ،کە( بۆ کەرەسەی وردتر شیدەکاتەوە ، ئەمەش بە هـۆی ئـەوەی بنـەماکان لە شێوەی یاسا دروست دەکرێن ، لە ڕستەوە دەسپێدەکا ،کە گەورەترین یەکەی شیکردنەوەی زمانە، کۆمەڵە یاسایێکە بۆ پێکهێنانی فرەیـز لـە ڕسـتەی جیـاوازدا کە لە سەر کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان کار دەکا ، نەك پەیوەندییە ڕێزمانییـەکان . یەکەم یاسا بە داڕشتنەوەی ڕستە دەست پیٚ دەکا ، کە شـیدەکاتەوە بۆکەرەسـە

ڕاستەوخۆکانی ( فرەیزی ناویی و فرەیزی کرداریی) دواتر ئەو یاسایانە دێن ، کە لە پۆلی ڕێزمانی بچووکتر کار دەکەن تا وەکو دەگەنە ئەو یەکە ڕێزمانییانەی زیاتر کەرت ناکرێن (چۆسکی ١٩٨٥ : ١٠ ). سەرەتا یاساکانی فرە یز پێکهێنان لە هەشت یاسا پێك هاتبوو ، کە ئەویش لە ڕووی تواناوە لە سنوورێکی دیاریکراودا دە وە ستێ ، کە ئەمانەی خوارەوەن :ـ

3-a . S ⟶ NP+VP

b. VP ⟶ V+NP

c. NP ⟶ DET+N

d. V ⟶ AUX +V

e. DET ⟶ the a….

f. N ⟶ (man,ball,book….)

g. AUX ⟶ (will,can...)


h. V ⟶ (hit, wrote,read…)

بەورد بوونەوەیێ لەو هەشت یاسایانەی سەرەوە ،دەردەکەوێ کەوا یاساکانی (d_a) پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە ، کە ڕستە شی بکاتەوە ، بۆ فرەیزی ناوی و فرەیزی کرداری ، هەر ڕێزمانیش ڕوونی دەکاتەوە ، کەوا فرەیزی ناوی دەبێ ناوی تێدابێ ، بە لاَم یاساکانی (h –e ) پەیوندی بە فەرهەنگی زمانەکەوە هەیە ، چونکە دەسنیشانکردنی بەشە ئاخاوتنەکان کاری فەرهەنگە .

لە نواندنی کەرەسەکانی پێکهاتی ڕستەدا گە لێ شێوە و ڕێگەی جیاواز هەیە ، لە وانە :

(١ـ هێکاری درەختی Tree Diagram ): ئەم ڕێگەیە لە وێنەی لقی درەختن و دابەش بوونیان ڕووە و خوارەوەیە ، هەر چەند بۆ خوارەوە ڕۆبچێ لقەکانی زیاد دەکا و لە شێوەی تۆڕێکی دەمارەکان دایە (Aitchison 1993:64) .

بۆ نموونە: (4)




## ٢ . کەوانە ناونراوەکان (Labelled Bracketing):

ڕێگەیێکی تری نواندنی پێکهاتی ڕستە یە ، کە بە جووتە کەوانە دەردەبڕێت کەوانەی لۆجیکیشی پێ دەڵێن ، کە وانەکان کە لە دەوری کەرەسەکان دادەنرێن هەڵگری ناوی کەتێگۆرییەکەیە (Cook 1997:5 ) . بۆ نموونە :

5-[S[ NP mina:l^aka] ([ NP wena][ V dakes^e]])
vp

شایانی وتنە ، کەوا کە تیگۆرییە کە دەبێتە ناونیشانی کەوانە داخراوەکەو لەلای خوارەوەی کەوانەی لای چەپەوە وردتر لە کە تیگۆرییەکە دەنوسرێتەوە .

٣. ڕێگەییێکی تری نواندنی کەرەسەکانی ناوڕستە ڕێگەی ( **دارشتنەوەی یاساکانە** –Rewrite Rules) لە سەر یاسای جەبری بیرکاری ڕۆیشتووە ئەو تیرئاسایەی دەکەوێتەلای ڕاستی (S ) ە وە وەکو دارشتنەوەی ئەو هێمایە دەبیَ، کە دەکەوێتە لای چەپی تیرئاساکەوە ، بۆ نموونە یاسای (6) :

6-a. S ⟶ NP VP


(6-a)ئەوە دەگەیەنیّ کەوا VP و NP شویّنی S دەکە دەگرنەوە ، یان :

b. VP ⟶ V NP

c. NP ⟶ D N

ڕیّگەی سیّیەم لە هیّلکارییە درەختەکان وەرگیراوە ، لەبەر ئەوە دەکریّ ئەو سیّ یاسایەی سەرەوە بە هیّڵکاری درەختەکان بەم شیّوەی خوارەوە بنویّنریّ :

(7)




بەمەش دەکریّ ئەگەرە بنجییەکانی ڕستەی زمانەکان بەهۆی یاساکانی فرەیز پیّکهیّنانەوە **لەم** خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکریّنەوە ، ئەمەش لە ڕیّزمانی دیّریندا وەکو ئەگەری بنجی و گشتی بەر چاو دەکەویّ : ـ

١ . **هەر** ڕستەییّ بنەییّك و باریّکی تیّدایە .


٢ . ناوەکە (بنە_بکەر) لە وانەیە بە هۆی ئاوەڵناویّ دیاری بکریّ .

٣ . **هەموو** باریّ کرداریّکی(Predicate) تیّدایە ( Hudson1999:104 )

ئەمانەی سەرەوە دەکریّ لە **هەموو** زمانیّکدا لە دروستبوونی ڕستەدا بەرچاو بکەویّ ، لە ڕیّزمانی دیریّندا بنە وەکو ( NP )و بار وەکو (VP) سەیر دەکریّ

، به مەش سادەترین ڕستە لە دوو بەش پێکدێ ، کە بە شێوەیێکی هەرەمی وەکو خوارەوە ڕۆنان دەنرێ .

(8)




سەبارەت بە یاساکانی فرەیز پێکهێنان ، هەندی تێبینی دەخەینە ڕوو ، کە دواتر دەبێتە بنەمایێ بۆ هەڵسەنگاندن و خستنە ڕووی ئەو نموونەیەی چومسکی ( PSRs ).( لە کەمتر لە ٢٠٪ ی زمانەکانی جیهان لە ڕستەدا کردار پێش بکەر دەکەوێ . لەم زمانانەدا یاساکان ڕێونکەرن و بە سەر ڕستەکانیاندا جێبەجێ ناکرێن، ئەم یاسانە زیاتر بە سەر زمانی ئینگلیزیدا جێبەجێ دەکرێ ، هەندێ زمانی تر لە وانەیە لە وردەکاری و درێژی لێکدانەوەکانیاندا جیاوازبن ، بە لاَم لە کەرەسە بنجییەکاندا ئەگەری لێکچوونیان هەبێ ، نەك لە تایبەتمەندیی ئەگەرە بنجییەکانی پێکهاتی ڕستە و ئەرکەکەیدا1999:105 (Hudson)).

## ١_٣ .کەم وکوڕییەکانی یاساکانی فرەیز پێکهێنان :

**١ -٣-١- کەم و کوڕیی یەکەم :** به پێی ئەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە دەکرێ یەکەم کەم و کوڕیی یاساکانی فرەیز پێکهێنان بەوە لێك بدەینەوە ، کەوا بە سەر هەموو زمانێکدا جێبەجێ ناکرێ ، تەنیا ئەو زمانانە نەبێ ، کە لە ڕووی ڕیز بوونی کە تیگۆرییە ڕێزمانییەکانیاندا لە زمانی ئینگلیزی دەچن و ناشکرێ ئێمە ڕۆنانی ژێرەوەی ( بۆ نموونە زمانی کوردی) دروست بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ یاساکاندا بگونجێ،یان ئەگەر یاساکە جێبەجێش بکرێ لەدواییدا پێویستی بە یاسای گوێزانەوەی زیاتر دەبێ . بەم پێیە ، (یاساکان ئەو ڕستانە بەرهەم ناهێنن، کە کەرەسەکان تیایدا پاش و پێش دەکرێ . بۆنموونە یاسای (6) ی سەرەوە بە سەر پێکهاتی ڕستەی کوردیدا جێبە جێ ناکرێ .

9-a.a:so roma:n  daxwenetawa

a-S ⟶ NP+VP

b-S ⟶ a:so +VP

c-VP ⟶ V+ NP

b.a:so  doxwenetawa  roma:n.

لەیاساکانی زمانی کوردی بەدەرە .


بێگومان ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکان ، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ژێرەوەیە وئەوگوێزانەوانە لە قۆناغی بەرهەمهێنانی ڕستەکە دا ڕوودەدا (Falk 1978:228) بەم جۆرە ڕۆنانی سەرەوەی ئەم ڕستەیەی (9) لەژێر ئەو یاسایەدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ :

10-a:so daxwenetawa  roma:n.

لە لایێکی ترەوە گەر ڕستەیێ بە پێی یاساکان بەرهەم هات ئەو ڕستەیە ڕێزمانییە grammatical ) و ئەگەر بەدەر لە یاساکان بەرهەم هات ئەوکاتە ڕستەکە ناڕێزمانییە ungrammatital ). ئەم پێوەرەش پێوەرێکی ڕاست نییە چونکە لە سەر بنەمای پشت بەستنە بە زمانی ئینگلیزی ئەمەش سەرەکیترین کەم و کوڕیی یاساکانی فرەیز پێکهێنانە ، چونکە ناشێ ئێمە بۆ ئەوەی ڕۆنانی ژێرەوەی زمانەکە لە گەڵ یاساکان بگونجێنین ، زمانەکە لە قالبی مەحەکی یاساکان بدەین و ڕۆنانێکی ژێرەوەی دەستکرد بۆ ڕستەکە بونیاد بنێین و لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوەیدا هەریەك لە دۆڵێ بن . ئەمەی باسکرا زیاتر پەیوەندی بە پێکهاتە بنجییەکانی ڕستەوە هەبوو ، ناکۆکییەکە لە ڕیز بوونی (VP,NP ) دا یە ، کە پۆلی سەرەکی پێکهاتی ڕستەن ،بەڵام ئەم کەم وکوڕییە لەهەندێ زماندا لەکەرەسە سەرەکییەکان دەپەڕنەوە بۆ کەرەسە سەربارەکان و وردەکارییەکانی تری زمانەکە .ڕێزمان ڕێگەیێکە ، یان پرۆگرامێکە بۆ بەرهەم هێنانی ڕستە ، ئەم بەرهەم هێنانە بە پێی کۆمەڵە یاساییێکە ، کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕێزمانی زمانەکە دایە ، بەڵام یاساکان پێکهات و کەرەسەکان بەرهەم ناهێنن ، بەڵکو مۆڵەتیان


پێـدەدەن ، لـە بـەر ئەوەيـە ئـەو پەيوەنديیـە سنيتاكسييەی نێـوان پێكهـات و كەرەسـەكان ، ئەگـەر ڕێزمـانی زمانەكـە ڕێيـان پـێ نـەدا نارێزمـانیین .لـە ڕسـتە سـادەكانی زمـانی ئينگليزييـدا هـەردەم (S) دابـەش دەبـێ بـۆ VPو NP . NP هەردەم ناوی تێدايە ، فرەيزی VPيش هەردەم كرداری تێدايە ، ڕۆنـانی pp يـش هەردەم پێشناو (P) ـ تێدايە و NP ێكی بەدوادا دێ، بۆنموونە :

(11)




وێنەی (11) ئەگەری هاتنی هەيە لەپێكهاتی فرەيزی ناوی لەزمانی كورديدا، بەڵام لە ياساكانی فرەيز پێكهێنان لە زمانی ئينگليزيدا ئەگەری هاتنی نييە . ئـەم زانيارييـە ڕێزمانييـە بـە هـۆی ياسـاكانی فرەيـز پێكهينانـەوە دەنـوينرێ ، كەچـی وێنەی (12) ئەگەری هاتنی لە زمانی ئينگليزيدا هەيە.

(12)




كە واتە لە بەر ڕۆشنايی ڕێزمانی ئينگليزيدا ، ياساكانی فرەيز پێكهێنان ئەم ياسايە گشتييەی خوارەوە جێگير دەكا:

(13) . NP $\longrightarrow$ Art +N

ئەمەش وەکو لەسەرەوە باسکرا بۆ زمانێکی وەکو کوردی جێگیر ناکرێ و یاسای ژمارە (11) بۆ زمانی کوردی لە (14) دا جێبەجێ دەکرێ :

(14). NP ⟶ N + Art

da:r + aka

لەلایێکی ترەوە و لە چوار چێوەی کـەم و کـوڕیی یەکەمـدا یاسـاکانی فرەیـز پێکهێنان بۆ ئەوڕستانە ناشێ کە پاش و پێش کـردن و جێگـۆرکێی کەرەسـەکانی تێدایە ، یان ڕستەی لێکدراو ، یان هەر ڕستەیێکی تری نا سادە ،هەروەها ڕستەی لێکدراو ، یان ناسادە بەرهەم ناهێنێ، (جگە لە وەی ،هەر چـۆن ڕسـتەی ڕێزمـانی بەرهەم دێنێ ، بەپەیڕەو کردنی تەواوی یاساکان بەسەر هەموو زمانەکاندا ڕستەی ناڕێزمانیش بەرهەم دێـنێ (چومـسکی١٩٨٥:٢٨) بـەپێی بۆچـونی چۆمـسکی ئـەم یاسایانە دەتوانن ڕستەی سادەو ڕوون و دیار بەرهەم بێنن، بەڵام ڕستەی داڕێـژراو بەرهەم ناهێنن ، جگە لـەوەی ئـەم یاسـایانە لـە شـیکردنەوەی ( Verb to be ) ییەکانی زمانی ئینگلیزیـدا شـیکردنەوەیێکی قوولوسـەرکەوتو نـەبوو (بـەم پێیـە دەکرێ بوترێ جووڵەی ئەم یاسایانە ڕووە و پێشەوەیە و ئاوڕی دواوە ناداتەوە، لـەوەی ئـاخۆ کەرەسـە بنجییـەکانی ڕسـتە وێکـچوونە ، یـان جیـاوازن (مـازن الـوعر١٩٨٨: ١٢٧) . ئـەو یاسـایانە لـە پـاڵ توانـاداری و سـەر کـەوتنی بـە سـەر نموونەکانی تردا ، توانای نییە سەلیقەی زمانی قسەکەری ئەسڵی زمانەکە بەهەنـد هەڵبگرێ.

<u>**١–٣– ٢–کـەم وکـوڕیی دووەم**</u> : یاسـاکانی فرەیـز پێکهێنـان خۆیـان سنوردارن، دەکرێ زۆر فراوان بکرێو هـەموو جـۆرە ڕسـتەیێ دەرکـەون ، بـەڵام ئەوسا ڕێزمانەکە ئاڵۆز دەبێ. لـەلایێکی تـرەوە ئەگـەر ئـەم یاسـایانە زۆر فـراوان بکرێن ئەوا پێویستی بە یاساکانی گوێزانەوە نامێنێ لەبەر ئەمە چۆمـسکی لادان و زیادکردنی کەرەسە و گۆڕینی تر بە کاری یاساکانی گوێزانەوە دادەنێ ،کەواتـە

له یاساکانی فرەیز پێکهێناندا پێویستمان بە ژمارەیێکی زۆر یاسا هەیە بۆ ئەوەی هەمووڕستەکانی زمان بەرهەم بێنن (Aitchison1993:166). بۆنموونە بەپێی زانیارییەکانی قسە کەر سەبارەت بە زمانەکان لە فرەیزی ناویدا (بۆنموونە)هەموو کات ئامرازی پێویست نییە ، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم دوو ئەگەری هاتن و نەهاتنی ئامرازەکە (Article) بەمەش بۆ بە کارهێنانی میکانیزمی کۆتایی ئەو ئەگەرانە دەبێ یاسایێ بۆ (NP) دروست بکەین بەم شێوەیەی خوارەوەبێ :

(15) .NP ⟶ (Art) N

ئەو کەوانەی دوولای (Art) دەگرێ لە یاسای (15) دا ناخورتەکیی هاتنی ئامرازەکان لە (NP) دا دەگەێنێ . بەهەمان شێوە دەرکەوتنی فرەیزی ناوی لە فرەیزی کرداریو فرەیزی بەندیدا ، دەبێ یاسای تری بۆ داڕێژرێ ، بۆنموونە یاسای ژمارە (16) بۆکرداری تێپەڕو تێنەپەڕ دەشێ:

(16).a-VP ⟶ V(NP)

b-NP ⟶ (Art)N(PP)

(16-b)دیسانەوە ناخورتەکیی فرەیزی بەند نیشاندەدا.

یاسای (16-a-b) ئەو یاسایانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە، سەیری (17) بکە:

(17).a-NP ⟶ N لە a:so zi:raka.

b-NP ⟶ N Det لە baxaka gawraya .

c-NP ⟶ N. PP لە la baxakada: nustuwa .

d-NP ⟶ Art PP لە aw kur^a la xiwendinga: darkira:wa .

ئەمانەو گەلێ یاسای تر دەبێ زیاد بکرێ بۆ ئەوەی هەموو ڕستەکانی زمانەکە بگرێتەوە .

## ١-٣-٣ .کەم‌و کوڕیی سێیەم :

زۆر جار یاساکانی فرەیز پێکهێنان پەی بەو لێکچوون وجیاوازییانە نابا ،کە لە ڕستەکاندا بە دەردەکەون ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ڕستەکان لێکدانەوەی جیاوازییان بۆ دەکرێ لە ڕووی واتاوە (لە بەر ئەوە یاساکانی فرەیز پێکهێنان هەندێ ڕستەی جیاواز لە پێکهاتەیێ کۆ دەکاتەوە و جاری واش دەبێ ڕستەی لێکچوو لێکدادەبڕێ (Aitchison1993:166) .بۆ نموونە:

18-a:ra:m ba:s^a bo ya:rmati da:n .

19-a:ra:m la ba:ra bo ya:rmati da:n .

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 20 | NP | ADJ | V | INFL |
| a. | a:ra:m | ba:s^ | a | bo ya:rmati da:n |
| b. | a:ra:m | la ba:r | a | bo ya:rmati da:n |

سەیرێکی وێنەی (20) بکەین لە ڕووی پێکهاتەی فرەیزەکانەوە ، هەمان پێکهاتەیان هەیە، کە لە ژێر فرەیزی ناویی وئاوەڵناویی و کرداریی و چاوگییدا کۆ دەبنەوە ،بەڵام لە ڕووی واتاوە جیاوازن ، لە ڕستەی (a)ی لە( 20)دا (a:ra:m)ئامادەیە یارمەتی یەکی تر بدا ، کەچی لە ڕستەی (b) دا ( a:ra:m) شایانی یارمەتیدانە ، بە پێچەوانەشەوە جاری وا دەبێ دوو پێکهاتی جیاواز هەمان لێکدانەوەیان دەبێ ، بۆ نموونە :

21- a:za:d kitebakay la hoza:n kr^i.

22- hoza:n kitebakay firos^ta a:za:d.

ئـەو ڕسـتانەی سـەرەوە لـە ڕووی واتـاوە یـەکن ، کەچـی لـە ڕووی پێکهـاتی ڕستەدا جیـاوازن.جیـاوازی ولێکـچوونی ڕسـتەکان ، کـە لـە کـەم و کـوڕی سـێیەم ئامـاژەی پێکـراوە ، بـۆ نـەبوونی ڕۆنـانی ژێـرەوە دەگەڕێتـەوە، کـە لـە نموونـەی یاساکانی فرەیز پێکهێنانی چۆمسکی هێشتا نەهاتبووە پێشنیاز کردن .

## ١-٤- تیۆری ئێکس-بار (X-Bar Theory) :

تیۆری ئێکس بـار ، یـان سیـستەمی ئـێکس بـار ، سیـستەمێکی ڕێزمانییـە لـە میانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانی نوێدا گەشەی کرد ، وەکـو شـوێنگری لێکدانـەوە کۆنەکانی پێکهـاتی فرەیـز هاتـە کایـە ، بـە واتـاییێکی تـر بـۆ داڕشـتنەوەی بـیرە کۆنەکەی" سەرەی پێکهاتەکان "، و کۆتبەند کردنی ئەوزنجیرە ئەگـەرە زۆرەی ، کـە لـە یاسـای فرەیـز پێکهێنانـدا هەیـە ( Trask1993:307) ئـەم سیـستەمە ڕێزمانییە لە پاڵ ناوەڕۆکە ئاڵۆزەکەیدا ، کە کۆمەڵێ کردەی میکانیزمی یـەك لـە دوای یەك دەگرێتەوە ، ناونیشانی تیۆرەکە و کەرە سە بە کار هاتووەکـانی گـەلێ هێمای تایبەتی هەڵگرتووە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە .

### ١-٤-١-. X **ئێکس** :

هێماییێکی بیرکارییـە لـە بـری (س ، ص ) ی بـواری بیرکاری بـە کـار دێ ، هـەر چۆن لـە بیرکارییـدا بـە هـاییێکی جـەبری هەیـە ، لـە زمانیشدا بە هاییێکی زمانی هەیـە بـەهای ئاسـتەکەی خـۆی ، لـە بریتـی یـەکێ لـە کەتیگۆرییەکان بە کار دێ.

### ١- ٤-٢- Bar **باڕ** :

بە شـێوەی کۆمـە — فـارزە ( ، ) یـان بـە شـێوەی پارچە ڕاستە هێڵێکی بچووك (— ) یان وەکو ژمارە لـە لای ڕاسـت یـان سـەرەوەی (X) ە وە دادە نرێ .

وەکو : $X'$ ، $\overline{X}$، کە هەموو یان بە یەك بەها بە کار دێن.

سەبارەت بە ژمارەی بارەکان ، کە بەو سێ شـێوازەی سـەرەوە ، دەنـوینرێن سەرەتای نواندنە کۆنەکان ، تاکو X سێ باڕیش دانـراوە ، بـە لاّم ئـەوەی ئێـستا

زۆر باووبلاّوه ئـێکس – بـار بـه بـاری (١) و بـار (٢) و بـار سـفر (٠) بـه کـار دێ بەوشێوەیەی خوارەوە :

X ,X'' ,X'(باری سفر یان بەبێ بار)

$X^0, X^2, X^1$

$X, \overline{\overline{X}}, \overline{X}$

ئەو سێ جۆرەی بار سێ ئاستی جیاواز دەنوێنن و به شێوەی خوارەوە :

Maximal projection ⟶ $\overline{\overline{X}}$ جووتبار

جێکەوتەی مەزن

Intermediate projection ⟶ $\overline{X}$ تاکبار

جێکەوتەی ناوەند

Minimal projection ⟶ X بێبار

جێکەوتەی نزم (بچوك)

## ١-٤-٣ جێکەوته _Projection :

جێکەوتـه کەرەسـەیێکه ، کـه فراوانکـراوی وشـەی سـەرەیه ، بـۆ نموونـه لـه فرەیزێکـی کرداریـدا بـەم ەشـێوەیه دەبـێ :فرەیـزی کـرداری (VP) جێکەوتـەی مەزنی سەرەی کرداره (V)، بەمەش (V) سەرەی فرەیزەکەیه . کەرەسەی ($\overline{V}$) دیسانەوه جێکەوتەی سەرەی (V)ییه بەلاّم له ئاستێکی تردا که ئاستی ناوەندی پێدەلّێن ، ئەم ئاسته ناوەنده واتای فرەیزەکه دەخاتـه ڕوو ، لـه لایێکـی تـرەوه ($\overline{V}$) لەسـەرەی (V) و ئارگۆمێنتێـك دروسـت دەبـێ ئەمـەش بـه نـزمترین ($\overline{V}$) دادەنرێ .بەرزترین ($\overline{V}$)یـش یەکێکـه لەئارگۆمێنتـەکان لـه (V) و کەرەسـەیێکی سەرپشکی پێك دێ.

## ١-٤-٤ سەرە _Head :

سـەرە _ Head لەهـەموو فرەیزێکـدا هەیـە. بەمـەش هـەموو فرەیـزیٚ (ناوکییە_Endocentric)ە لەوەی دابـەش بـوونی فرەیزەکـە گونجـاوە لەگـەڵ سـەرەی فرەیزەکـە ، وەکـو (گوڵـە جوانەکـە ) . ئێمـە لـە دۆزینـەوەی سـەرەی رێزمانیدا پێویستمان بە پێوەرێکی سنتاکسی و مۆرفۆلۆجی دەبیٚ . بـە پێـی ئـەم پێوەرە دەکریٚ ئەم تایبەتییانەی خوارەوە بۆ (سەرە) دابنێین :

أ.سەرە پلەیێکی مۆرفۆ سینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیێکی رێزمانییە ، کەبۆ هەموو فرەیزەکە دەگەرێتەوە .

ب.سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەسە شوێن کەوتوەکانی خۆیەوە هەیە .

ج.سەرە لە کەس و ژمارە دا لە گەڵ شوێن کەوتووەکانی خۆی رێك دەکەویٚ (Haspelmath 2002 : 90) .


## ١-٥.ئێکس_بار لەرێزمانی دەسەڵات وبەستنەوە دا :

لە چوارچێوەی رێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە (GB)یدا دەکریٚ هەندیٚ تێبینی تیۆری سەبارەت بە تیۆری ئێکس_بار بخەینەروو .

(رێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە (GB) هەوڵ دەدا لایەنە هاوبەشەکانی نێوان پۆلـە جیاوازەکـانی فرەیـزە لێکـسیکییەکان دەسنیـشان بکـا ، بـە هـۆی کۆکردنەوەیان لە یەك رۆنانی هاوبەشدا ، لە بری ئەوەی بۆ هەر فرەیزێك (نـاوی ، کـرداری ، ئاوەڵنـاوی ، بەنـد) سـەرو رۆنـانیٚ بونیـاد بـنیٚ (Black 1998:5) . وشەی وەکو نـاو ، کـردار ، ئاوەڵنـاو ، پێـشناو کـەتیگۆری لێکسیکین لـەزاراوەی رێزمانـدا ئەمانـە ((سـەرەی رێزمـانی)) پێکـدێنن ، فرەیزەکـان: فرەیـزی نـاویی ،فرەیزی کرداریی ،فرەیزی ئاوەڵناویی ،فرەیزی بەند لە کەتیگۆرییە لێکسیکیەکان Lexical Categories ەوە بەرهـەم دێـن و نـاوی کەتیگۆرییـە لێکسیکییەکە هەڵدەگرن .بۆ چەسپاندنو جێگیر کردنی هەندیٚ لە تایبەتمەندییـەکانی فرەیـز ، کە دەکەوێتە ناخی وردەکارییەکانی سینتاکسەوە و لێکۆڵینەوە لە پێکهاتی فرەیز رێگەیەکە بۆ شارەزا بوونی پەیوەندییە پێکهاتووەکانی ناو رستە ، بەهۆی ئـەوەی

ڕستە لە فرەیز پێکدێ. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بۆ نموونە فرەیزی A لەکەرەسەی B وC پێکدێ وەکو لەوێنەی (23) دا نیشان دراوە :


(23)




کەرەسەی B یش دەکرێ لە کەرەسەی تری وەکو D و E و کەرەسەی C یش.

لە کەرەسەی تری وەکو D , E وکەرەسەی C یش لە F پێکهاتبێ .

(24)





پێکهاتنی فرەیزی ڕستە بەشێوەیێکی هەڕەمی دەبێ ، ئەو یاسایانەی (23) و (24) دەکرێ لەشێوەی $A \rightarrow BC$ ، یان [A BC] بنوێنرێ یاساکانی (23) و (24) لە یاساکانی فرەیز پێکهێنانیش هەبووە ، بەڵام لە تیۆری ئێکس_بار دا لەچوارچێوەی چەمکی دەسەڵات یان حوکمکردن دەنوێنرێ ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر فرەیزێ یان کەرەسەیێ سەرووی درەختەکە بگرێ دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەکانی ژێر خۆیەوە دەبێ (بڕوانە Cook 1997 :134 ) .

لەلایەکی ترەوە تیۆری ئێکس_بار هەندێ کەرەسە دەنوێنێ ، کە لە (XP) واتە فرەیز بچوکترەو لە (X) گەورەترە . XP دەکرێ فرەیزی ناو ، یان فرەیزی کردار ، یان فرەیزی ئاوەڵناو .... بێ، هەروەها تیۆری ئێکس_بار لە ڕووی سینتاکسەوە جیاوازی لەنێوان تەواو کار _Complement و سپێك Specifier


وکەرەسە سەر بارەکان Adjuncts دەکا . کەتیگۆرییەکانی هەمان پۆل دەکرێ بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە لێکبدرێن ، بۆ نموونە :

25. na: twa:ne na binuse na bixwene .

(26)




27. a:so u a:manj




یاسای فرەیز پێکهێنان (PSRs) بۆ هـەموو کەتیگۆریـەکی لێکسیکیX(وX = سەرە) دەبێ بە : یاسای (28) .


XP ⟶ Spec $\overline{X}$

$\overline{X}$ ⟶ X Complement (YP)

یاسـای ژمـارە (28) جـووت بکـرێ لەگـەڵ درەخـتی نواندنـەکان، ئـەوەی دەکەوێتە لای چەپی یاساکە لـە درەختەکـەدا لوتکـە دەگەیـەنێ و پێـی دەوترێ

((دایك Mother )) ، ئەو دوو کەرەسەی دەکەونە لای ڕاستی یاساکەوە بە دوو کچی ئەو دایکە دادەنرێن، دووکچی هەمان ئاست پێی دەوترێ خوشك . لە یاسای ژمارە (29) دا بۆ نموونە ئاستی X دەبێتە دایك بۆ دوو کچی تر ، کە سەرە_Head و تەواو کار (Complement) دەگرێتەوە :

(29)




(S)هێمایە بۆ ئەوە ، کە تەواوکار دەکرێ ڕستە بێ وەکو لە کلۆزەکاندا . بەم پێیە فرەیزی ناوی NP (ناو_N ) ی تێدا دەبێ‌و فرەیزی کرداری VP کرداری تێدا دەبێ ، فرەیزی ئاوەڵناوی (AP) ئاوەڵناوی تێدادەبێ .....، بەم جۆرە بەسەراپا کردنی ئەو ڕاستییەی سەرەوە XP، X ی تێدایە وەکو سەرە ،و ئەوەی لەدوای (X) ەوە دێ مەرج نییە لە پۆلی (X) ەکە بێ ، وەکو ئەوەی کردار دەشێ تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێ ، یان ڕستەیێکی شوێنکەوتوی وەکو تەواو کاری بەدوادا بێ ( بڕوانە 67 : Smith 1999) .بۆنموونە :


30. nustin (inf) [$\phi$__ ]
31. nusi:n (inf) [NP_ ]
32. pis^t ===== bastin (inf) [ __PP__ ]

ڕۆنانی فرەیز جگە لە سەرە " تەواوکار و سپێکی تێدایە :


**١-٥-١ تەواوکار_Complement:** ئەو فرەیزەیە، کە کەتیگۆری لێکسیکی وەری دەگرێ ،یان هەڵیدەبژێرێ . ئەو کردارەی بەهۆی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە هەڵدەبژێردرێ ، تایبەتمەندی ئەو کردارەیە ، کە چ تەواوکارێ هەڵدەبژێرێ . بۆنموونە :کرداری (mird) ناتوانێ هیچ تەواو کارێ وەربگرێ ،

کەچـی کـرداری (xiwa:rd) فرەیزێکـی نـاوی وەکـو تـەواوکار وەردەگـرێ . تەواوکاریش بەپێی ئاستەکان دەبێتە کچی (X) و هەموو بەرکارەکان تەواو کاری کردارن .

(33)





34. ba:lindakay fir^and .




به پێی ئەو ڕاستییەی کەوا یاسا بنجییەکان پێکهاتی بنجی بەرهەم دێنن . بۆ فرەیزێکی کرداری ئەم یاسایانەی خوارەوەمان دەبێ :

(35)




36. $X^{n} \longrightarrow$ = ===== $X^{n-1}$

بەورد کردنەوەی یاساکە

37. VP $\longrightarrow$ (NP)_V

سـەرە و تـەواوکار تـەنیا کـەرت و کەرەسـەنین بـۆ فرەیزەکـان ، بـۆ نموونـە فرەیزی ناوی زۆرجار وشە یان (هەندێجار) فرەیزی پێش دەکەوێ بۆ نموونە (نە، هەندێ ، هەموو...) ئەوە وشانەن کەپێش فرەیزی نـاوی دەکـەون ، یـان فرەیـزی

ئاوەڵناوی وەکو (زۆر ، بەهێمنی ، بەڕەقی ...) بیان پـێش دەکـەوێ .(( فرەیـزی ناوی پێویستی بەکەرەسـەیێ هەیـە بـۆ ئـەوەی فرەیزەکـە تـەواو بـێ)) ، ئەمـەش سپێکی پێ دەڵێن ، کە کورتکراوەی وشەی (Specifier) ە . ئەم کەرەسـانە لـە تەواوکار جیـاوازن لـەوەی پـێش کەتیگۆرییـە لێکسیکییەکان دەکـەون . لـەزمانی کوردیدا (لە فرەیزێکی ناویدا دەکرێ سێ جـۆر سـپێك Spec بـەدی بکـرێ وەکـو ئەم نموونەی خوارەوە :Fattah 1997:195) .

38. har      aw    du:    gul^a .


ئاوەڵناوی تاکبەند    نیشانە    ڕادە    سەرە

دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە لەبـەر چـاوبگیرێ ، کـەوا زمـان بەشـێوەیکی بـەر چـاو جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی ڕیـز بـونی کەرەسـەکانی بەشـێوەی بکـەر_کـردار_بـەرکار (SVO) یـە، کەچـی زمـانی کـوردی سیـستەمی (SOV) دەگرێتە بەر . گەلێ شـێوەی ڕیزبـوونی دیکـەی وەکـو (OSV) و (VSO) یـش هەیە ئەم جیاوازی ڕیزبوونە پاڕامیتەری پێدەڵێن ، ئەم پاڕامیتەرانە دەبنە مایەی ئەوەی زمانەکان لە یاسا گشتییەکاندا (پرەنسیپەکان _Priciples) بـەدەربن ، کۆمەڵێ یاسای تایبەتی بـۆ دیاردەکـانی زمـان لـە یاسـاکانی فرەیـز پێکهێنـان بـۆ زمانەکەی خۆیان دروست بکەن . (بۆنموونە وەکو لـە لێکدانـەوەی ئـێکس_بـار دا بینیمـان ، کـە یـەکێ لـە پرەنـسیپەکانی زمـان ئەوەیـە، کـە هـەموو فرەیـزێ ((سەرە))ی هەیە ، کردار سەرەی فرەیزی کـرداری و نـاو سـەرەی فرەیـزی نـاوی و.... بەوجۆرە . جۆری ڕیز بوونی وشەکانی زمان ئەوەی لێدەکەوێتەوە ، کەوا لە هـەموو زمانێکـدا ((سـەرە)) یـەك شـوێن نـاگرێ ، بـەڵکو بـەپێی ڕیـز بوونەکـە (سـەرە_سـەرەتا....Head_First) ، یـان ( سـەرە_کۆتـا .....Head_Last) دەبـێ ، لـەوەی ، لـە پاڕامێتـەری ((سـەرە _سـەرەتا))دا ، کـە زمـانی ئینگلیـزی دەگرێتەوە سەرە پێش تەواوکارەکەی دەکـەوێ ، کەچـی لـە ((سـەرە_کۆتـا)) دا سـەرە دوای تەواوکارەکـەی دێ (بڕوانـە Smith 1999:82) . بـەو پێیـە هـەر

فرەیزێ لە ژێر دەسەڵاتی تایبەتییەکانی سەرە دان . لەتیۆری X-Bar دا ، XP فرەیزی X پێکدێنێ ، لەو کاتەی X وەکو کەتیگۆریێ بێ . ئاستی کەتیگۆرییەکە پڕاوپڕ نییە بۆ بەدەر خستنی بەشەکانی تری پێکهاتی فرەیز ، بۆ ئەو مەبەستە زیاتر پێویستی بە ئاستی ناوەند هەیە ، بۆ نموونە : لەڕستەی :

39. a. hero ba dast na:n daxwa: .

(b)





دەکرێ Aspect لە کردار جیا بکرێتەوە .

درەختی (39-b) کە سێ لقی هەیە ، بە بەراورد کردنێکی نێوان کردارو فرەیزی ناویی لە لاییێكو پەیوەندی نێوان کرداری (daxwa:) و فرەیزی بەند ( ba dast) لەلاییێکی ترەوە ، ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، کەوا پەیوەندی یەکەم بە

خورتەکییە و پەیوەندی دووەم سەر پشکییە ، ئەم درەختەی خوارەوە چاکتر ڕوونی دەکاتەوە :

(40)





لێرەدا ($\overline{P}$) دەتوانێ لەسەرەی کردار دابڕێ ، ئەو پەیوەندییە خوشکایەتیەش لەنێوان (N,V)دا هەیە لە چوار چێوەی دەسەڵاتی ($\overline{V}$) دایە، بەڵام ڕۆنانی (VP) تاکە جۆری فرەیزە لە سینتاکسی ئێکس_باردا فراوان دەکرێ‌و درێژ دەکرێتەوە بۆ هەموو فرەیزەکان ، ئەمانە هەموویان ئاستی ناوەندییان هەیە ، ئەم ئاستە وەکو تەواوکەری (درێژەپێدەری) کەتیگۆریە لێکسیکییەکان دەناسرێ ، لەگەڵ فرەیزێکدا بەهۆی دەرخستنی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکان لەگەڵ تاکباردا X_ _کەتیگۆریە لێکسیکییەکان هێما بنەڕەتییەکانی (P,A,V,N) ین ،جیاوازی ژمارەی بارەکان ئاماژە کردنە بۆ ئاستی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکە، لە ئاستی فرەیزدایە لە سەرەوەی کەتیگۆریە لێکسیکییە بنەڕەتییەکە . (بار) بە شێوەیێکی گشتی وەکو $\overline{V}$ ، $\overline{N}$ دەنوێنرێ .

بـە پێـی زاراوەکـان ئاسـتی لوتکـە دوو (بـار)ی دەبـێ لـە پـاڵ سـیمای کـە تیگۆرییەکە ، VP دەبێ بە $\overline{\overline{V}}$ ،و NP بە $\overline{\overline{N}}$ و بـەو جـۆرە ....، هـەر فرەیزێکی جووت بار تاکە بارێك و سەرە یێك دەگرێتەخۆ (لە پاڵ سـیما گەتیگۆرییەکـە ) بـۆ نموونـە $\overline{\overline{V}}$ ، ($\overline{V}$ و سـەرە) دەگرێتـەوەخۆ$\overline{\overline{N}}$($\overline{N}$ و سـەرە) دەگرێتـە خـۆ و بـەو جۆرە ئەو پرنسیپە دەکرێ وەکو (41) گوزارشت بکرێ .

41. $\overline{X} \longrightarrow$ ==== X——

X کە سفر بارە دەبێتە سەرە ، ئەم یاسایە ئەوە دەگەیەنێ سەرە ، تەواوکار (Comp)ی یان پێش دەکەوێ یان بە دوادا دێ ، ئەمەش سەراپاکردنە بـە سـەر هەموو زمانەکاندا، کە لەو دوو ئەگەرەی زیاتر لێناکەوێتەوە ،سەرەش زیاتر وەکـو (X) ی بێ بار نەك وەکو (X) سفر بار دەنوێنرێ . لـە هـەر ئاسـتێکدا هێلکـاری VP بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(42)




لە لاییێکی ترەوە پەیوەندی نێوان سینتاکس و لێکسیك بە پتەوی لە بیرۆکەی ئێکس_باردا دەپارێزرێ (V)لەناو ($\overline{V}$)و ($\overline{V}$) لەناو ($\overline{\overline{V}}$) بونیادەنرێ، بە هەمان شێوە سەبارەت بە (N) بۆ نموونە لە ڕستەی:

43.s^wa:naka bilwer ledada:

هەندێ کەرەسە لە لەگەل کەتیگۆری لێکسیکی یەکتر دەگرن کرداری تێپـەڕی ( ledada:) پەیوەندی بە بەرکارەکەی چوارچێوەی (VP) دوە هەیە ،کە وشەی ( bilwer)ە، چونکە وەسفی لێدانەکە دەکا (چی لێدەدرێ؟)، فرەیزەکـە سـەرە

و تەواوکارێکی رێکی تێدایە، کە بە ڕێگەی تایبەتییەکانی سەرە لێك دەدرێتەوە، (تەواوکار – complement )ە کان خۆی لە خۆیدا فرەیزی تەواون، زۆربەی نموونەی فرەیزەکان دەتوانرێ وەکو(سەرە – تەواوکار ) شی بکرێتەوە بۆ نموونە (a:w xiwa:rdinawa) لە سەرەی (xiwa:rdinawa)و NP تەواوکار پێك دێ، ( la hawlerawa ) لە سەرەی – P و hawler NPی تەواوکار پێکدێ. ڕۆنانی ئێکس– بار پێویستی بە ئاستێ هەیە، کە پەیوەندییەکی داخراو لە نێوان کەتیگۆری سفر –سەرە و تەواوکارەکەی بنوێنێ، وای دەربخا کەوا تەواوکار خوشکی سەرەی فەرهەنگییە و بەو حوکم دەکرێ، لە فراوانکردنی X دا بڕوانە یاسای (28) .تەواوکاریش لەکردارە تێپەڕەکاندا بەرکارە . بەپشت بەستن بەپەیوەندیی شوێن لەنێوان سەرە و تەواوکار لەزماندا چوارچێوەی فرەیزی لێکسیکی ڕوون دەبێتەوە .

فرەیزی کردار (VP) سەرەی کردار و تەواوکارێکی دەبێ:

44-bilwer leda:n

فرەیزی ناوی (NP) سەرەی ناو و تەواوکارێکی دەبێ:

45- aw mina:l^a

فرەیزی بەند (PP)سەرەی بەند و تەواوکارێکی دەبێ:

46-ba erada:

فرەیزی ئاوەڵناوی (AP) سەرەی ئاوەڵناو و تەواوکارێکی دەبێ:

47- gul^eki jiwa:n

بەم پێیە شوێنی سەرە دەست نیشانی کەرەسە شوێن کەوتووەکانی خۆی دەکا، لەبەر ئەوەیە پارامیتەری سەرە گرنگیی خۆی هەیە لە سینتاکسی ئێکس باردا، بۆ نموونە، کە دەڵێی زمانی ئینگلیزی ( سەرە – سەرەتا )یە ئەوە دەگەیەنێ کەوا لە (V) دا کردار لای چەپی تەواوکارەکەوە شوێن دەگرێ یان ڕیز دەبێ.

48-buy [abook]

V   Complement

له زمانی کوردیدا که سەره — کۆتایە ڕیزبوونەکە شێوەییێکی تر وەردەگرێ

49. [ kiteb ] dakr^e

کردار/ سەره   تەواوکار

ئەوەی جێی سەرنجە لە زمانی کوردیدا بە وێنەی زمانی ئینگلیزی پێشناو لە فرەیزی بەندا لای چەپی تەواوکارەکەی دەگرێ :

50. On [ the boat ]

51. la [ sar balamaka ]


سەبارەت بە فرەیزی  ئاوەڵناوی وەکو فرەیزی ناوی‌و فرەیزی کردارییە : بۆ نموونە :

kitebaka[ bas^]-a

لەلاییێکی ترەوە هەر چۆن تەواوکار لەگەڵ(X) دا واتە (سەرە) لەسەر یەك ڕاستە هێل کاردەکا ،بەهەمان شێوە Specifier (دیاریکار) لەسەر ڕاستەهێڵی ($\bar{X}$) کار دەکا بۆ نموونە:

52.a- hamu: mina:laka:n

(b)




پرەنسیپی گشتی ئەوەی، کەوا فرەیزی جووتبار، سەرەییێك و ئەگەری سپێك دەردەخا لە (53) ڕوون دەبێتەوە .

53-a. $\bar{\bar{X}} \longrightarrow \bar{X}$ Spec

b. $\bar{\bar{X}} \longrightarrow$ Spec $\bar{X}$

لەزمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ :

$$54.XP \longrightarrow X\ \overline{X}$$
$$\overline{X} \longrightarrow Spec\ \overline{X}$$
$$\overline{X} \longrightarrow Comp\ X$$


## ١-٦ پێکهاتی فرەیزەکان

سەرەتا: بەر لەوەی بچینە سەر باس و چۆنیەتی پێکهێنانی فرەیزەکان، پێویستە باس لە لایەنی مۆرفۆسینتاکس و چۆنیەتی ڕۆناندنی وشە ناسادەکانی زمانی کوردی بکەین، مۆرفۆسینتاکس، زاراوەیێکە لە زمانەوانییدا بۆ ئاماژە کردن بۆ کەتێگۆری یان تایبەتییە ڕێزمانییەکان بە کار دێ، کە پێوەری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی تێدا جێبەجێ دەکرێ،(Crystal1992 : 226). کەتێگۆری گراماتیکی، ئەو چەمکە گراماتیکییەیە، کە دەربڕینە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمان خۆی دەگرێتەوە. هەموو وشەیێ شێوەیێ لە شێوەکانی مۆرفۆسینتاکسی تێدایە، بۆ نموونە، کە باسی ناسیاوی و نەناسیاوی و ژمارە .... دەکەین کۆمەڵێ ناو دێتە پێشەوە، بە هەمان شێوە کە باسی ئەسپێکت و دەمکات و موودەکان دەکەین کۆمەڵێ کردار دێتە ئاراوە. (( مۆرفۆسینتاکس ڕوو بە ڕوو بوونەوەیێکە ، کە لە نێوان مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا، لە ئەنجامی ئەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەدا کۆمەڵێ کەتێگۆری دێتە کایە، کە هەر دوو سیما هەڵدەگرن و گەلێ بۆشایی و کەلێن لە ئاستی ڕێزمانی زمانەکەدا پڕدەکەنەوە (Trask 1993 :176) .

## ١-٧ ئێکس باری وشە ئاڵۆزەکان(ئاوێتەو لێکدراو):

یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیۆری ئێکس بار لە سینتاکسدا ئەوەیە کە ئاماژە بەوە بکا، کە دوا پێکهاتی ناوەوەی کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە( PP (AP, VP, NP لە بنەڕەتدا یەکن، ڕووی جیاوازیشیان لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانەوە سەر هەڵدەدا، بۆ نموونە لەم درەختەی خوارەوەدا:

(55)




به گشتی کردنی ئەو ڕاستیەیە، کەوا هەر فرەیزێ لە سێ توخم ( دیاریکار، سەرە، تەواوکار) پێکدێ ( پێشتر باسکراوە ). ئاستی کەتیگۆرییەکان بە هۆی ژمارەیێ ( بار )ەوە لەسەر (X) دەنوێنرێن. داڕشتنەوەی ئەم یاسایە لەبەر ڕۆشنایی ڕاستییەکانی سەرەوە وا دەکەن دەبێ یاسای ژمارە(56)قەبول بکرێ.

56. $X^{n} \longrightarrow X^{n-1}$

بە پێی ئەم یاسایە:-

هەر کەتیگۆرییێکی سینتاکسی لە هەرەمی ئێکس باردا دەسەلاتی بەسەر کەتیگۆری هەمان جۆردا دەشکێ، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر خۆییەوە .

" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کەوا ئاستی سینتاکس و مۆڕفۆلۆجی بە شێوەیێکی گشتی ئاستی (X) پڕ دەکەنەوە، کە " وشە " دەگرێتەوە، هەندێ لە زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان، کە دەکرێ تیۆری ئێکس بار فراوان بکرێ بۆ ئەوەی مۆڕفۆلۆجیش بگرێتەوە (Scalise1986:187). ئێمە لێرەدا پرۆژەی ( Selkirk ) دەخەینە ڕوو، کە وردتر بۆ ئەم مەسەلەیە ڕۆیشتووە، لای ئەم زمانەوانە وشە سینتاکسییەکان دەبنە جۆرێ لە وشە، یان نزمتر . لەو سیستەمەدا وشەی سینتاکس، کەتیگۆری سفرن ( بەبێ بار ) P,V,A,N و بەو جۆرە، لە داڕشتنە بنچینەییەکانی پرۆژەکەی ( Selkirk ) دا دوو کێشە تاوتوێ دەکرێ.

١. شێوەیێکی هەرەمی دەدا بە ئێکس باری وشەکان.

٢. دارشتنەوەی یاساکان (لەدەرەوەی سیاق) لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا . (Scalise1986:187)

سەبارەت بە خاڵی ( ١)، کە شێوەی هەرەمی دەدا بە ئێکس باری وشەکان، هەرچەند ڕووەو خوار بڕوا ژمارەی ( بار )ەکە کەم دەکاتەوە.

سەبارەت بە خالی (٢)، ئەو میکانیزمە لە بواری ئێکس باری فرەیزی ڕستەکاندا بە کار هاتووە دەخرێنە قالبی مۆرفۆلۆجییەوە، بەم پێیە سێ ئاستمان دەست دەکەوێ:

١. ئاستی ١ یەك وشە ئالۆزەکان.

٢. ئاستی ٠ ( سفر ) وشە سادەکان.

٣. ئاستی −١ سالب یەك ئاستی ئەفیکسەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەفیکسەکان لە ئاستی قووڵدا هیچ شوێنێکیان پێ نادرێ.

ئێمە زیاتر مەبەستمان وشە نادەکانی زمانی کوردییە و جیاوازیش هەیە لە لایەنی دروست بوونیاندا ، وشەی دارێژراو بە هۆی ئەفیکسەکانەوە دروست دەبێ، بەڵام وشەی لێکدراو بە گەلێ ڕێگە دروست دەبێ.

(هەندێ لە مۆرفۆلۆجی زانەکان درەختەکان بە کار دێنن، بۆ دیارخستنی پەیوەندیی نێوان بنج و ئەفیکسەکان، درەختەکان توانایان هەیە پەیوەندییە سیمانتیکیەکان بە ڕێگەیێکی بێ دەنگ بخەنە ڕوو ) ( Martins 2002: 93 ).


بەم پێیە دەکرێ یاساکانی ( Selkirk ) بەم جۆرە بخەینە ڕوو:

57.a- X ⟶ Y X

b- X ⟶ X Y

یاسای ژمارە (57)بۆ ئەفیکسەکانە (گیرەکەکان) ،کە تیایدا (Y)وشە سادەکەیە، Xئەفیکسەکەیە، ئەمەش لەم درەختانەی خوارەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە بۆ نموونە:


(58)




ئەمانەی سەرەوە وشەی داڕێژراون.

شێوەیێکی تری درەختەکان پێشنیاز کراوە بەم شێوەی خوارەوە، بەڵام چۆنیەتی جووت کردنی لقەکانی درەختەکە پەیوەندییە سنیتاکسییەکە دەگۆڕێ بۆ نموونە:

(59)





( ٤٢ – ١ )

لە ڕووی سیمانتیکیەوە هێز بەرە و لای پاشگر ( suf ) ڕادەکیشرێ، بەمەش پاشگر شوێنی سەرە دەگرێتەوە، لێکدانەوەی وشە داڕێژراوەکەی (a)دەبێتە (ناتوانرێ بکرێ )، کە چی لە (b) دا هێز بۆ لای ( kird – کردارەکە) ڕادەکێشێ و واتای وشەکە دەبێتە ( دەتوانرێ نەکرێ )، ئەوەی شایانی وتنە ئەو جووتە هێڵەی لقی درەختەکان، کە لە گرێ(node) ی فرەیزەکەوە بۆ سەرە دەچێ نیشانەی " سەرە " یە لە لایەن ( martin )وە پێشنیاز کراوە.

دەتوانین ئەوە بلێین، کەوا بە پێی جۆری داڕشتنەکە، شوێنی سەرە دەگۆڕێ مەرج نییە هەموو دەم بە لای وشە سادەکەوە بکەوێ، بە تایبەتی لە زمانی


کوردیدا گیرەکی وشە داڕێژ سەر پاکیـان لـە کوردیـدا سـەری وشـە ئالۆزەکـە پێك دێنن و هەر چی تایبەتی خۆیانە سەری دەخەن بۆ هـەموو وشـەکە، ئەگـەر ئـەمان ناوبن ئـەوا وشـە ئالۆزەکـە دەبێتـە نـاو، سـەرە بـە زۆری لای چـەپ دەگرن،بـەلاّم هەندێکیان بەلای ڕاستدا دێن.( محمد معروفوسەباح ڕەشید٢٠٠٥: ٦٢ ) .

(60)




پێشتر وتمان کەوا وشە لێکدراوەکان بە گەلێ ڕێگەی جیاواز شی دەکرێنەوە و دەنوێنرێن، بۆ نموونە بە هەمان میکانیزمی وشە ئالۆزەکان دەکرێ بنوێنرێن، لە نموونەی وەکو lew larzi:n **دا** .

(61)




یان بەم شێوەیەیە :

(62)

a. $N \longrightarrow \begin{Bmatrix} N \\ A \\ V \\ P \end{Bmatrix} N$


b. A ⟶ {N, A, P} A

c. V ⟶ {PV} V

ئەمانە و گەلێ شێوەی تر، بەلاّم هەندێ پێکهاتەی مۆرفۆسنیتاکسی هەن لە زماندا لەگەلّ گەتیگۆرییە ئەرکییەکاندا هاوتا دەوەستن و دەبنە جێکەوتەی مەزن (maximal projection) بەم پێیە نیشانەکانی ناسیاوی نەناسیاوی وڕادە، پەیوەندییێ لە نێوان توخمەکانی ڕستە دروست دەکەن، ئەوەش بەلّگەمان پێ دەدا، ئەمانە وەکو سەرەی ئەرکی بە کار بێنین، لەبەر ئەوە ئێمە بە پێی ڕێزمانی ئێستا فرەیزی دیارخەری ( DP ) لە بری فرەیزی ناوی ( NP ) بە کار دێنین (Fattah 1997:206).بۆ نموونە:

63.a- hana:ri mexos^ .


(b)




یا لە نموونەی :

64.a- wis^ka sa:l^ .

(b)




پۆلە سینتاکسییەکانی تایبەت بە ناو، ناسیاوی و نەناسیاوی، کۆ، پلەی بەراورد و بالاّ و خستنە پالّ و خاوەندێتی و پێشناوەکان و بانگهێشتن دەگرێتەوە، ئەم کۆمەڵە مۆرفۆسینتاکسە لە فرەیزدا سێ شوێن دەگرن ،پاش فرەیزی ناوی و نێوان دەرخراو و دەرخەری فرەیزی ناوی و پێش فرەیزی ناوی ( بروانە ئەبوبەکر عومەر قادر ٢٠٠٣: ٥٨)

## ١-٧-١ پێکهاتی ناوەوەی فرەیزی ناوی بە پێی تیۆری ئێکس بار:

( فرەیزی ناوی ( NP ) لە زمانی کوردیدا، لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە ئالۆزە لە سادەترین شێوەدا وەکو تاکە ناوێ دەردەکەوێ (Fattah 1997:196). بەلاّم لەو قالب و شێوەیەدا نامێنیتەوە، بەڵکو فراوان دەکرێ و گەلێ فۆرمی تر وەردەگرێ، ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆی گۆرینی پولە سینتاکسیەکەی وشەکە، ئەگەر گیرەکی وشە دارێژی بۆ زیادکرا، جاری واش دەبێ هەمان وشە بە فۆرمێکی نوێ دێتە کایەوە، کاتێ کە گیرەکە رێزمانییەکانی دەچێتە سەر.

گەلێك هۆکاری رێزمانی رۆل لە ریز کردنی پێکهاتەی فرەیزەکاندا دەگێرن هەندێکیان دەچنە بازنەی ئەو پارامیتەرانەی جۆری زمانەکە لە رووی ریزبوونی (SOV) بەسەر ئەگەرە رێزمانییەکان دەیسەپێنێ، جاری واش دەبێ جۆری زمانەکە لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە هەندێ راستیی مۆرفۆلۆجی بە سەر رێزمانی زمانەکەدا جێگیر دەکا و دەبێتە تایبەتمەندیی زمانەکە. بۆ نموونە زمانی کوردی ئەو یاسایەی خوارەوە بۆ فرەیزی ناوی ( NP ) قەبول دەکا:

65. head _i_ modifier .

سەرە ی دیارخەر

66. ma:l^ _i_ piya:waka .

یان

67. modifier head .

c^and r^oz^ .

(McCarus 958:93) .

بە پێی ئەوەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیستەمی سینتاکسی (SOV) کار دەکا لەم جۆرە زمانانەدا سەرەی فرەیزی ناوی و سەرەی فرەیزی بەند هەردەم سەرە – کۆتان، کە چی سپێکەکان سەرە سەرەتان، بە دەستکارییێکی کەم لە گۆڕینی ڕیز بوونی سەرە و تەواوکار ( complement ) لە یاساکانی ئێکس بار دا، لەو زمانانەی (SOV)ی ڕێکن یاسای بنجی فرەیز پێکهێنان دەبێتە(Black 1998:14) .

68. $XP \longrightarrow Spec\ \overline{X}$

$\overline{X} \longrightarrow Complement\ X$

بەم پێیە بکەر لە سەرەتا دەبێ و لە شوێنی ( Spec )دا دەبێ، و شوێنی بەرکار دەکەوێتە پێش کردارەوە و شوێنی تەواوکار ( Comp )دەگرێ.

69. mina:l^aka gal^a:kay hal^wara:nd .

بکەر بەرکار کردار

بەلاّم دەکرێ ئەو شێوە و قالبەی خوارەوە بۆ فرەیزی ناوی جێگیر بکرێ،

70. a, draxit ( تاکە ناو )
b, draxit_aka
c, draxta:n
d,draxtaka:n
e,draxtaka:nim

(بڕوانە Fattah 1997: 197 )

سەبارەت بە فرەیزی ناوی لە سادەترین شێوەیدا و بە جێگیر کردنی یاسای

71. $\bar{X}$ ⟶ Comple X

\ لەفرەیزی ناویی(gul^aka) دا

$\bar{X}$ ⟶ Comple X

$\bar{N}$ ⟶ gul^aka

## ۱-۷-۱-۱.شوێنی دیاریکارەکان ( Spec )لە فرەیزی ناویدا:

فرەیزی ناوی جێکەوتەی فەرهەنگی( Lexical Projection ) ناو ( N )ە بە بێ بوونی هیچ کەرەسەیێکی ئەرکی ( Functional Material )لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنی (Spec) لە فرەیزی ناویدا، هەندێ کێشە دێتە کایە، کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە جێناوی خاوەندێتی، خستنە پاڵی ساکسۆنی ( Saxson Genitives )، ئارتیکڵەکان، جێناوی نیشانە، لە فرەیزی (NP)دا شوێنی سپێك ( دیاریکار ) پر دەکەنەوە ( جێناوی خاوەندێتی و خستنە پاڵی سەکسۆنی هاوتان ) ئەو پێشناوانە لە (NP)دا وەکو بکەری (NP) دەردەکەون، بەلاّم فرەیزی خستنە پاڵ دابەشبوونێکی تەواو جیاوازی هەیە لە ڕووی سیمانتیکەوە لە NPدا لەوەی ئارتیکل و جێناوی نیشانە هەیانە(Haegman1999:417) . بەلاّم لە زمانی کوردیدا سێ شوێنی دیاری کراو هەیە بۆ(Specifier) لە فرەیزی ناوییدا کە ئەمانەن .

۱. تاك بەندەکان ( Distributives )وەکو har و tanya:

۲. جێناوی نیشانە ( Demonstratives )وەکو am،ئەوaw

۳. ڕادە (Quantifiers)وەکو hi:c^, tozek,kam,c^and, gis^t, hamu:و ژمارەکان وەکو yak,yakam ( بڕوانەFattah 1997:197)

بێگومان ئەو سێ چاڵەی شوێنی ( Spec )هەر بە خۆڕایی کار ناکەن لە ڕووی ڕیزبوون و پاش و پێش کردنیان، بەڵکو بە پێی ڕێزمانی کوردی لە ژێر سایەی گەلێ کۆتبەند و گونجاندن کاردەکەن بۆ نموونە لە ڕستەیێکی وەکو:

72.*du: aw kur^ a

ڕێگەی پێ نادرێ، بەڵام  ڕستەی ( 73- c-b-a-) لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێ دراوە:

73.a- aw c^and roz^a
b- aw hamu: roz^a:na
c- hamu: aw roz^a saxta:na.


## ١-٧-١-٢.**دیارخەرەکان** ( Determiners ):

دیارخەرەکان، کە لە بازنەی فرەیزی ناویدا کاردەکەن، تایبەت نییە تـەنیا بـە نـاو، بـەڵکو بـە فرەیـزی ناوییـەوە و هـەر دەم کۆتـایی فرەیزەکـە دەگـرن . ئـەو دیارخەرانە دەبنە سەرەی فرەیزی نـاوی، بـە هـۆی ئـەوەی ئـەو سـەرانە سـەرەی ڕێزمـــانین و گیرەکـــە ڕێزمانییـــەکان لـــە چوارچـــێوەی کەرەســـە مۆرفۆسنیتاکسیەکانەوە، ئەو ئەرکە دەگێڕن، لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـەوە بکـرێ، کەوا سەرەی ڕێزمانی جیاوازییەکی بنـەرەتی هەیـە لـە گـەڵ سـەرەی فەرهـەنگی، لەوەی کە سەرەی ڕێزمانی کۆمەڵەیێکی  داخراوان ، زۆری و کەمی پەنا بردنە بـەر ئـەو کەتیگۆرییـە ڕێزمانیانـە بـە پێـی پـۆلی زمانەکـە لـە ڕووی مۆرفۆلۆجییـەوە دەگۆرێ، هەر چونێك بـێ  ( ئـەو گونجاندنـە مۆرفۆلۆجییـەی لـە زمانەکانـدا دێنـە کایەوە لە ڕێگەی گیرەکە ڕێزمانی و وشە داڕێژراوەکانەوە بە وشەکان دەدرێن و لە ڕێگەی بەخشینی فۆرمی نوێ بـە وشـەکەوە) ( Radford 1997:89) بێگومـان ئەو فۆرمە نوێیانەی وشە، ئەرکی نوێی بەدواوەیە.

بە پێی ئەوەی ئەو کەتیگۆرییە ڕێزمانییانە شوێنی ( سپێك ) ییان پێ نادرێ و خۆیان دەبنە سەرەی ڕێزمانی فرەیزەکە، هەر چۆنیش (N)ی جێکەوتەی (N)ە بەهەمان شێوە فرەیزی دیارخەر (DP)  جێکەوتەی ڕێزمانییە و بە(D) سەرە دەکرێ، بە واتای ئەوەی (D) دەبێتە سەرەی ڕێزمانی لە فرەیزی دیارخەری (DP) دا.

لەم درەختەی خوارەوەدا  لە ڕووی پێکهاتی ناوەوەی فرەیزی ناوی لە ژێر ڕۆشنایی ئەگەرەکانی ئێکس باردا  لە زمانی کوردی خراوەتە ڕوو کە تیایدا شوێنی (Spec) و دیارخەرەکانی ڕوونکراوەتەوە:

(74)





75. aw c^and roz^-a saxita:nay xaba:t ma:n .

بە پێی بۆچوونی ( Abney 1987 )، هەندێ جێناوی نادیاری وەکو: (N) hande car) , hande s^it , hande kas) بە هۆی یەکگرتنی سەرەی لەگەڵ کەرەسەی " هەندێ " ئەم پێکهاتە نوێیە لە شوێنی دیارخەر دادەڕێژرێ .(Haegman 1999:480)


76.a- hande kas
b- hande car
c- hande s^wen

(77)





78.a- aw ba:l^inda fri:wa .

(b)





79. a- kira:si bari:n .

(b)



80. a-rol^a ba amaka ka:n .


(b)





ئەوەی ماوە سەبارەت بە فرەیزی ناوی باس بکرێ، بۆچونێکی (Larson) ە کە لە کتێبەکەی ( Abney ) خستویەتە ڕوو سەبارەت بە وەی کەوا ( ی ) ی خستنە پاڵ دەبنە سەرەی دیارخەری ( DP ) و D وەکو ( سپێك ) وەردەگرێ ( Radford1997: 140 ) .

سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکە:

(81)



(82)




## ١-٧-٢ . پێکهاتی ناوەوەی فرەیزی کرداری (VP) وئێکس بار

(( کرداریش هەر وەکو کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی تر لە ناسینەوەدا، زمانەوانەکان پشت بە تایبەتیی و ڕەفتارەکانی کردار دەبەستن، زیاتریش، ڕەفتاری مۆرفۆلۆجی کەتیگۆری کردار، کە ئەویش ( کات – Tense ) و (ئەسپێکت – Aspect ) و (کەس و ژمارە – Person and Numbers ) دەگرێتەوە ( Finch 2000:129 ). ئەو سیمایانەش زیاتر سیمای مۆرفۆ سنیتاکسین، بەم پێیە ( VP ) کەتیگۆرییێکی سنیتاکسییە، تیایدا کردارەکە وەکو سەرە، و تەواوکاری تیایدا دەردەکەون، لە هەندێ شیکردنەوەدا سەربارەکان – Adjuncts یش دەردەکەون، لە لاییێکی ترەوە بوونی کردار وەکو کەرەسەیێ یان وەکو VP بوونی هەیە، هەندێ بۆچوون لەسەر ئەوەیە کەوا VPبە گشتی لە هەموو زمانەکاندا نییە، بەڵکو تەنیا لە زمانە شێوەسازییەکاندا – Configurationهەیە، ئەو زمانانەی کە ڕیزبوونی کەرەسەی سنیتاکسی OSV و VSO دەگرێتەوە ( بڕوانە Trask 1993:298)

زمانی کوردی بە هۆی ئەوەی لە زمانی ( SOV ) یە، بکەر لە سەرەتاوە لە شوێنی ( Spec ) دا دەبێ، بەڵام بەرکار لە پێش کردارە و لە شوێنی تەواوکار Comp ە وە دێ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی پارامیتەرەکان، کە تایبەتمەندی زمانەکانن ڕێ دەدا دەسکاری ڕیزبوونی کەرەسەکان بکەین. لێرەدا کردار کە سەرەی فرەیزەکە دەگرێ و بەو ڕاستییەی پارامیتەرەکە، ئەم یاسایەی خوارەوە دەکرێ بۆ زمانی کوردی شیاو بێ:

83. XP ⟶ Spec $\overline{X}$
$\overline{X}$ ⟶ Comple X

VP لە زمانی کوردیدا بە خورتەکی NP یێکی وەکو تەواوکار Comple دەبیٚ، بەلاٌم هەموو دەم تەواوکاری pp بە خورتەکی نییە.

84.min kitebakam ba hal^o baxs^i: .
spec NPComple-1 PP Comple-2 V

دەکریٚ لەو ڕستەدا دەسبەرداری ( ba hallo ) بـین بـیٚ ئـەوەی ڕسـتەکە لـە ڕێزمانێتی کەم کرێتەوە. لە ڕستەی ( 84 ) دا بکەری ڕسـتەکە شـوێنیSpec ی VPی گرتۆتـەوە، لـە هەنـدیٚ پێکهاتـەدا بـە پێـی ئـەوەی کەرەسـە دەتـوانیٚ لـە شوێنێکی خوارەوە بۆ سەرووتر بجـولیٚ بکـەر لـە شـوێنی دیاریکـار Spec ی VP دەجولیٚ بۆشوێنی Spec ی ( IP ) ( بروانە Radford 1997: 153 ).

کـردار هــەولٚ دەدا لەگـەلٚ بکـەری ڕسـتەکە لـە ڕووی کـەس و ژمـارەوە ڕێـك بکەویٚ، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر گیرەکـە ڕێزمانییـەکان، چـەندی پـەنا بردنە بەر ئـەو گیرەکانـەش بـە پێـی جـۆری زمانەکـە دەگـۆڕیٚ ، ( Baker ) ڕای وایە، کەوا ( بۆ نموونە ) زمانی ئینگلیزی لە چاو زمانەکانی تر تا ڕێژەیەك گیرەکی ڕێزمانی کەمە، هەندیٚ زمان زۆریان هەیە بۆ نموونە(Swahili) کە زمانی بانتویە لە ڕۆژهەلاٌتی ئەفریقیا گیرەکی ڕێزمانییان زۆرە (Radford1997:153).

لە کرداردا ڕەگ – Root هەلگری چەمکی ڕووداوەکەیە و هەموو مۆرفیمەکانی تر لە دەوری ئەودا کۆ دەبنەوە، گیرەکەکان ( وشە داڕێژ و ڕێزمانی) ڕۆلٚیان هەیە لە گۆڕین و بەخشینی ئەرکەکاندا، ڕیزبوونی گیرەکەکانیش بە دەوری ڕەگی کردار یان قەدەکە لە زمانی کوردیدا بە پێی یاسا و ڕێگەپێدانی زمانەکەیە. بۆ نموونە، لە ڕیزبوونی گیرەکە پاشگرەکاندا گیرەکی و شەدارێژ لە ڕەگ و بنجەوە نزیکترە ( بروانە صباح رشید ٢٠٠٠: ٥٧) کەچی لە ڕیزبوونی گیرەکە پێشگرەکاندا، ئەم یاسایە گۆرانکاری بەسەر دادیٚ بۆ نموونە:

85. bax - c^a - ka
وشەداڕێژراو گ.ڕێزمانی

86. hal^ da c^u:

ڕێزمانی وشەداڕێژراو

ئـەم ڕیزبوونـەش دەچـێتە ئاسـتی ئـەو بـیرو بـۆ چـوونەی، کـەوا هەنـدێ ڕێزماننووس ئەو پێشگرانەی ( هـەڵ، دا، ڕۆ ... ) بـە گیرەکـی ڕێزمـانی دادەنـێن، ئەو کاتە وشەداڕێژ هەردەم لە بنجەوە نزیکتر دەبێ.

( کردار لە زمانی کوردیدا ئاڵۆزە جا لە ڕووی پێکهاتی نـاوەوەی یـا دەرەوەی بە هۆی مۆرفیمە بەندەکانـەوە ڕۆنـان دەنـرێ، قـەد، کـە لەگـەڵ مـۆرفیمی کاتـدا یەکی گرتووە بچووکترین ناوەڕۆکی کردار پێك دێنێ ( Fattah1997: 208 ) بۆ نموونە

87. <u>bir</u>____<u>d</u>_____im

کەسی یەکەم کاتی ڕابردو قەد

بە لای چەپیقەدەوە دەکرێ سێ سەرەی ڕێزمانی پێش بکەوێ:

88-<u>r^a:</u> __ <u>na</u> __ <u>da</u> __ <u>wasta</u>:

قەد ئەسپێکت نەفی پێشگر

بە هـەمان شـێوە دەکـرێ قـەد بـۆ لای ڕاسـتیش فـراوان بکـرێ ، ئەمـەش بـە ڕائی(د. محمد معروف) حەوت پاشگری بە دوادا دێ ( مەرجیش نییە هەموویان بە یەکەوە بێن ( هەمان سەرچاوە )

D E F G

Stem - Tense – Applicative – Paraticple – Passive – Conditional – Marker

ئینشائی a:ya نادیار r_ تەواو u: ناوی بەرکار a:w-

H I G

Agreement Marker – Additive Suffix – Iterative Suffix

ڕێکەوتن ئیزافە دوپاتبوونەوە،ڕووکار

-(i)s^ -awa

ئەم گیرەکانە، کە بە پاش و پێشی قەدەکانەوە دەنوسێن لە ڕووی بەهای ڕێزمانییەوە وەکو یەك نین، بۆ نموونە ئەسپێکتەکان، کە وەکو پێشگر بە پێش قەدەکەوە دەنوسێن ناوەڕۆکێکی دەمکاتی تێدایە و بە پێی جۆری قەدەکە ئەرکەکەی دەگۆرێ، بۆ نموونە ڕۆڵی ئەسپێکت لە ڕانەبردوو، و ڕابردووی بەردەوام جیاوازە و لە پێوەلکانیدا دەوری قەدەکە بەرنادا بۆ نموونە:

89.da xawtin ڕابردووی بەردەوام

90.da xawin ڕانەبردوو

لە ڕووی ئەرك و واتاوە جیاوازن، بەلاّم لە هەردوو حالەتدا ئەسپێکتی ( da ) بە قەدەکەوە نوساوە، بەلاّم لە نووسەکەکاندا ( Clitics ) کە ڕۆلی ڕێکەوتن دەبینن و بە هۆی ئەوەی مۆرفیمی چالاکن بە پێی کەرەسە و هەڵویستی ڕستەکە شوێن گۆرکێ دەکەن بۆ نموونە:

91.na:nakam xiwa:rd

92.nam xiwaird

93.pem na xura:

هەموو دەم نابنە لکێنراوی قەدەکە.


جۆری کردارەکە دەسەلاّتی بەسەر ئەوە دادەگیرێ، کەوا ( NP ) لە ( VP ) یدا سەرپشکی بێ، یان فرەیزی بەند ( pp ) تیایدا سەرپشکی بێ، بۆ نموونە، کرداری s^ika:ndو s^ika: لەم ڕستانەی خوارەوە بەراورد بکە .

94.a- ema dastima:n s^ika:.

b- eme dasti xoma:nma:n s^ika:nd .

دەستمان لە ( a )دا بەشێکە لە بکەری ڕستەکە، کە ( ema )یە، بۆیە دەستمان دەبێتە بکەر بە هۆی ئەوەی کردارەکە تێنەپەرە، بەلاّم لە ( b ) دا بە پێچەوانەوە کرداری s^ika:nd کردارێکی تێپەڕە و پێویستی بە بەرکارێك هەیە و ( dastima:n ) لە بکەر دادەبڕێ و ڕۆڵی بەرکارەکە دەگێڕێ. ( بروانە محمد محوی ۲۰۰۱: ۸٤ ) .

(95)




سەبارەت بە ( pp ) لە فرەیزی کرداریدا دیساوە سەرپشکییە و هەموو دەم کردارەکە داوای ناکا بۆ نموونە :

96-min kitebaka m ba a:za:d fros^t .
(PP)

بەم پێیە یاسای کردارێکی تێپەڕ و تێنەپەر لەو چوارچێوەیە کۆ دەبنەوە:

97. XP → spec $\bar{X}$
$\bar{X}$ → complement X

بەواتای

VP → spec $\bar{V}$
$\bar{V}$ → (NP) V (PP)
$\bar{V}$ → (NP)(PP) V


ئەمـەش ئەگـەرەکانی ڕیزبـوونی کەرەسـەکانی ڕسـتەی کـوردی دەگرێتـەوە لەوەی:

98. min kitebakam baxs^i ba a:ra:m .
99. min ketebakam ba a:ra:m baxs^i .

مەبەست لەوەی کردار لە ڕووی پێکهاتەی ناوەوە یـان دەرەوە ئەوەیـە، کـەوا کردار لە ناوەوەش فراوان دەکرێ و لە دەرەوەش، سەبارەت بە فراوانکردنی کردار لە ڕووی ناوەوە، ئەو گیرەکانەیە، کە دەچنە سەر قەدی کردار چ بە لای ڕاسـتدا و چ بە لای چەپدا، بەڵام مەبەستمان لە فراوانکردنی کـردار لـە پێکهاتـەی دەرەوەی ئەوەیە، کەوا ئەو کەرەسانەی دێنە جغزی فرەیزە کردارییەکەوە و بوونیان بەنـدە بە بوونی کردارەکەوە لێرەدا کەرەسە سـەرەکییانەی لـە چوارچـێوەی ( VP ) دا


شوێنی تەواوکار ( Complement ) بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناراستەوخۆیە، ئەوەی شایانی وتنە، کەوا بەرکاری ناراستەوخۆ بە هۆی پێشناوەوە ( پریپۆزیشن ) دێتە کایە، ئەم درەختەی خوارەوە شوینی ڕاستەقینەی بەرکارەکان لە فرەیزێکی کردار ( VP ) یدا دەخاتە ڕوو.

(100)




101.a- min aw hawa:l^am ba aw gaya:nd .
spec po so V
b- min aw hawa:l^am gaya:nd ba aw .

(102)




به هۆی ئەوەی ئەگەری دووبارە بوونەوەی بکەر، یان دوو بەرکار لە زمانی کوردی ڕێگەی پیێ دراوە دەکرێ جێکەوتەی کردار لە زمانی کوردیدا ( V ) بیێ،بۆیە ڕێگەی دووبارە بوونەوەی پیێ دەدری وەکو لە نموونەی ( a-b ) دیارە، ئەگەر جێکەوتەی کردار (S) ڕستە بوایە شوێنەکان جێگیر دەبوون و دووبارە نەدەکرانەوە (هەمان سەرچاوە ٨٤ ).

گرنگترین فراوانکردنەکانی تیۆری ئێکس بار، فراوانکردنـی پرنـسیپەکانی پـۆلی ناوەکی بۆ پۆلی داخراوی کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان بوو بـۆ نموونـە وەکـو ئـامرازە لێکدراوەکان comlementizers پۆلی کـرداری سـنوردار و پـۆلی دیارخـەرەکان، کـــە ئەمانـــەش بـــۆ پـــۆلێکی وردتـــر بـــە نـــاوی کـــەتیگۆری ئـــەرکی FunctionalCategories ، ئەمانـەش پـۆلێکی داخـراوی وشـەئەرکییەکانن – Functional Words، کە جیاوازن لە وشە فەرهەنگییـەکان، ئەمـەش بـە پێـی زمانەکان جیاوازییان هەیە ، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا I کە وەکـو "ئـەنفل " دەخوینرێتـەوە، کـەتیگۆری کـات ( زمـن )ە و C کـەتیگۆری ئـامرازی لێکـدەرە Complementizers ، کەچی D کەتیگۆری دیارخەر Determiner، نیشانە، Demonstrative، جێناوەکـان Pronouns هـەر یـەك لەمانـە دەبنـە سـەرەی جێکەوتەی ئەو فرەیزە وەکوDP,CP,IP, ( بروانە Bresnan2000:99 )

لـە ڕاسـتیدا مۆرفیمـە ڕێزمانییـەکان دەبنـە مایـەی دروسـبوونی ئـەو دەسـتە کەتیگۆرییـە کـە بـە نـاوی کـەتیگۆری ئـەرکی نـاو دەبـرێن، ئـەو شـێوە مۆرفۆسینتاکسییانە دەبنە مایەی دروست بـوونی هەنـدێ کەرەسـەی سـەربار لـە نێوان کەرەسـەکانی تـردا و دەبنـە تـەواوکاری ئەرکـە سینتاکسییەکانی کەرەسـە سـەرەکییەکان، بـۆ نموونـە گـەر باسـی مۆرفۆسینتاکسییەکانی کـرداریش بکەنـە دەستەیێکی فراوانـی وەکـو ئەسـپێکتەکان و ڕووکارەکـان_mood و نـەکردن.... گەلیێ مۆرفیمی ڕێزمانی تر بە ئەرکی جیاوازەوە لە دەوری کـردار کـۆ دەبنـەوە و هەندێ کەرەسەی سەربار دروست دەکەن.

بۆ نموونە سەبارەت بە مۆرفیمەکانی ڕووکار _ mood

(103)





مۆرفیمی (ب) بە پێکهاتەی ( هاتبایە )وە دەنوسێ ( بروانە محمد معروف و سەباح ڕەشید٢٠٠٦ :٣٧ )

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ڕستەیێکی وەکو:

104.a-mina:l^aka ba a:wakada: c^u: .

(b)




یەکەم کەتیگۆری ئەرکی ( Functoinal Category )کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، کەتیگۆری دیارخەری ( Determiner ) هەندێ جار بە D

یان DET کورت دەکرێتەوە ( ەکە، ێك، جێناوی نیشانە، جێناوەکان، ڕادە،بە گشتی هیمای D هەڵدەگرن )

سـەبارەت بـە ئـامرازە لێکـدراوەکان Complemetizers لـە ژێـر گرێـی (Comp ) بـە دیـار دەکـەوێ ، ئەمـەش جـۆرێکی تـری کـەتیگۆری ئەرکییـە C سەرەی CPییە، هەروەهاCP تەواوکاری کردارە، ڕۆنانەکە لە سادەییدا بەرامبـەر ڕۆنانی تەواوکاری NP دەوەستێ ئەم یاسایە بۆ CP پێشنیاز کراوە

(105)

ڕستە، تەواوکار

a-CP ⟶ Comp S

پێویستمان بە یاسایێکی تری VP هەیە


b-VP ⟶ V CP

c-VP ⟶ V(NP)(PP)(CP)

شوێنی C لە کوێوە دەچێتە ناو ڕستەکەوە؟ C لەگەڵ IP یەکدەگرن بۆ دروست کردنی (Complementizer Phrase (CP ).

سەبارەت بەکەتیگۆرییە ئەرکییەکان (FC) کەسیمای گراماتیکی وەکو کەس و ژمارە و ئەسـپێکت ...ی. هەیـەو تـەنیا ئـەو جـۆرە کەتیگۆرییـە پارامیتـەرییان هەیە 1997:347 (Cook) ( .


(107) a-




b.min ros^tim ka aw ha:t .

108.a-hande kas c^a:waret dakan la we .


(b)




چومسکی ١٩٩٣ و هەندێ لە زمانەوانەکانی تر گریمانەی ئەوەیان کرد، کەوا لە پاڵ ئەوەی کە کلۆزە داخراوەکان یەك " سەرەی " ی ڕێزمانییان هەیە، بەڵام ئەو کلۆزە داخراوانە دەکرێ سەرەی ڕێکەوتن Agr و سەرەی کات Tense دوو سەرەی جیاوازبن و جێکەوتەشیان دوو جێکەوتەی جیاواز دەبێ و ئەوەشیان ڕوون کردنەوە کەوا سەرە Agr شوێنێکی بەرزتر لە شوێنی Tense دەگرێ ( Radford 1997: 226)

109.min pana:m bo aw bird.

(b)





## ١-٧-٣.پێکهاتی فرەیزی ئاوەڵناو لە ئێکس باردا:

ئاوەڵناو جۆرێکی وشەیە، کە ئەرکی سەرەکی وەسفکردنی ناوە، و بە زۆری لەگەڵ فرەیزی ناوی بە دیار دەکەوێ، بەڵام لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەش بە دەر دەکەون، ئاوەڵناو وەکو سەرەی فرەیزی ئاوەڵناوی کار دەکا (Crystal 1992:8) .

ئاوەڵناو لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە وەکو پلە و بەهای وشەسازی بە پلەی سێیەم دێ، هەندێ جۆری ئاوەڵناو دەتوانێ لەگەڵ پاشگری ( تر ، ترین )، کە پلەی بەراورد و باڵا دەنوێنن، یەکتر بگرن بۆ دروست کردنی جۆرێ لە فرەیزی ئاوەڵناوی ئەو دوو پلەی ئاوەڵناو بەوە کۆتبەند کراون أ- هەر دووکیان پێکەوە لە فرەیزێکدا دەرناکەون و ب- پلەی بەراورد ( تر ) دەبێت بۆ بەراوردکردنی پلەی ئاوەڵناوییەکە لە نێوان دوو شت یان دوو دەستە بێ،کەچی پلەی باڵا هەڵکەوتنی شتێ لە ناو کۆمەڵێکدا نیشاندەدا، بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ، کە سنوور تێکەڵییەك لە نێوان ئەرکەکانی ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار دێتە کایەوە، دیارترین ڕێگە بۆ جیاکردنەوەیان لەوەدایە ، کە ئاوەڵناو پەسنی ناو دەکا و ئاوەڵکردار پەسنی کردار دەکا ( بە بێ چوونە ناو وردەکارییەکانەوە ) لێرەدا کێشەیێکی تر دێتە

کایەوە بە هۆی ئەوەی کەوا، ( ەکە ) ی ناسیاوی ئاوەڵناوەکە و سەرەی ناو لە (DP ) دا ناسیاو دەکا ، بۆ نموونە:

(110)




لێرەدا ( A ) دەبێتە سەرەی ئاوەڵناوی و NP وەکو ( Comp ) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ .

ئاوەڵناوی گوزارە لە زمانی کوردیدا بە پێش کاری ( بوون ) دەکەوێ، بۆ نموونە:

111. a- aw a:za:(y)a　　c- aw a:za: bu:
b- aw mand – a　　d- aw mand bu:

یەکێ لەو ( Comp )انە بە پێش ئاوەڵناو دەکەوێ (Comp ) ی بەراورد، ئەو کاتە دەردەکەوێ، کە ئاوەڵناو دەچێتە پێکهاتەیێکی بەراوردی (Fattah1997:221).دیسانەوە لێرەدا ئاوەڵناوەکە پێویستی بە کاری بوون هەیە.

112.la aw z^i:rtir bu:

لە پلەی باڵادا هەندێ ئەگەری تر دێنیتە ناوەوە بە بێ پێشناو:

113. a- pol^a: a:za:tiri:n kasa .
b- pol^a: la hamuya:n a:za:tir ( bu: ) .


له پاڵ کرداری بوون هەندێ کرداری تریش هەن له ڕۆنانی فرەیزی ئاوەڵناویدا ڕۆڵ دەگێڕن وەکو: hal^gar^a: ، dac^etawa ، kawit ( بروانە Fattah 221) بۆ نموونە:

114. aw na:wa ras^ dac^etawa .


115. la s^arma:na: su:r hal^gar^a: .

( zor ) و ( galek ) دەبنە ( spec ) له فرەیزی ئاوەلناوی، بۆ نموونە:

(116)




(117)



## ١-٧-٤ .پێکهاتی فرەیزی بەند وئێکس بار

فرەیـزی بەنـدیش جـۆرێکی تـرە لـەو فرەیـزە کەتیگۆرییانـەی کـەوا خـاوەن تایبەتی خۆیەتی و بە پێی زمانـەکان ئەگـەرەکانی سـنووردار دەکـرێ، هـەر چۆن فرەیزێ سەرەیەك لـە هـەمان پۆلـە سنیتاکسیەکەی خۆیـدا هەڵدەبـژێرێ فرەیـزی بەندیش ( PP ) سەرەیێکی پێشناو ( P ) ی دەبـێ، ئـەو" سـەرە"ش لـە ئاسـتی خۆیدا تەواوکار ( Complement ) ێ بۆ خـۆی هەلدەبـژێرێ. بە پێـی ئـەوەی زمانی کوردی لە زمانـەکانی ( SOV )یـە دەبـێ ( هـەردەم سـەرە لـە ( pp ) دا سـەرە کۆتـا بـێ و ( Spec ) سـەرەتا بـێ ،بـەلاّم ئـەم ڕاسـتییە لـە بازنـەی پرنسیپەکانی ئەم جۆرە زمانە دەردەچێ و دەچێتە چوارچێوەی پارامیتـەرەکانی زمانی کوردی و سەرەی فرەیزی بەند سـەر – سـەرەتا دەبـێ و لـە دوای خۆیـەوە تەواوکارێ ( Comp ) بۆ خۆی هەلدەبژێرێ. پێشناوەکانی زمانی کوردی بریتییە لە ( la، ba، bo، ta: )کەواتە ئەرکی پێشناوەکان ئەوەیە سەرەی ڕێزمانی فرەیز دروست دەکەن و ڕۆل بە تەواوکارەکانیان دەبەخـشن، دەبـێ ئـەو تێبینییـەش بـە هەنـد هـەلگرین لـە پـالّ ئـەوەی فرەیـزی بەنـد لـە ڕسـتەیێکدا دەبێتـە تـەواوکار (Complement ) بـۆ فرەیزێکـی کـرداری، بـەلاّم خۆیـشیەوەکو فرەیزێکـی سـەربەخۆ سـەرەی ڕێزمـانی هەیـە و ئـەم تـەواوکار ( Complement ) انـەی خوارەوە شی دەبێ.

فرەیزە ناوییەکان ( NP ) .... ئەمەیان بلاّوترین جۆری تەواوکاری فرەیزی بەندە

118. la baxc^akada: nustiu:wa .

ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە فرەیزە پاشگرێکی ڕاسـتەوخۆ وەردەگـرێ بـۆ هاوکـاری و تـەواوکردنی ئەرکـە سنیتاکسی و سـیمانتییکەی پێـشناوەکە، لەبـەر ئەوەیە کە ئەو پێشناوە بە شێوەی ( لە – دا ) دەنوسرێ. جگـە لـە پاشـگر(– دا – :da ) پاشـگری – ەوە – awa )ش هـەمان ڕۆلّ دەبینـێ بـەلاّم لـە هەنـدێ ناوچە زاردا ( ba ) دەگۆرێ بۆ ( da ، wa ) .

119. da gal^im kawa
120. wa gal^im kawa

له هەندێ هەڵوێستی پراگماتیدا دەگۆڕێ بۆ ( r^a ) .

121. r^adu:i kawa

هەمان پاشگری ( awa ) بە پێی پێشناوەکەی واتاکەی دەگۆڕێ، بەڵام هەمان ئەرکی سنیتاکسی دەبێ .

122. ba ma:l^awa dem    لەگەڵ ماڵەوە

123. la ma:l^awa dem    خاڵی دەست پێکردن

٢– هەندێ پێشناو فرەیزێکی بەند وەکو تەواوکار بۆ خۆیان وەردەگرن وەکو

124. ta: diwa:y niwas^aw
P PP

٣– هەندێ ئاوەڵکرداری ( شوێنی – Locative ) و ( کاتی Temporal ) دەبنە تەواوکاری ( Comp ) پێشناوەکان بۆ پێکهێنانی فرەیزی بەند ( pp ) وەکو:


125. la bin da:raka:n
126. la kana:r a:waka
P PP

٤– فرەیزی ئاوەڵناوی دەبنە تەواوکار ( Comp ) بۆ پێشناوەکەیان بۆ فرەیزی بەند.


127. ba zi:rakim da:dana:y
P Adj P

لەگەڵ ئەوە پێشناوەکان بە گشتی تاکە تەواوکارێ وەردەگرن، بەڵام جاری وا دەبێ پێشناوەکە دوو (Comp ) وەردەگرێ ( بروانە Fattah 1997: 226 ) .

(128)


PP
P
P
Dir
ba
ma:l^
awa
P
Comp
پاشگری ڕاستەوخۆ

(129)


PP
P
Spec
P
NP
dir
Zor kas
la
aw xal^aka:na
(da:)

# بەشی دووەم
# *Case Theory* – تیۆری دۆخ

## ٢-١. سەرەتا / گەشە و گۆڕان:

زمـان وەکـو دیـاردەیێکی پەیوەسـت بـە ژیـانی مرۆڤـەوە و بـە پێـی لێکۆڵینەوەکان و لە سەر بنـەمای ( ئـابوری زمـان )،هـەموزمانێ بـەرەو ئاسـان بـوون دەڕوا و بـاجی ئـەو ئاسـان بوونـەش لـە دەسـتدانی هەنـدێ لـە دەنگـەکانی زمانە(زمانیش لەبەر ئەوەی هۆییێکی لە یەکتر گەیشتنە، بە بۆچۆونی Jespersen دەکەوێتە ژێر کاریگەری گەشە سەندنێکی سروشـتییەوە، کـە شـێوە و ڕیـز بوونـە ڕێزمانییەکەی دەگرێتەوە. ئەو گەشە سەندنەی زمان بەرەو ئاسـان بـوونی دەبـا ، بۆ ئەوەی زمان بەردەوام بێ لە هەموو قۆناغەکاندا و بگاتە بارێکی وا، کە زۆرترین چالاکی زمانی بە کەمترین وزە ئەنجام بدا . Jespersen ئەوەشـی ڕەت کـردەوە کە ئەو گەشە سـەندنە، کـە هەنـدێ جـار دەبێتـە مایـەی لـە دەسـتدانی نیـشانە و سیمای دۆخەکان بە دابەزینی ئاسـتی زمانـەکان لـە قەلـەم بـدرێ ( میـشال زکریـا ١٩٨٣ : ٢٧٨ ) بەم جۆرە گۆرانکارییە شـێوە سـازییەکانی زمـان، ئەگـەر چـی لـە ڕواڵەتدا تایبەتمەندیی دەنگییان پێوەیـە، بـەڵام ئـەو دیـوی دەنگـەکان ئـەرکی ڕێزمانیی تێدا بەدی دەکرێ. ئەم گۆرانکارییەی فۆرمی وشەکان گۆڕان لە شـێوەی ڕیز بوونی کەرەسەکان دێنیتـە کایـە. (بـۆ نموونـە لـە زمـانی ئینگلیـزی کۆنـدا لـە دەستدانی پاشگری دۆخ لەگەڵ ئەو یاسایانەی ڕۆڵ لە ڕیز بوونی وشەکاندا دەبینن پێکەوە ڕوویان داوە (From kin 2003 : 207 ).

ئەمەش بە هۆی ئەوەیـە ئـەو پاشـگرانەی بـە کۆتـایی ناوەکانـەوە دەنوسـان ئاماژەێی بوو بۆ پـەیوەندییە واتاییەکانی ناو ڕسـتە، واتـە بەشـێ لـە پـەیوەندییـە سنیتاکسیەکانی دەگرتە ئەستۆ، بەمەش لەگەڵ یاساکانی ڕیز بوونی کەرەسـەکان

له ڕستەدا له ڕووی ئەرکەوە تەواوکەری یەکتر بوون. له ئینگلیزی نوێدا ڕیز بـوونی وشەکان له نێو ڕستەدا بەشێ له ئەرکی پاشگری دۆخەکانیش جێبەجێ دەکا.

ئەمە وای کرد سیستەمی ڕیز بوون لـەئینگلیزی کۆنـدا کـە SOV بـوو ببێتـە SVO له ئینگلیزی نوێدا. له لایێکی ترەوە زمانەوانەکان وای بۆ دەچن، کـەوا بـە پێی ڕەوتی مێژوویی زمان (زمانـەکانی جیهـان بـە نێـو دوو پـۆلی سـەرەکی زمـان دابەش دەبن، ئەمەش بە پێی چەندێتی هەبونی مۆرفیمە بەندەکان لـە زمانەکـەدا، زمانە لێکدراوەکان Synthetic Language، کە فۆرمی بەندییان زۆرە و زمانـە شـــیکراوەکان Analytic Language کـــە فـــۆرمی بەنـــدییان کەمـــە (Bloomfield 1969 : 207 ). هەموو زمانـەکانیش سـەرەتا لێکـدراو بوونـە و بەرە و جۆری دووەم ڕۆیشتوون، واتە بەرەو کـەم بوونـەوە و لەدەسـتدانی فۆرمـە بەندەکان، ئەم فۆرمە بەندانەش بە زۆری نیشانەی دۆخەکان دەگرێتەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ زمانـەکان زۆربـەیان خـاوەن فـۆرمی مۆرفۆلـۆجیی دۆخ بوونە دواتر لە دەستیانداوە. پاشماوەی دۆخ لە زۆربەی زمانەکان بەڵگەی ڕاسـتی ئـەو بۆچـوونەن. بـۆ نموونـە لـە زمـانی کوردیـدا پاشمـاوەی دۆخ بـە پێـی زارە جیاجیاکان و بە ڕێژەی جیاواز بەر چاو دەکەوێ، هەروەها ( زمانی عەرەبیش لـە چـاو زار وزمانـەکانی تـری دورگـەی عـەرەب و دەوروبـەری لـە هـەموویان زیـاتر دیاردەی دۆخی پاراستووە. بۆ نموونە دۆخ ( حالات الاعـراب) لـە زمـانی ئـارامی و زارە سیریالیەکاندا نەماوە و لە زمانی عیبری کەم بۆتەوە، لە بابلی کۆندا دۆخ سێ نیشانەی هەبووە و کـەم بـۆ تـەوە بـۆ دوو نیـشانە( بڕوانـە گاصـد یاسـر ١٩٨٧ : ١٢٩).

ئەوەی باسکرا ڕەوتی لە ناو چوونی دۆخەکان بوو، لە ناوەڕۆکیشدا ئاماژەیـە بۆ هەندێ هۆکاری دەرەوەی زمـان ( وەکـو کتێبـە ئاسمانییـەکان ) لـە پاراسـتنی زمان و بێبەشـکردنی لـەو گەشـە و گۆڕانـە، لـە پـاڵ هەنـدێ هۆکـاری تـری وەکـو دەسەڵاتی سیاسی و دوورە پەرێزی زمانەکە ( وەکو کرمانجی سەروو، هـەورامی ) لەگەشە نەکردن و پاراستنی فۆرمە بەندەکانی زمانەکە.

ئـیبن خەلـدون لـەو بارەیـەوە دەڵـێ ( ئـەو بزوێنـە ( حرکـات )انـەی کـە لای ڕێزماننووسەکان بە دۆخ (الاعراب ) ناو دەبرێ، بـە هـۆی تێکـەڵبوونی عـەرەب بـە

غەیری خۆیانەوە گەندەڵی (فساد) ێكیان كەوتۆتـە نـاو، كـە بۆتـە مایـەی ئـەوەی ئاخاوتن بە شێوەی ڕاست بە كار نەیەت (ابن خلـدون ١٩٨١ : ٤٥٤ ) ، دەكـرێ لـە نـاو چـوونی ئـەو فۆرمـە بەندانـەش وەكـو پێـوەرێكی گەشـە سـەندنی زمانەكـە وەربگیرێ، بۆ نموونە لە زاری كرمانجی سەروو تا ڕێژەیێكی بەر چـاو نیـشانەكانی دۆخ ماون و لە شێوەزاری هەولێر كەمتر و شێوەزاری سلێمانی بـە تـەواوی لـە نـاو چووە.

دیـاردەییێكی تـری زمـانی عـەرەبی كـە پێویـستی بـە ئاماژەكردنـە ئەوەیـە كە(زمانی عەرەبی بەو هێزەی زمانە پاراوەكە ( الفصحى ) هەوڵـدەدا وەكـو خـۆی بمێنێ و دیاردە زمانییەكانی وەكو دۆخ بپارێزێ ". زمانە هەمەكییەكە ( العامیـە ) هەوڵدەدا پەی بـە یاسـا ڕێزمانییـەكانی زمانەكـە بـەرێ، و لـە كـاری بخـا ( كمـال یوسف ٩٧٨ : ٢٣٩ ). بەم پێیە نیشانەكانی دۆخ لە زمـانی هەمەكییـدا لـە هـەموو بارەكاندا لە زەن (سكون )دا كۆ دەبێتەوە.

## ٢-٢. دۆخ لە چوارچێوەی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە ( GB )یدا:

تیـۆری دۆخ ئەگـەر چـی لـە بنەڕەتـدا لـە بـیرە كۆنەكـەی ڕێزمـانی دێرینـەوە وەرگـیراوە ( كـە پەیوەندییـەكانی نێـوان كەرەسـەكانی ڕسـتە بـە هـۆی فـۆرمی مۆرفۆلۆجی یان ڕیزبوونی وشەكانەوە دەردەبرێ )،چەمكی نوێ ئەم تیـۆرەی دۆخ لە میكانیزمی جێبەجێ كردنیدا جیاوازە لەوەی كـۆن ( ئـەم تیـۆرە لـە پرەنـسیپ وپارامیتەرەكانیدا زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشتووە، كـە تـەنیا مامەڵـە لەگـەڵ پاشـگرە مۆرفۆلۆجیـەكان یـان فۆرمـە ئاشـكراكانی نـاو بكـا ( Cook 1991 : 223 ) ئەمەش بە هۆی جیاوازی زمانەكانی جیهان لەم ڕووەوە، بۆ نموونە، زمانی لاتینـی و جێرمەنی سیستەمێكی دەوڵەمەندی دۆخیان هەیـە و زمـانی چـینی دۆخـی نییـە (بە واتای ئەوەی دۆخ لە هەندێ زماندا لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەردەكەوێ و لـە هەنـدێ زمـانی تـردا دەرناكـەوێ، وا دادەنـێین كـە وا دۆخ لـە هـەموو زمانیكـدا دەردەكەوێ، ئەگەر لە ڕووی مۆرفۆلۆجییـەوە دەركـەوتنی هـەبێ یـان نـا (222 : Farrokhpey 1998 ).

دیارترین جیاوازی له نێوان چەمکی دۆخ لە کۆن و نوێدا ئەوەیە کە پێی دەوترێ دۆخی ئەبستراکت Abstract Case، کە بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەموو فرەیزێکی ناوی ( NP )یێ دەدا (هەموو ناوێ دۆخێکی گشتی هەیە لە دەرەوەی ئەرکە سنیتاکسیەکەیدا ( (Biber 1991:7) ·بە واتای ئەوەی شوێن و ئەرکەکەی لە ڕستەدا تایبەتبوون دەدا بە دۆخەکە و ناوی لێ دەنێ، (دۆخی ئەبستراکت سیستەمێکە بەسەر هەموو زمانەکاندا جێبەجێ دەکرێ، بەلاّم داواکارییەکی تری تیۆری دۆخ پالێوەری دۆخە – Case Filter ( 74 :1999 ( Smith

## ٢-٣. **پالێوەری دۆخ** Case Filter:

گرنگیی سیمای دۆخ لەوەدا نییە کە چ دۆخێ لە چ شوێنێ بە فرەیزێکی ناوی دەدرێ، بەڵکو ئەو پرنسیپەیە، کە چ هێزێ دەداتە دۆخ بۆ دەرکەوتن (226: Cook 1997 ).

بەم پێیە هەموو فرەیزێکی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوەدا دۆخێ وەردەگرێ (چونکە مەرجی GB ئەوەیە، کە هەرفرەیزێکی ناوی ( NP ) دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێ و هیچ جۆرە دۆخێ وەرنەگرێ ئەوا ئەو فرەیزە ناوییە نیشانەی NP* وەردەگرێ، چونکە لە پالێوەری دۆخ تێناپەرێ (بروانە 39 : 1998 Black ).

سەبارەت بە زمانی کوردی لە جێبەجێ کردنی تیۆری دۆخدا، دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین، کەوا زارە جیاجیاکانی زمانی کوردی تایبەتمەندییەکی ناوچەیی بە میکانیزمی کارکردنی تیۆرەکە دەبەخشن. لە لایێکی ترەوە بە پێی ئەوەی جێناوە سەر بەخۆکان لە پێکهێنانی فرەیزی ناویدا ڕۆڵیان هەیە بەم جۆرە ئەو دۆخە ڕێزمانییەی لە بەر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی تیۆری دۆخ بە NP دەدرێ، جێناوەکانیش دەگرێتەوە.

فرەیزی ناوی لە زمانی کوردیدا بە گشتی لە وەرگرتنی دۆخدا بە هۆی ئەو پاشگرانەی بە ناوەوە دەنوسێن دۆخ وەرناگرێ ( جگە لەوەی لە هەندێ زار و

شێوەزار ئەو جۆرە دۆخ وەرگرتنەی هەیە ) دیسانەوە زمانی کوردی ناتوانێ بە هۆی گۆڕینی شێوەی فۆنەتیکی جێناوە  کە جۆری دۆخەکەش بگۆڕێ.

بەر لەوەی بچینە ناو وردەکاری تیۆری دۆخی ڕێزمانی دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کەوا چومسکی لە تیۆرەکەیدا دووجۆر دۆخی جیاکردۆتەوە.

## ٢-٤. دۆخی بنجی Inherent Case.

## ٢-٥. دۆخی ڕۆنانی Structural Case.

### ٢-٤-١. پێناسەی دۆخی بنجی:

دۆخی بنجی ئەو دۆخانەن کە بە هەندێ ئارگۆمێنتی تایبەتی پریدیکاتەکان دەدرێ و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بە دەردەکەون (بروانە 6_ 225 : Cook 1997).

### ٢-٤-٢. شیکردنەوەی دۆخی بنجی:

دۆخی بنجی لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ( دۆخی بنجی لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەرلەوەی جوڵانەوە Movement ڕوو بدا  بەدەر دەکەوێ، کەچی دۆخی ڕۆنانی لە ڕۆنانی سەرەوەدا دوای ڕوودانی جوڵانەوەکە بەدەر دەکەوێ. (226 : Cook 1997 ). دۆخەکە پەیوەندی بە فرەیزی ناوییەوە هەیە و لە زمانی کوردیشدا گوێزانەوەی فرەیزی ناوی کەم ڕوو دەدا ، و دەبێ دۆخەکە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بمێنێتەوە، لە لایێکی ترەوە ( دۆخی بنجی لەو زمانانەدا دەردەکەوێ کەوا کردارەکان  توانایان هەیە لە ڕستەدا دەسەڵات بە سەر دوو بەرکاری ڕاستە وخۆدا  بگرن (348: Radford 1981).

کردار لە زمانی کوردیدا ئەم توانایەی نییە. باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە دۆخە زمانی عەرەبییە ، چونکە ئەم جۆرە دۆخە گەرچی لە زمانی ئینگلیزی بەرچاو دەکەوێ ، بەڵام بە ڕادەی زمانی عەرەبی بە هێز نییە ، بەڵکو خۆدەربازکردنە لە هەندێ دیاردە ، کە پالێوەری دۆخ ، بۆی چارە ناکرێ . کە دەڵێن NPیێ  دۆخ وەردەگرێ مەبەستمان ئەوەیە لە ڕۆنانی ژێرەوە – D-structure دا ئاماژە بە دۆخ دەکا. ( لە زمانی عەرەبی کۆندا دوو جۆر گوێزانەوە

هەبووە ، گوێزانەوەی شوێنی بکەر و گوێزانەوەی شوێنی بەرکار، کە بە پاش و پێش کردن ( التقدیم و التأخیر ) ناو دەبرا، لەبەر ئەوە گەلێ لەم ڕستانەی خوارەوە لە عەرەبی کۆندا بەر چاو دەکەون .

١. **أعجبني زيداً علمُهُ٠**

٢. **ظننت زيداً قائماً ابوه٠**

بەڵام ڕێزماننوسە نوێیەکان وای بۆ دەچن کە تەنیا گواستنەوەی سەرەی فرەیزی ناویی لە عەرەبیدا ڕەوایە. ( عبدالقادر الفاسی ١٩٨١ : ١٤٥ ). ئەو ڕۆنانەی وەکو ڕستەی ( ١ ) و ( ٢ ) لە عەرەبی نوێدا پشت گوێ خراوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کەوا پەیوەندیێ هەیە لە نێوان هەر دوو جۆری ڕۆنانەکە ٠ ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە دۆخی بنجی Inherent Case ڕوون بکەینەوە بۆ نموونە لە ڕستەی ( ٣ )دا.

٣. **مَنَحَ المدرسُ التلميذَ كتاباً.**

NP2 NP1

NP2 دۆخی بەرکاری لە ڕۆنانی ژێرەوەدا وەردەگرێ، کە چی NP1 لە ڕۆنانی سەرەوەدا دۆخ وەردەگرێ، گەر ئەو شیکردنەوەیە ببەینە ئاستی بکەر نادیار لە ڕۆنانی ژێرەوەدا:

٤. **مُنِحَ التلميذُ كتاباً**

ڕۆنانەکە دەبێتە:

٥. VP **مُنِحَ** { **التلميذُ** } { كتاباً }

NP1 NP2

NP2 لە بنجدا دۆخی بەرکاری هەیە، accusative case، کە چی NP1 لە بنجد( ڕۆنانی ژێرەوە ) هیچ دۆخێکی نەدراوەتێ.

ئەگەر وابێ ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەی ( ٥ ) دەبێتە ( ٦ ).

٦. **مُنِحَ** { **التلميذَ** } [ **كتاباً** + OBJECTIV ]

NP1

له ( ٦ ) (کتاباً ) دۆخی بەرکاری وەردەگرێ و ( **التلمیذ** ) هیچ دۆخێ لە بنجدا وەرناگرێ. با بزانین ئەگەر گوێزانەوەی NP1 بتوانرێ لە ڕۆنانی ( ٦ )دا جێبەجێ بکرێ، سەرەتا وامان دانا، کە جێبەجێ ناکرێ. ئەگەر وابێ **التلمیذُ** لە وەرگرتنی دۆخدا سەر ناکەوێ، تاوەکو لە ژێر کاریگەری ( مُنِحَ ) دابێ. چونکە کرداری ( **مُنِحَ** ) کردارێکە تێپەر نییە، بەڵکو بکەر نادیارە ( Passive Verb ) ناتوانێ دۆخ بداتە ( **التلمیذُ** ) ئەنجامەکەشی ئەوەیە دەرچوونە لە پالێوەری دۆخ چونکە فرەیزێکی ناوی ئاشکرای تێدایە و دۆخ وەرناگرێ، بەمەش ڕستەکە دەبێتە نا – ڕێزمانی un- grammartical، بە هۆی ئەوەی ( **التلمیذُ** ) شوێنی بکەر پڕ دەکاتەوە و نیشانەی بکەریش ( بۆر – **ضمە** )یە بەمە دەبێتە بکەری کردارەکە و دۆخی بکەری لە ڕۆنانی سەرەوەدا وەردەگرێ.

٧. مُنِحَ { **التلمیذُ** } [ **کتاباً** + OBJECTIVE ]
NP1

لێرەدا NP1 هیچ دۆخێ وەرناگرێ. بە هۆی ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی " **مُنِحَ** "دایە، کە کردارێکیبکەر نادیارە و شوێنی ( trace )ی NPی (**التلمیذُ** ) هیچ دۆخێ وەرناگرێ، چونکە ئەویش لە ژێر دەسەڵاتی (**مُنِحَ** )دایە و (**مُنِحَ** ) وەکووتمان کردارێکی بکەر نادیارە و تێپەر نییە، بەمەش (**التلمیذُ** ) دۆخی بکەری لە ڕۆنانی سەرەوەدا وەردەگرێ و ( کتاباً ) دۆخی بەرکاری لە ڕۆنانی ژێرەوەدا وەردەگرێ و شوێنپێی NP هیچ دۆخێ وەرناگرێ.

بەم پێیە، کە هەر دووNP (**التلمیذُ** ) و ( کتاباً ) دۆخ وەردەگرن **هیچ** لادانێ نییە لە پالێوەری دۆخ، بەمەش ڕستەکە ڕێزمانی دەبێ ( بروانە 349 : 1981 Radford ).

کورتەی ئەو شیکردنەوەیە لەوە دایە دۆخ کاتێ دەدرێ بە فرەیزی ناوی کە (کردار)ەکە دەسەڵاتی بەسەر ناوەکەدا بشکێ، واتە لە ژێر دەسەڵاتی دا بێ، دەسەڵاتیش بەندە بە (Command )ەوە ئەمەش دوو جۆری هەیە (دواتر باسی دەکەین ). کەواتە:

١. زەمەنی کردارەکە دەتوانیٚ تەنیا دۆخ بە یەك فرەیزی ناوی بدا ، کە نزیك خۆی بیٚ، بەم جۆرە لەم ڕستە عەرەبییەدا (**مُنحَ**) – تەنیا (**التلميذُ** ) پڕ دۆخ دەکا.

٢ . فرەیزی ناوی ( کتاباً ) بە بیٚ دۆخ ماوەتەوە، هەر چەندە بوونی فیزیکی هەیە بە پالیٚوەرەکە تیٚپەر بووە. بەوەدا کە ڕستەکە ڕیٚزمانییە٠

٣. کەواتە (کتاباً ) لە ژیٚرەوە خاوەنی دۆخە.

٤. لەبەر ئەوەی ( کتاباً ) ئەم دۆخەی لە ریٚگەی ڕۆنانەوە ( واتە بە پیٚی شـویٚن ) وەرنەگرتووە، کەواتە دۆخەکە لە جۆری بنجییە.

دروستی ئەم بۆچوونە بەوەدا دەردەکەویٚ.

أ– هەر چەندە ڕستەکە دوو بەرکاری تیٚدایە، ڕستەکە بە دوو جۆر ناکریٚت بە ڕستەی نادیار سەیری ( ٨ ) بکە:

٨ – **مُنح التلميذُ كتابا**.

٩ – * **مُنِحَ التلميذَ كتاباً**

ب– ئەمەش دەگەریٚتەوە بۆ ئەوەی کە ( کتاباً ) دۆخی بنجی لە ژیٚرەوە وەرگرتووە، بە گۆڕانی شویٚنەکەی دۆخەکەی ناگۆڕیٚ.

ح– فرەیـزی نـاوی (**التلميـذً** ) دۆخـی ڕۆنـانی وەرگرتـووە، بـە گـۆڕانی شویٚنەکەی دۆخەکـەی دەگـۆڕیٚ، بـە هـۆی کـاتی نـاو کارەکـەوە دۆخـی بکەری وەردەگریٚ دیسان ( کتاباً ) نـاتوانیٚ دۆخ بگـۆریٚ لـە بـەر ئـەوە ڕستەییٚکی وەك:


١٠– * **مُنِحَ كتاباً التلميذً** ، یان **منحَ التلميذ كتاباً** لە عەرەبیـدا ڕیٚگـەی پـیٚ نادریٚ.

## ٢-٥- کەرەسەی حوکمکار C-Command و دەسەڵات

a کەرەسەی حوکمکار b دەبێ، ئەگەر a دەسەڵاتی بەسەر b یدا نەشکێ و هەر (y) یێ دەسەڵاتی بەسەر (a)یەوە هەبێ دەبێ دەسەڵاتی بەسەر (b)ییەوە هەبێ.

بیری سەرەکی بنەمای کەرە سەحوکمکار لەوە دایە، ڕۆڵی (y)ی کە لە دەرختەکەدا یەکسانە بە XP. هەر کەرەسەیێکی حوکمکار بۆ a بریتییە لە XP یێ کە (a) ی دەگرێتە خۆ، بە واتای ئەوەی (a) لە مەودای دەسەڵاتی XP یدایەو لە درختەکەدا شوێنی سەرەوەی (a)ی دەگرێ. کەرەسەی (a)ی حوکمی هەموو ئەو کەرەسانە دەکا کە لە مەودای حوکمی ئەو دان، بۆ نموونە سەیری دەرختی (11 ) بکە:


( 11 )




لەو درختەدا X کەرەسە–حوکمکار AP و YP و هەموو ئەو کەرەسانەی دەکەونە مەودای حوکمی YPیەوە، چونکە ئەوانە هەموویان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی Xەوە. لە لایێکی ترەوە y کەرەسە حوکمکاری BP و CP ییە ، بەڵام ناتوانێ نە حوکمی AP و نە X بکا چونکە ئەمانە لە سنووری دەسەڵاتی YPیدا نین.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو بنەمایە سەیری ئەو نموونەی خوارەوە بکە:

12 )





ئەگەر ئێمە NPی تەواوکار وەکو (a)ی وەربگرین، ئەوە NP کەرەسە–حوکمکاری هەموو ئەوانەی دەکەونە لای ڕاستەوەی NP و دەبێ لە خوار مەزنترین جێکەوتە XPیدابن، بەلام ئەگەر ئێمە (a) وەکو XPی وەبگرین ئەوکاتە XP دەبێتە M-Command بۆ هەموو ئەو کەرەسانەی دەکەونە ژێرییەوە. دەکرێ بلێین کەوا C-Command و M-Command دوو جۆرن لە دەسەلات، بەپێی بنەمای دەسەلات، بەرکار دۆخی بەرکاری لە ژێر دەسەلاتی کەرەسە–حوکمکارەوە C-Command لە کردارەوە وەردەگرێ کە چی بکەر دۆخی بکەری لە ژێر دەسەلاتی M-Command لە (IP) یەوە وەردەگرێ.

## ٢–٦. **پێدانی دۆخ** Case Assigner:

سەبارەت بە پێدانی دۆخی ڕێزمانی ، ئێمە لە پالێوەری (دۆخ)ەوە دەست پێ دەکەین، هەموو فرەیزێکی ناوی دەرکەوتوو دەبێ دۆخ وەربگرێ، بەپێی تیۆری دۆخ ، تەنیا سەرەکان دۆخ دەبەخشن بەفرەیزە ناوییەکان. کردار لە نواندنی پەیوەندییەکانی دۆخدا، دۆخی بەرکاری دەدا بە بەرکارەکانی خۆی لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان سەرەو تەواوکارەکەیدا، هەروەها پەیوەندی دۆخ لە نێوان پێشناو (P) و تەواوکارەکەیدا بەوێنەی پەیوەندی نێوان کردارو تەواو کارەکەیدایە.

پێشناو دەسەڵاتی بە سەر تەواو کارەکەیدا دەشکێ بە مەش پێدەری دۆخە بۆ ئەو تەواوکارە (Haegman 1999:13) ، بەڵام ئەی چی دۆخ بە بکەر دەدا ، ئەگەر بکەر وەکو فرەیزێکی ناوی دەرکەوتنی هەبێ ؟ (IP) ی دۆخی بکەری بە بکەر دەدا، بەڵام بۆچی بەم شێوەیەیە؟ وەلامەکەی ئەوەیە دۆخ لەژێر کۆتبەندی دەستەلاتدا دەدرێ ( پرەنسیپی پێدانی دۆخ – Case Assignmen) بەمەش هەر کەرەسەیێ دەتوانێ دۆخ بەو دیاریکارە DP یە بدا کە دەسەڵاتی بەسەرییەوە هەیە. سەیری ئەم وێنەیەی خوارەوە بکە:

13)





IP حوکمی بکەر دەکا و تەنیا بکەرە دەتوانێ دۆخ وەبگرێ لە ژێر دەسەڵاتی IPیدا. کردار تەنیا حوکمی تەواوکارەکەی دەکا بەپێی مەودای C-Command ، بەمەش کردار دۆخی بەرکاری دەداتە تەواوکارەکەی ، بەڵام بکەر لە چوار چێوەی دەسەڵاتی VPییەوە دەست پێ دەکا و دەبێ بەهۆی کردارەوە (V) حوکمی بکرێ، بەڵام کردار دۆخ بە تەواوکارەکەی دەدا چونکە بە پێی مەرجی هاوسێیەتی کردار دەتوانێ دۆخ بە نزیکترین NP بدا، ئەویش تەواو کارەکەیەتی ، بۆنموونە:

14. a:za:d awi girt

NP ← V

ناچار بکەر بۆ ئەوەی دۆخێ وەربگرێ دەجولێ بۆ شوێنی Spec لە IPیدا، لە ژێر دەسەڵاتی IPیدا دۆخی بکەری پێدەدرێ . سەبارەت بە دۆخی پێشناوی، لەفرەیزی :

15. ba penus




## ٢-٧- دەسەڵات – Government:

چەمکی دەسەڵات لە تیۆرە گشتییەکەدا لەگەڵ خۆیدا دۆخی ئەبستراکت – Abstract Case دەهێنێ، کە جۆرەها پەیوەندیی Thematic Relation لە ڕستە جێگیرەکاندا بەر جەستە دەکا، ئەو پەیوەندییە واتاییانەی وەکو کارا Agent، کارلێکراو ( بەرکاری ڕاستەوخۆ ) Patient و بەرکاری ناراستەوخۆ Beneficiary و گەلێکی تر (Robins 1997 :268) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا کەرەسەکانی نێو ڕستە بە پەیوەندییێکی واتایی بە یەکەوە بەستراونەتەوە، چەمکی دەسەڵاتیش بە پێی جۆری کردارەکە دەسەڵاتی خۆی بۆ سەر هەموو کەرەسەکانی ڕستەکە ( کەرەسە سەرەکییەکان ) دەنێرێ، دەبێ ئەوەش بوترێ کەوا مامەڵە کردنی کردار بە پێی چەمکی دەسەڵات ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەرەسە سەرەکییەکانە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ( تەوەری ئاخاوتن لە سەر بنەمای سێ واتادا، بکەریی و بەرکاریی و خستنەپاڵ، بونیاد دەنرێ ئەوەی لەو سێ بەشە

سـەرەکییە دەربـچێ کەرەسـەی سـەربارن (محمـد حماسـه ١٩٨٤ :٢٣٤). بـۆ وردکردنـەوەی ئـەو چـەمکانە چـاکتر وایـە شـیکردنەوەیێ بـۆ چـەمکی دەسـەڵات بکەین..

## ٢-٧-١- سیما و چەمکی دەسەڵات:

ڕوونکردنەوە: a دەسەڵاتی بەسەر b یدا هەیە ئەگەر:

١- یەکێ لەو سەرانە بێت ( ±N، ±V ) یان I یان C.

١- هەموو XP یێ دەسەڵاتی بەسەر a یدا هەبێ دەسـەڵاتی بەسـەر b یـشدا دەبێ.

٢- هەموو XP یێ (جگە لە IP ) حوکمی b بکا حوکمی a یش دەکا(Black 1998 :37).

لەو ڕوونکردنەوەی سـەرەوەدا وا دەردەکـەوێ کـە a،b کـەتیگۆری تایبـەتین خاڵی (١ ) داوای ئەوەمان لێ دەکا، کە a دەبـێ یـەکێ لـەو سـەرانە بـێ N،V،A (زمانی کوردی نییەتی )، p، I، یا C. هەروەها هەموو دەم b بریتییە لە NPیێ، کە پێویستی بە دۆخ هەیە، کە لە ژێر پەیوەندییەکانی دەسەڵات بـە دەردەکـەوێ، چونکە بە پێی تیۆری دۆخ لە GBیدا بۆ نموونـە ، فرەیـزی نـاوی pya:waka و فرەیزی sagaka لە ڕستە ی (16) ی لای خوارەوە دۆخی ئەبستراکت( نەبینراو- Invisible) وەردەگرن.

16. pya:waka la sagaka -y da:

خاڵی (٢) ئەوە نیشان دەدا کە لە سەرووی سەرەوەی درەختەکەدا "سەرە " دەسەڵاتی بە سەردا دەگیرێ، ئەگەر جێکەوتەی مەزن دەسەڵاتی بە سەر NP یش دابکەوێ ، ئەو NP ییەی لە خوار XP ییەوە دێ و لە دوای" سەرە" وە دێ، جێکەوتەی مەزنی ئەم سەرانەی خوارەوە بەم جۆرە دەبێ:

VP بۆ V

IP بۆ I

خاڵی (٣) ی ڕوونکردنـەوە کـەش سـنووری خـوارەوەی دەسـەڵاتەکە ڕوون دەکاتەوە لەوەی کە ڕێگە ناداتە سەرە دابەزێ بۆ جێکەوتەیێکی تر لـە خـوارەوە جگـە لـە IP ، ئەمـەش وەکـو کۆتبەنـدێك سـەیر دەکـرێ ، ئـەم کۆتبەنـدەش کـە

لۆكالییە (شۆێنی)یە بە پێكەوە هاتنی هەردوو خاڵی ( ٢ ، ٣) دروست دەبێ لە ئاستی پەیوەندی دەسەلأتی هەر سەرەیێكدا ، ئەم كۆتبەندە لوكالییە زیاتر سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی دەشێ ، چونكە زمانی كوردی كلۆزی دانە خراو (Infinit Clouse )ی نییە ـ بەلأم a دەسەلأتی بە سەر b یدا دەبێ، ئەگەر a كەرەسەی حوكمكاری C-COMMANDSی b بێ و هیچ ( y ) یێ لە وێدا نەبێ ، y بەر بەستێكە بۆ b ئەگەر y ی a بگرێتە خۆ (Zagona 1998: 20).

لێرەدا ئەم ڕاستیانەی خوارەوە بە دەستدێن.

١ ـ a دەستەێی لە سەرەی جۆراو جۆر پێكدێنێ .

٢ ـ a بریتیە لە NP ، هەموو NP ێكیش لە چوار چێوەی تیۆرەكەدا دەبێ دۆخێ وەربگرێ . ٣ . ئەوانەی دەسەلأتدارن پۆلێكی بچووك پێكدێنن .

٤ . دەبێ a و b كە تیگۆری تایبەت بن .

٥ ـ سەرەی IP تووشی بەربەستی دانە بەزین دێ، كە نابێ لە هیچ XP ێكی تر لە خوارخۆی بە شداری بكا تەنیا لە سنووری IP ێكی تردا نەبێ .

كەواتە سەرەكان (N , V, P ,I " داخراو " C (ئامرازی لێكدەر ) دەسەلأت بە سەر NP ییە سپێكەكەیان و NP ییە تەواو كارە كانیان دادەگرن، بە مەش:


أ ـ I (داخراو) دۆخی بكەری NOMINATIVE بە NP ییە سپێكەكەی دەدا ، كە لە ژێر دەسەلأتی" I "دایە .

ب. N دۆخی خستنە پاڵ ( جێنەتیف – GENITIVE ) دەداتە ئەو NPییە سپێكەكەی كە لە ژێر دەسەلأتی دایە.

ج. V , P , C (ئامرازی لێكدەر ) دۆخی بەركاری (ACCUSATIVE ) دەبەخشن بەو NPییەی كە دەسەلأتیان بە سەرییەوە هەیە.بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری ئەو خالأنەی سەرەوە ( ڕێزمانی دەسەلأت و بەستنەوە سەڕاپا كردنەكانی خۆیان لە چوارچێوەی پێكهاتەی فرەیزدا دادەڕێژنەوە (Haegman 1999:94 ) بەم شێوەیە دەبێ:

**یەکەم:** دۆخی بکـەری Nominative case بـەم شـێوەیە ئامـاژە بـە سـپێکی NPی دەکا:


(17)




لە ڕۆنانی سەرەوەدا کرداری tirsa:n دۆخی بکەری بە NP ی aw دەدا.

**دووەم:** دۆخی بـەرکاری Accusative ئامـاژە بـە NPیـێ دەکـا، کـە خوشکە لەگەڵ Vیان P وەکو لە ( 18) ڕوونکراوەتەوە:

18)




ئەو ڕاستییەی کەوا شوێنی سپێك لە VPیدا شوێنی بە بێ دۆخە، بکەر ناچار دەکابجولێت بۆ دەرەوەی VP ( وەکو لە (17)ڕوونکراوەتەوە )بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێ، ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ مەرجەکەی پالێوەری دۆخ بگونجێ بۆ نموونە:

19. a- da:ykaka mina:l^akay xawa:nd

لە نواندنی ڕستەی ( a - 19 )دا – da:ykaka ئەو NPییەیە کەوا ڕاستەخۆ بە هۆی IPییەوە بەرێوە دەچێ ( spec IP ). کەچی بەرکاری mina:l^aka، NPێیکە لەگەڵ Vیدا یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی $\bar{V}$، دەتوانین بڵێین کەوا بکەر کەرەسەیێکی دەرەکییە (External Constituent ) سەبارەت بە Vلە دەرەوەی VP یدا دەردەکەوێ بەرکاریش کەرەسەیێکی ناوەکییە internal Constituent لە ناوەوەی VPیدا دەردەکەوێ ، وەکو لە نموونەی ( 19-b)یدا دەردەکەوێ.


(19 –b )




**<u>سێیەم</u>**: لە دۆخی جێنەتیف دا ( خستنە پاڵ )

" دۆخی جێنەتیف بە سپێکی N دەدرێ (Black 1998 : 37 )

(20)




چومسكی ئەوەی بەم جۆرە ڕوونكردۆتەوە، كەوا هەموو جێكەوتەیێكی مـەزن XP = كە دەسەلأتی بەسەر ئەو NP بیەوە هەیە، كە دۆخ وەردەگرێ، هەر وەها دەسەلأتی بەسەر ئەو (سەرە )یەیش هەیە كـە دۆخەكـە دەدا، ئەگـەر هـیچ نرخـێ نەدەینە ئەو IPیە ،كە دەكەوێتە نێوان NP بیەكەو C "لێكدەر"ەوە.

یاسای بنجی خستنە پاڵیش بۆ زمانی كوردی یاسای ژمارە ( 21 )یە

21. DP ⟶ N - DET


( بروانە محەمەدی مەحوی ۲۰۰۱ : ۷٤ )

ئەمەش لە ڕستەیێكی وەكو ( 22 – a )

22.a - bra:y min


لە ( 22 – b )یدا ڕۆنانەكەی ڕوون دەبێتەوە

22 -b



**یان ئەگەر سەرەی ڕێزمانی ( aka )ی لەگەڵدا بوو لە** (22 –c) **ڕوون دەبێتەوە**

(22-c)




ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کەوا پێکهاتەی خستنەی پاڵ و Nییەکان لە شێوەی زنجیرەی (ڕۆنانی) دوو پاتبوونەوەدا هەبن ، ئەمەش بە پێی یاسای ژمارە (23) ـ

(23). $\bar{X} \longrightarrow \bar{X}$

$\bar{X} \longrightarrow X$

دۆخی Dative لە زمانی کوردیدا بە هۆی پێشناوەکانەوە دێتە پەیدا بوون بەلاَم لێرەدا دەبێ جیاوازی ئەوە بکەین کە بەشێ لە دۆخی ناراستەوخۆی بەرکار نیشانەی دۆخی بە کۆتایی ناوەکانەوە دەلکێنێ ، کەچی بە شەکەی تری بە تەواوی هێزو دەسەلاَتەکە بە پێشناوەکان (p) دەسپێرێ بۆ پێدانی دۆخەکە.

١ ـ سەبارەت بەو دۆخەی نیشانە ـ Mark هەڵدەگرێ زیاتر لە چوارچێوەی پێشناوەکانی (بە ، لە ، دا) جێبە جێ دەکرێ بۆ نموونە :

24-a. blfat la ba:xaka - da: ya:ri daka:.

b- ktebakam ba aw da: na:rd

سەبارەت بە پاشگری (awa) ش ناوەڕۆکی دۆخی پێوەیەو سیمای کار کردنی (da:) ی پێوە دیارە بۆ نموونە :

25-a. la hawler awa

b. ba ma:l^ u minda:l^awa

ئەگەر رستەی (25 - a) سیمای ئاراستە و لۆکاڵی پێوەبێ ڕستەی (25 - b) ئەم سیفەتە هەڵناگرێ ،لە لایێکی ترەوە هەردوو پێشناوی (la و ba ) لە هەردوو جۆرەکەدا واتە ،پاشگری :da, پاشگر (awa) ڕۆل دەگێرن دەکرێ هەردووکیان بە نیشانەی دۆخ لە (Dative) دابنرێن.

٢ ـ بە لاّم سەبارەت بە بەشی دووەمی بەرکارە ناراستەوخۆکان کە هێزو دەسەلاّت بە پێشناوەکان دەدرێتەوە ، ئەو پاشگرانە پەکیان دەکەوێ و لە کار دەکەون ، بۆ نموونە :

26-a. ki tebaka-m bo aw t̲ na:rd.

b. ktebaka-m da: ba aw.

وامان دانا کەوا P-V ئاماژە بە دۆخی بەرکاری دەکەن و کە تێگۆرییەکانی تری وەکو : A –N لە پێدانی دۆخدا سەرناکەون (Haegman 1999 :136) بەم پێیە دەکرێ ئەم یاسایانە دەستە بەر بکرێ:


أ–(NP,S ) لێرەدا NP بکەری ڕستەکەیە و ڕاستەوخۆ مەزنترین جێکەوتە وەردەگرێ، جا ئەو جێکەوتە مەزنە S (ڕستە) یان IP بێ .

ب– (NP , VP) ئەم NP بیە ڕاستەو خۆ لە ژێر دەسەلاّتی VPیدایە و بەرکاری ڕاستەوخۆی کردارەکەیە .

ج–( PP, VP) ئەم PP لە ژێر دەسەلاّتی VP دایە ودۆخی بەرکاری ناراستەوخۆ دەبەخشێ.


بۆ ڕوونکردنەوەی ( ا، ب، ج ) ئەم درەختەی خوارەوە دەخەینە ڕوو.

(27)




28– pa:rakay doziyawa

29 -




## ٢-٧-٢- سنووری دەسەڵاتی V لە VPیدا

تیۆری دۆخ لە سنووری GBیدا کێشەیێکی تر دەوروژێنێ ئەویش دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتیV و P بەسەر ئەو NPییەی لە ژێر دەسەڵاتی VPیدایە.

**بۆ نموونە لە ڕستەیێکی وەکو:** ( 30-a )**دا**

30-a- ba raw min ha:t.


30-b




بە گەڕانەوە بۆ پاڵێوەری دۆخ کە دەبێ هەموو NPیێ دۆخێ وەربگرێ لێرەدا بە پێی ئەو گریمانەیەی سەرەوە کەوا NPجارێ دەبێ لە ڕێگەی دەسەڵاتی ppییەوە و جارێکی لە ژێر دەسەڵاتی VPیدا دۆخ وەردەگرێ، بەمەش NP جارێ دەبێتە بەرکار بۆ pp و جارێکیش بۆ VP، لێرەدا دەبێ دەسەڵات و کەرەسەی حوکمکار C- –Commands لێک جیا بکرێنەوە جیاوازییەکەش لەوەدایە کە کەرەسە –حوکمکار دەبێ ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەکەی دوای خۆیدا بکەوێ و دۆخێ لە NPیدا بدا بە دەستەوە. بەڵام جووتەدۆخێ لە یەک NPیدا ناشێ ، چونکە گەر پەنا ببرێتە بەر فۆرم و سیما مۆرفۆلۆجییەکان، ئایا دەکرێ یەک نیشانەی مۆرفۆلۆجی لەیەک کاتدا دوو دۆخ بدات، هەرگیز ئەوە ناشێ (بڕوانە Radford 1981: 314 ).

ئەم درەختەی خوارەوە زیاتر دۆخەکە شیدەکاتەوە، لە چوارچێوەی نیشانەی مۆرفۆلۆجیی دۆخی جێنەتیفدا.

(31)




## ٢-٨- ڕوونکردنەوەی هەندێ زاراوە:

هەندێ زاراوەی تر هەیەکە پەیوەستن بە دەسەڵات و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە:

١ ـ ئاراستە و سیستەمی ڕیز بوونی کەرەسەکان: سەبارەت بەو خاڵە لەگەڵ ئەوەی شەش ئەگەری ڕیزبـوونی O - V – S هەیـە بـە لاَم بـە پێـی بـۆ چـوونی گرینبرگ ( Greenberg لە ڕستەی ئاسـایی هـەموو زمانـەکانی جیهانـدا بکـەر هەمیشە پێش بەرکار دەکەوێ ، بەمەش زمانەکانی جیهان بونەتە سێ جـۆر (وریـا عمرئەمین ٢٠٠٤ : ٢٣٨) بەمەش ئەگەرەکانی ڕیزبوون کـەم کراونەتـەوە ـ ڕێزمـانی دەسەڵات و بەستنەوە لە چوار چێوەی تیـۆری دۆخ کەرەسـە (O-V) دەسـتەبەر دەکا بۆجێگیرکردنی پارامیتـەری ئاراسـتە کـردن، کـە تیایـدا کـردار V ـ دەکاتـە خاڵی دەسپێك ، بەم پێیە دوو ئەگەری ئاراستەی (O←V) یـان (V→O) پەیـدا دەبێ، بەڵام ئـەم پارامێتـەرەش لـە بنـچینەدا لـە سـەر بنـەمای پارامیتـەرێکی تـر (سەرە – سەرەتا) و (سەرە – کۆتا) بونیاد نراوە .

لە زمانـەکانی (سـەرە – سـەرەتا) ی وەکـو زمـانی ئینگلیـزی ئاراسـتەکە لـە چـەپەوە بۆڕاسـت دەڕوا وەکـو لـە (32) دا ڕوون کراوەتـەوە ( بروانـە 232 Cook 1997: ) .

32- He ( gave me a book )

V ⟶ O

سەبارەت بە زمانی کوردی بە پێی جۆری ئەلفبێیکە دەگۆڕێ، گەر بە ئەلفبێی لاتینی بنوسرێ ئاراستەکەی لە ڕاستەوە بۆچەپ دەبێ ئەمەش بە هۆی ئەوەی کوردێ سەرە کۆتایە ئەم جۆرە دەبێ .

33- cutya:raka zawi:yakay kela:

سوودی ئەم پارامیتەرەی ئاراستەکردنە لەوەدایە لە نەبوونی نیشانەی دۆخەکان ڕۆڵ لە جێگیرکردنی شوێنی بەرکار دەبینێ لە ڕستەدا بۆ ئەوەی سەبارەت بە VP و PP شوێنەکەی دیار بێ.

٢ ـ <u>زاراوەی هاوسێیەتی (Adjacent)</u>: لە پاڵ پارامیتەری ئاراستە کردن کە جیاوازی نێوان زمانەکان نیشان دەدا Adjacent، ئەم پارامێتەرە بە هۆی ئەوەی جیاوازیێکی کەمی نێوان زمانەکان دەخاتە ڕوو دەچێتە ئاستی پرەنسیپەوە، " هەندی زمانی وەکو ئینگلیزی داوای ئەوە دەکا ، کە دەبێ پێدەری دۆخ هاوسێ بێ لەگەڵ ئەو NP بیەی کە دۆخ وەردەگرێ، بۆ نموونە هیچ NP ێکی تەواو کار ناکرێ شەق بکرێ لە لایەن سەرەی پێدەری دۆخەوە (Cook 1997 : 145) . ئەم پرەنسییە لە لایەن (StoweI) ەوە پێشنیاز کراوە ، بەڵام هەندێ زمانی وەکو کوردی بواری ئەوە دەدا کەوا بەرکار لە کردار دابڕێ بە هۆی ئەو ئاوە ڵکردارانەی دەکەوێتە نێوان کردارو بکەرەوە بۆ نموونە سەیری (34- ab) بکە :

34-a- a:za:d na:makay nu:si:.

o v


b. a:za:d na:makay <u>ba pala</u> nu:si:.

ئاوەڵکردار نێوانی کردوون.

٣ ـ زاراوەی هـەڵاوێردکردنی نیـشانەی دۆخ - Exceptional – Case Marking کە بە ـ ECM کورت دەکرێتەوە ، ئەمەش لـە زمـانی کـوردی بـەدی ناکرێت بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی تەواوکاری چاوگی نییە ، ئـەو تایبەتمەندییـە تەنیا لە زمانی ئنگلیـزی بـەدی دەکـرێ، چـونکە ئنگلیـزی ڕێگـە دەدات بکـەرێکی ئاشکرا لە کلۆزێکی چاوگیدا بەدەر بکـەوێ ، بـەڵام هـەموو کلـۆزێکی چـاوگی ئـەو بوارە نارەخسێنی، بۆیە ئەم ڕێگادانە ECM ی پێ دەڵێن ( Radford 1997 : 82) ـ 35- b چاکتر روونی دەکاتەوە : .

35 a. John likes for her to come

b-



## ٢– ٩ –:دۆخ و تایبەتمەندی زارەکانی کوردی :

وەکو ئاماژەمان پێکرد ، دۆخ لە زمانی کوردیدا لە جۆری ڕۆنانییە و لە ژێر یاساکانی دەسەلاَتدا دۆخ دەبەخشێ ، مەبەستمان دۆخی ئەبستراکتە بەلاَم دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کەوا زارو شێوەزارەکان بە ڕێژەی جیاواز پاشماوەی نیشانەکانی دۆخی تێدا بەدی دەکرێ ، زاری هەولێر سەر بە کرمانجی ناوەڕاستەو لەگەلْ زاری سلێمانی لە چوار چێوەی یەك زاری سەرەکین، بە لاَم ئەو نیشانانەی دۆخ ، کە لە شێوە زاری هەولێر بە دی دەکرێ واتە دۆخ لە زاری هەولێردا فۆرمێکی مۆرفۆلۆجی هەیە کە بەم شێوەی خوارەوەیە :

١ ـ دۆخی بەرکاری : هەر چەند نیشانەی دۆخەکان تێکەلْ بە نیشانەکانی جێندەریش دەبێ، بە لاَم دەربڕی دۆخیشە بۆ نموونە :

36-a- amin na:n-i daxom.
b- amin na:naka-i daxom.

بە ناسیاوییەوە نوساوە ئەمەش نیشانەی بەهێزی دۆخەکەیە

کە واتە (i) نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخی هەموو ناوێکە لە دۆخی بەرکاریدا بێ.

٢. دۆخی بەرکاری ناراستەوخۆ:

لە دەرەوەی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکەی دۆخ دەوترێ

37-a- amin la wm da:

بەلاَم بە فۆرمی مۆرفۆلۆجییەوە نیشانەی دۆخە بکەرییەکەی وەردەگرێ

b- amin la wi:m da:

ئێمە لە ( ٢–٤–٣–٢ ) دا ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە کەوا هیچ نیشانەیێکی دۆخ case marks بۆی نییە لەیەك کاتدا دوو دۆخ بدات، پێچەوانەکەشی ڕاستە کە دوو نیشانە لەیەك کاتدا ناکرێ ببنە ئاماژەکەری دۆخ لە ڕووی مۆرفۆلۆجییە.

بەمەش لە ڕستەیێکی وەکو ( 38 ) لە خوارەوەدا چۆن شی دەکرێتەوە:

38- ba hawlere da: dar^om

یان لە ڕستەی (39)دا.

39- bagund-i-da: dar^om

لــە تێبینــی کردنــی هــەر دوو رســتەی 38 و 39 دا وا دەردەکــەوێ ( e )ی نیشانەی بەرکاریی و (da: ) نیشانەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ( 38 ) بە یەکـەوە هاتوون و ( i ) نیشانەی بەرکاریی و (da: )ی نیشانەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (کـە وەکـو تەواوکــەری پێـشناوەکان پەیـدا دەبـێ ) بــە یەکــەوە هــاتوون، ئــەم دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێ:

أ – نیشانەکانی ( i,e ) دادەبڕێن و بە تەواوی لە دۆخەکەوە ئەرکی جێندەر دەبەخشن بە ناوی گشتی و ناوی تایبەتی.

ب – دۆخــی بــەرکاری ڕاســتەوخۆ نیــشانەکەی هەنــد بــە هێــزە لــە کــاتی پەیدابوونی دۆخی ناڕاستەوخۆشدا دەمێنیتەوە، بەڵام دیسان دەبێتە هەبوونی دوو دۆخ لە یەك کاتدا (ناشێ ).

کەوا بوو لە ئامادە بوونی( da – ba )دا بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نیشانەکانی ( e – ێ ) و ( i – ی ) ئاماژە پێکەری جێندەرن.

٣– لە دۆخی خاوەندێتی و خستنەپاڵدا نیشانەی دۆخەکە لە نێوان نێرۆمێـدا جیاوازی دەکا ، بەم پێیە نیشانەی خاوەندێتی و جێندەر و خستنەپاڵ ئیزافـە لـە نیشانەکە کۆ دەبنەوە:

40- da:ke min - da:ke – da:kim
Ba:bi min - ba:b-I ba:bim

بە گشتی دۆخ لە شێوەزاری هەولێردا، لە هەندێ هەڵوێستی ئاخاوتن بە دەردەکەون بۆ نموونە، زۆر جار بە ئاوەڵکرداری کاتییەوە دەنوسێ بە دوو فۆرم:

١. بە بێ پێشناو:

41- amin s^ awe dem

٢. لەگەڵ پێشناو:

42- amin ba s^ awe dac^ im

43. amin niwaroye dem
44- amin niw ra:ne dem
45- amin ba niw ra:ne dem

لاواز بووە

گەلێ نموونەی تری وەکو:

46- dac^ ma   s^ a:ri

47- da^cm  lo   s ^a:ri

48- da^cm   lo    hawler

لە فۆکەتیف ( بانگهێشتن )دا گەلێك پاشگری جیاواز بە ناوەکانەوە دەنوسێ:

49-kiz^e

50-  kic^e

51- kur ^o


52- kura

بە کورتی شێوەزاری هەولێر لە چاو شێوەزاری سلێمانی سیمای مۆرفۆلۆجیەکانی دۆخ بە ڕوونی تێدا بە دی دەکرێ.

هەندێ نموونە سەبارەت بە تیۆری دۆخ:


53-a. awim    da:wa:  kird.

( b.)



54-a.min kitebakam ba hama da:


(b.)




دۆخ دەدا

55-a ema dang ba ewa dadayn


(b.)




له نێوان کردنی ئاوەڵکردار بۆ کردار و بەرکارەکەیدا بۆ شکاندنی پارامیتەری هاوسێتی:

57- a- a:so zor ba pala na:nakay xwa:rd.

58-b



# بەشی سێیەم

## *Thematic (Theta -θ)* – ڕۆڵی بابەتانە

### ٣–١: بۆچونەکانی پێش ڕۆڵی بابەتانە:

کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان، ململانێیەکی هزریی زۆری بینی. دیارترین ئەو ڕەخنەو هێرشانە بۆ سەر تیۆرەکەی چۆمسکی کرا لەلایەن پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە سیمانتیکییەوە بوو، کە بەڕێبازی سیمانتیکی بەرهەم هێنان (Generative Semantic) ناسرابوو، لە بەرامبەر ئەم ڕێبازەشدا ڕێبازی سیمانتیکی لێکدانەوە (Interpretive Semantic) پەیدا بوو، سەرەتا هەردوو ڕێبازەکەش بەلادان لە تیۆرەکەی چۆمسکی دادەنرا، (Leech 327: 1975). دەبێ ئەوەش بووترێ دواتر چۆمسکی لایەنگری سیمانتیکی لێکدانەوە بوو. هەموو ئەو لێکدانەوەو ڕاست کردنەوانەی (بە بۆچونی خۆیان) ڕووبەڕووی تیۆرە بنەرەتییەکەی چۆمسکی بوونەوە لە بۆتەی دوو مەبەستی جیاوازدا کۆدەبوونەوە، هەندێکیان هاوڕێ و خوێندکاری خۆی بوون و بەمەبەستی شیکردنەوە و وردکردنەوەی پرەنسیپ و سەردێرەکانی تیۆرەکە بوو، ئەمەش بۆ زیاتر روون کردنەوەیان، بەشەکەی تریان بە مەبەستی ڕەخنەگرتن و تیشك خستنە سەر لایەنە (بەڕای خۆیان) سەلبی و سەرنەکەوتوەکانی تیۆرەکە بوو. چۆمسکی لەسەرەتای بۆچونە زمانیەکانی خۆیدا لایەنی واتای بەهەند هەڵنەگرتبوو، بەلاّم هێنانە ناوەوەی هەردوو ئاستی (سەرەو ژێرەوە) بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی دیاردە زمانییەکان، سەرەتای دەستەبەرکردنی لایەنی واتا بوو لای چۆمسکی ، هەرچەندە ئەو گرنگییەی نەدایە ڕۆنانی ژێرەوە ، ئەوەندە نەبێ ، کە ئەو ڕۆنانە بە هەنگاوێکی ناوەند لە نێوان پێکهاتە و واتا دادەنا ، ((خاڵی سەرەکی ناکۆکیش ئەوە بوو ، کە لایەنگرانی سیمانتیکی بەرهەم هێنان هەوڵی فراوانکردنی ڕۆنانی ژێرەوەیان دا ، بۆ ئەوەی پێکهێن (Component)ی دەروازە فەرهەنگیەکانیش

بگرێته خۆ . كه چی پێچەوانەی ئەوان رێبازی سیمانتیكی لێكدانەوە هەوڵیان دا لایەنی رێزمانی لە لایەنی واتا جیا بكەنەوە (چۆمسكی ١٩٨٥: ١٩) . زۆربەی هەوڵەكانی بەرهەمهێنان بۆ ئەوە بوو ئەوە بسەلمێنن كەوا هەندێ لە كردارەكانی گوێزانەوە لەسەر پێكهێنە واتاییەكانی هەندێ لە یەكە فەرهەنگییەكان ڕوودەدا بەر لەوەی ئەو پێكهێنە شێوەی لێكسیكی خۆی وەربگرێ . ئەو ناكۆكیە سەبارەت بەو كێشە هاتە كایە ، وای كرد ئەوانەی نایانەوێ گوێزانەوەكان ببنە هۆی گۆڕینی واتا هەوڵ بۆ ئەوە بدەن گەشە بە ئاستی ژێرەوە بدەن بۆ ئەوەی ئاستێ بەرهەم بێنن ، كە قوڵتر و وردتر و نابەرجەستە تر بێ لەوەی كە یاساكانی فرە یز پێكهێنان (PSR) بەرهەمی دێنن ، بەمەش نواندنەوەكانی فرەیز پێكهێنان لە شێوەكانی ڕۆنانی واتای ڕستە نزیكترە ، ئەمە وای لە لێكۆڵەرەوەكان كرد كە نواندنە واتاییەكان بكەنە بناغەی یاساكانییان. فیلمۆر لەم بارەیەوە دەڵێ ((لە كارەكەمدا بیرم لەوە نە كردۆتەوە كە هەموو ڕۆنانی ژێرەوە لابەرم و وازی لێ بێنم بەڵكو هەوڵمداوە ئاستێك بدۆزمەو بۆ ڕۆنانی رێزمان قوڵتر بێ لە ڕۆنانەكەی ژێرەوەی چۆمسكی (یوسف شریف ١٩٩٠: ٥٠) . بەمەش نواندنەكانی فرە یز پێكهێنان شێوەی ڕۆنانی واتای ڕستە هەڵدەگرێ . كەواتە ڕۆنانی ژێرەوە بە دارێژەری بنەماكانی ڕستە دادەنرێ دوای ئەوەی یەكە فەرهەنگییەكان ( Lexical Items) لە خۆ دەگرێ ، كە لە رێگەی یاساكانی پێكهێنی بنجەوە بەرهەم دێ .

دوای جێبە جێكردنی ژمارەیێ لە یاساكانی گوێزانەوە دەبێتە پێكهێنی ئاستی ڕووكەش ، بە واتایێكی تر ((ڕۆنانی ژێرەوە ڕۆڵی وەرگر (Input) دەبینێ بۆ پێكهێنانی واتایی ، كەچی ڕۆنانی سەرەوە ڕۆڵی پێكهێنی فۆنۆلۆجی (Phonological Component) دەبینێ ، لەهەمان كاتدا دەبینین كەوا یاسا واتاییەكان و یاسا فۆنۆلۆجییەكان ئەركی لێكدانەوەی تەواو دەبینن . ئەركی لێكدانەوەی یاسا واتاییەكان بریتیە لە لێكدانەوەی دەرهاوێشتەكان (Out Put)ی پێكهێنی بنج ، ئەمەش بەدەستنیشانكردنی شێوە واتاییەكان (الصوره الدلالیه) (Semantic Representation) واتە نواندنە واتاییەكان بۆ هەموو پێكهاتەیێكی ڕستە ، یان شێوە واتاییەكانی یەك تاكە ڕستە وەكو لە ڕستەی تەم و مژەكاندا ، بەڵام ئەركی یاسا فۆنۆلۆجییەكان بریتی یە لە دەستنیشانكردنی

نواندی دەنگیی هەموو ڕستەیێ (عبابنە ٢٠٠٥: ١٢٧) . ڕێبازی سیمانتیکی بەرهەمهێنان سەرەتا زۆر توند بوون لەسەر بۆچوونەکانییان ولایان وابوو هەوڵەکانیان هەرەس هێنانە بە بۆچوونە زمانییەکانی چۆمسکی بەلاّم دواتر زێدەڕۆییەکەی خۆیان سەبارەت بەدابڕینی ڕێزمان و واتا کەم کردنەوە ، دوای ئەوەی بینییان ، کەوا جیاوازی ڕۆنانی ڕێزمانی ڕستە مەرج نییە جیاوازی واتاییی بەدواوە بێ (فوزیە الشایب ١٩٩٩: ٤٠٥). وەکو لەرستەی (١) ڕووندەبێتەوە:

1- a.min xa:nwakam fros^ta a:zad

b. a:za:d xa:nwakay la min kir^i:

## ٣-٢ـ لێکۆڵینەوە واتاییەکانی بەر لە تیۆری $\theta$:

ئەو لێکدانەوانەی سەبارەت بە واتا هاتە کایەوە ، بە گەلێك قۆناغی جیا جیا تێپەڕی ، بۆ نموونە هەوڵەکانی Katz و Fodor وەکو سەرەتایێ دادەنرێ لەچاو ئەو لێکۆڵینەوە گەشە پێدراوانەی سەبارەت بە واتا کرا . ئەم دوو زانایە لایەنی فەرهەنگییان خستە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە کە دەڵێن ((ئەو شتانەی باوەڕ بەڕاستییان دەکرێ بە شێوەیێکی فراوان ، کەوا یەك پێکهێنی تیۆری واتایی لە زمانێکی سروشتیدا بە فەرهەنگێکی ئەو زمانە دادەنرێ .

ئەم بۆچوونەیان لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە بوو کەوا بەکار هێنەری زمان و مانای وشەکانی زمانەکەیان دەزانن و فەرهەنگیش بریتییە لە وشەکانی زمان و ماناکانیان . (تێرنس مورو ١٩٩٨ : ١٨٦) . دوای ئەوەی دەرگەی گرنگیدان بە واتا کرایەوە تیۆری واتایی تر لە لایەن زمانەوانی ئەمریکی گروبەر دەوروبەری ١٩٦٥ هاتە کایەوە و جاکندوف لە ساڵی ١٩٦٧ زیاتر گەشەی پێدا ، لە لایێکی ترەوە MacCawaly لە دوو وتاری جیاوازدا بۆچوونەکانی خۆی تیادا شیکردەوە کە دەڵێ (١ـ دەکرێ واتا ڕاستەوخۆ بە ڕۆنانە بنجییە سنتاکسیەکەی ڕستە گرێ بدرێ ، بێ ئەوەی پێویست بەگریمانە کردنی ڕۆناتی ژێرەوە بکا . دەشکرێ لێکۆڵینەوە لەو کێشانە بکەین کە پەیوەستن بە واتا (وەکو تەم و مژی هەندێ ڕستە ، یان واتا جیاجیاکانی دوو ڕستە ، کە پێکهاتەی دەرەوەیان یەکە .

٢ـ لایەنی دووەمی لێکۆڵینەوەکەی MacCawaly پەیوەست بوو بە فۆنیم ، بە هۆی یاساکانی پەیوەست بە یاسا دەنگییەکان (بڕوانە نایف خرما ١٩٧٨: ٣٠٨) . بەمەش مکاولی هەنگاوەکانی شیکرنەوەی زمانی کورت کردەوە ، ئەم ئاراستەیە لە شیکردنەوەکانی چۆمسکیش بەدی دەکرێ ، لەوەی لە هەر تیۆرو لقە تیۆرێکی نوێدا یاساکان خەست دەکاتەوە بۆ کەمترین ژمارە .

## ٣-٣ـ تیۆری فیلمۆرو لایەنی واتایی زمان:

زمانەوانی ئەمریکی Charles Fillmore لێکۆڵینەوەیەکی بە ناوی کێشەی دۆخ ـ The Case For Case 1968 بڵاو کردەوە ، ئەم تیۆرە لەچاو تیۆرەکانی سەردەمی خۆی زۆر پێشکەوتوو تر بوو ، باس لەوە دەکا ، کەوا شیکرنەوەی راستەقینەی ڕێزمان ئەو شیکردنەوەیەیە ، کە بتوانێ بە شێوەیێکی سەلمێنراو پێکهێنانی هەموو ڕستەیێ لە قوڵترین ئاستەکانی شیکردنەوەی ڕێزماندا بخاتە ڕوو . مەبەستی ئەوەیە هەموو بارە ڕێزمانییەکانی وەکو کارا (Agent) و ئامراز (Instrument) وە شوێن (Plase) بخاتە ڕوو (بڕوانە عبابنە ٢٠٠٥: ١٢٤، جودت جرین ١٩٩٣: ١٦) . لێرەوە خاڵی گرنگی پریدیکاتەکان (کردار و ئاوەڵناو) زیاتر ڕوون دەبێتەوە لە هەڵبژاردن و پێدانی ئەو ڕۆڵە واتاییانەی پەیوەندی ڕێزمانییەکان بەدەستی دێنن (دواتر ڕوونی دەکەینەوە) . ڕێزمانی دۆخی فیلمۆر گەلێ ڕۆڵی واتایی جیادەکاتەوە و کرداریش فاکتەری هەڵسوڕاندنی ئەو ڕۆڵە واتاییانەیە ، (ئەو مۆدەڵە واتاییەی فیلمۆر دوو ڕۆڵی سەرەکی جیادەکاتەوە: ـ

١ـ ڕۆڵی واتایی ڕووکەش ، دەرکەوتوو ـ الادوار الدلالية الظاهرية: کە لە ڕۆنانی ژێرەوە دا ڕوودەدا ، بەڵام دەبێ لە ڕۆنانی سەرەوەشدا هەبێ وەکو :

2- a:za:d la zankoya, dac^m bo di:tini. کارایە a:za:d

٢ـ ڕۆڵە واتاییە شاراوەکان (الادوار الدلالية المستترە)

ئەمیش ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوەدا هەندێ جار دەر دەکەوێ ، هەندێ جاری تر دەر ناکەوێ پێشی دەوترێ ڕۆڵی واتایی لابراو (المحذوف) بۆ نموونە:

3- gar a:ra:m bixwene a:ra:m dar dac^e →gar a:ra:m bxwene dardac^e.

لێرەدا (a:ra:m) کە لە ڕستەی دووەمدا لادەدرێ و دووبارە نابێتەوە.

ئەگەر بە شێوەیێکی بنبڕ لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەر نەکەوێ ، دەکرێ لە ڕۆڵێکی واتایی تردا نوێنرابێ . بۆ نموونە:

4- a:za:d sari xoy hal^girt bo handara:n → a:za:d c^u bo handaran

بابەت کارا

یان . سروشتی کردارە داڕێژراوەکە وایە ، بۆ نموونە :

5- s^wa:na megalakay lawara:nd → s^wana megalakay bird bo lawar^.

(بڕوانە الوعر ١٩٨٨: ٧ ــ ٤٩٨) . ڕەخنەو شیکردنەوەکانی سیمانتیکیی بەرهەمهێنان و فیلمۆر بەیەکەوە وایان لە چۆمسکی کرد(١٩٧١) هەموارکردنی لەپێکهاتی واتایی تیۆرەکەیدا بکا بەمەش تیۆری ستانداری فراوانکراو (Extended Standard Theory) هاتە کایە و تیۆری ستانداری پێشتر پشت گوێ خرا ، (Ray Jakendoff) لە دوو توی کتێبەکەیدا ، کە بەناوی Studies in Smantics بوو ئەوەی ڕوونکردۆتەوە ، کەوا زۆربەی دیاردە واتاییەکان دەکرێ بە شێوەیێکی ئاسانتر لە ڕۆنانی سەرەوەدا لێك بدر ێتەوە (فوزی الشایب ١٩٩٩: ٤٠٧). واتە هەر تیۆرە ڕێزمانییەکەی چۆمسکی ١٩٦٥ دواتر بە تیۆری ستاندار ناسرا ، کە زیاتر ناساندنی هەردوو ڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوە لە ڕستەدا بوو . لەو تیۆرەی چۆمسکی دا پێکهێنی لێکدانەوە پێشنیاز دەکا ، کە تایبەتە بە ڕۆنانی ژێرەوە . بەڵام لە ڕۆنانی سەرەوەشدا کار دەکا ، ئەوەی شایانی ووتنە ئەم تیۆرەی چۆمسکی پشت بە پێکهێنی ڕێزمانی دەبەستێ ، بەڵام ڕێگەی ئەوش دەدا کەوا لێکدانەوەی واتایی لە ئاستی ژێرەوە و سەرەوە دا پێکەوە بکرێ . ((دەتوانرێ بوترێ کەوا پەیوەندی تیۆری ستاندەری فراوان کراو ئاگادار کردنەوەیێ بوو بە ئاوا بوونی ئەستێرەی ڕۆنانی ژێرەوە و زۆربەی دەستەڵاتەکان بە ڕۆنانی سەرەوە سپێردرا ، کەوای لێهات بە جۆرێ ڕۆنانی سەرەوە لە لێکدانەوە واتاییەکاندا ڕۆڵی بەرچاو ببینێ و ڕۆڵی ڕۆنانی ژێرەوە لەئەوەندە بئاخێنرێ کە ببێتە پرەنسیپی داڕشتنەکانی گوێزانەوە و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی بابەتانە، یان

پەیوەندییە واتاییەکان Thematic Relations ، کە لە نێوان کردار و ئەو ناوانەی دەوریانداوە ڕوودەدا (فوزيه الشايب ١٩٩٩: ٤١٠).

تیۆری (EST)یش لەلایەن چۆمسکی خۆیەوە گەشەی پێدرا تاکو بە مۆدەلێ Government and Binding ، (GB) ساڵی ١٩٨١ کۆتایی پێهێنا ، (ڕۆڵی بابەتانەش Thematic Role لە GBیدا گەشەی سەند ، ئەو ڕۆڵانەش ئاماژەیە بۆ ئەو پەیوەندییە واتاییانەی لە نێوان ئارگۆمینیتێك و پریدیکاتێ پەیدا دەبێ و ڕۆڵی واتایی جیاواز دەبەخشێ بە ئارگۆمینتەکان .

## ٣ـ٤ـ تیۆری $\theta$ لە **GB** یدا :

تیۆری ثێتا (theta) ئاماژە بە ڕۆڵی بابەتانە Thematic Roleی ئارگۆمێنتەکانی کردار دەکا ، بە واتایێکی تر ((تیۆری (Theta) لە GBیدا مۆدەلێکە مامەڵە لەگەڵ داواکارییە گونجاوەکانی کرداردا دەکا و کۆمەڵێ ڕۆڵی تایبەتی بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە سنووری کرداردا ، (Trask: 1993: 279).

### ٣ـ٤ـ١. میکانیزمی ڕۆڵی ـ $\theta$ [١] و کەرەسە بەکارهاتوەکان:

داواکارییە گونجاوەکانی کردار لە جۆری ئارگۆمێنتەکاندا کۆ دەبێتەوە . ئەو داواکارییانەی کردار دەکەوێتە ژێر مەرجی گونجان، واتە داواکارییەکان هەڕەمەکی و بێ بنەما نین و (سروشتی مەرجە گونجاوەکان لەلاییکەوە پشت بە تایبەتییە واتاییەکانی (Semantic Properties) پریدیکات دەبەستێ و لە لاییکی ترەوە پشت بە ڕۆڵی (thematic = Semantic سیمانتیکی دەبەستێ، کە لەلایەن ئارگۆمێنتەکانەوە جێبەجێ دەکرێ (Radford 1997: 164).

---

[1] ـ ناولێنانی theta role: هەر پیتێ ناوێکی هەیە بۆ ناسینەوەی ، بۆ نموونە (ئەلف) ناوی یەکەم دەنگی زمانی عەرەبی (أ)ە ، بەهەمان شێوە پیتی (θ)ی گریکی کە یەکسانە بە (th)ی ئینگلیزی ناوی (theta) یە ، بەهۆی ئەوەی یەکەم دەنگی (thematic) بە (th) دەست پێ دەکا و θ=thی گریکی دەکرێ بە thematic role واتە ڕۆڵی بابەتانە بە (θ role) یان (theta role) ناو ببرێ (بڕوانە: Finch 2000 : 120, Radford 1997 : 154.

ئێمـە ثیماتیـك ڕۆڵ بـە ڕۆڵـی بابەتانـە نـاو دەبـەین . ئـەم ڕۆڵـە بابەتیانـە پڕیدیکات دەیسە پێنێ بە سەر ئارگۆمێنتەکاندا ، واتە ئەگـەر ئارگۆمێنتـەکان لـەو جۆرە نەبن یان ئەو جۆرە پەیوەندییەیان لەگـەڵ پڕیدیکاتەکانـدا نـەبێ ، کـە ئـەم دەیـەوێ ، ئـەوا ڕسـتەکە نارێزمـانی دەردەچـێ (Bresnan 2000 : 304) . لێـرەدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەبێـــەوە ، کـەوا پڕیـدیکات و ئارگۆمینتـەکان لـە پـاڵ هەندێ میکانیزمی تری تیۆرەکە دوو جەمسەری سەرەکی ڕۆڵی بابەتانەن.

پڕیدیکاتیش لە هەڵبژاردنی ئـاڕگۆ مێنتەکانیـدا پـشت بـە واتاکـەی دەبەسـتێ لەوەی کەوا چـەند شـت هاوبەشـی لەگەڵـدا دەکـەن، بـۆ نموونـە کردارێکـی وەکـو (xiwa:rd) پێویـستی بـە هاوبەشـیکردنی ئـەو کەسـەیە کـە بـەکاری خواردنەکـە هەڵدەستێ، لەلایێکی ترەوە ئەو شـتەی کاریگـەری خواردنەکـەی دەکەوێتـە سـەر واتـا دەخـورێ. لـەلاییێکی تـرەوە کردارێکـی وەکـو (pekani:n) هەڵوێـستەکە وا ناخوازێ کە لەیەك بەشداربوو زیاتر تێیـدا بەشـداری بکـا ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی مانــاو نــاوەڕۆکی کردارەکــە پێویــستی بــە کەرەســەیێ هەیــە بــۆ ئەنجامــدانی پێکەنینەکــە، لــەم بــارەی دواییــدا کردارەکــە هەریــەك ڕۆڵــی بابەتانــە بەهــەر ئاڕگۆمێنتێ دەبەخشێ.

## ٣- ٤- ٢. پێوەری $\theta$ – Theta Criterion:

(هەر ئاوڕگۆمێنتێ تەنیا و تەنیا یەك ڕۆڵی بابەتانـە لـەخۆ دەگـرێ، هــەروەها هــەر ڕۆڵێکـی بابەتانـەش بەیـەك ئاڕگۆمێنـت دەدرێ ( Haegman 1999:27, Zogona 1988: 14).

بەپێی پێوەری $\theta$، گەر ئاڕگۆمێنتێ زیاتر لە ڕۆڵێکی بابەتانەی پێ بدرێ ئەوە لادانە لە تیۆری $\theta$- و ئەنجامەکەشـی ڕسـتەکە نادروسـت دەبـێ ill _ formed ، بـەڵام ڕوونکردنـەوەی ڕۆڵـی بابەتانـەش هـەموو دەم وا ئاسـان نییـە، بـۆ نموونـە لەڕستەییێکی وەکو:

5- *a:l^uda cu:wa bo sayra:n


ئامانج        بابەت/ کارا

(a:l^uda) هەردوو ڕۆڵی (agent) و (theme) دەردەبڕێ، بەواتای ئەوەی (a:l^uda) لەلایێك دەبێتە بابەت و ناوەڕۆكی ڕستەكە، لەهەمان كاتدا هەڵسوڕینەری كرداریشە بەمەش ڕستەكە ناڕێزمانییە، چونكە بەپێوەری ڕۆڵی بابەتانە دوو ڕۆڵ بە (a:l^da) نادرێ. بە گەڕانەوە بۆ پێوەری $\theta$_ سەبارەت بە ئارگۆمێنتەكان لە چوارچێوەی پریدیكاتەكانەوە ڕۆڵەكەی پێ دەدرێ، واتە پریدیكاتەكان هەندێ شت لەبارەی بوونی (Entity) ئارگۆمێنتەكان و پەیوەندییە واتاییەكانیانەوە ڕوون دەكاتەوە، ئەمەش لەچوارچێوەی دوو پرەنسیپدا كە بریتین لە:


١- هەڵبژاردنی واتایی S_Selection: بریتییە لەتوانای پریدیكاتەكان بۆ كۆتبەندكردنی جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی كە بەشداری لەگەڵدا دەكەن، بەمەش پریدیكات ژمارەیێكی دیاریكراو لەو ئارگۆمێنتانە هەڵدەبژێرێ كە ڕۆڵی $\theta$_ وەردەگرن.

(زانیارییە فەرهەنگییەكانی ئێمە پەیوەستە بە تایبەتمەندییەكانی هەڵبژاردنی یەكەی فەرهەنگی (Cook: 1997:161). ئەمانەش زیاتر لەچوارچێوەی ($\theta$_ grids) دا دەنوێنرێن. تۆڕی ثێتا پێمان دەڵێ چ ڕۆڵێكی بابەتانە ئارگۆمێنتەكانی پریدیكات لەخۆ دەگرن، بەمەش تایبەتمەندییە فەرهەنگییەكان لەڕستەدا ڕەنگ دەداتەوە لەوەی كەوا چ جۆرە توخمێ دەبێ بەشداری بكا، بۆ نموونە:

كرداری (nust) تەنیا یەك ڕۆڵی دەوێ كە كارایە و بەم جۆرە پیشان دەدرێ:




بەڵام كرداری (xiwa:rd) دوو ڕۆڵی لەگەڵدایە: كاراو كارتێكراو:



٢ـ هەڵبژاردنی کەتێگۆری ـ C_Selection: لەپاڵ هەڵبژاردنی واتاییی وەکو تایبەتمەندێیکی تری پریدیکات کار دەکا، ئەمەش توانای پریدیکات لەهەڵبژاردنی کەتێگۆری تەواوکار (Complement)، کە یەکە فەرهەنگییەکە بواری پێدەدا (هەمان سەرچاوە ١٦٢).

دیسانەوە کرداری kawt پێویستی بەتەواوکار نییەو بەم جۆرە نیشان دەدرێ.

8- kawt v ⟨ ∅ kawt ⟩

بەڵام (na:rd) تەواوکاری دەوێ:

9- na:rd v ⟨ ——— na:rd ⟩

دەکرێ هەردوو هەڵبژاردنەکە لەیەك بدرێ:

10- nust: v ⟨ ——— ∅ nust ⟩

↓

کارا

11-xiwa:rd v ⟨ ——— ——— xiwa:rd ⟩

بەواتاییێکی تر ، هەر پریدیکاتێ یا کردارێ لە ڕێگەی دەروازە فەرهەنگییەکەوە دەتوانێ جۆری کە تێگۆرییە تەواو کارەکەی دەستنیشان بکا ، بۆ نموونە : لە (12-a-b)یدا.

12- a. * a:za:d s^xa:kay xiwa:rd.
b.a:za:d hal^uz^ay xiwa:rd.

ڕستەی (12-a) لە هەڵبژاردنی تەواو کارەکەیدا سەرنەکەوتووە . چونکە کەتیگۆری (s^a:x) بۆ خواردن ناشێ (ئەم تایبەتمەنییە بەدەر لە بە کارهێنانە مێتافۆر و ئەفسانەییەکانە).

یان لەڕستەی (13-a-b)یدا

13- a. na:za la mina:l^akay pirsi

b. na;za la diwa:rakay pirsi.

لە (13-b)یدا کرداری (pirsi) ناتوانێ ئەو جۆرە (NP)ییە وەکو تەواوکار هەڵبژێرێ.

ئەم بیرۆکەیەش پەیوەندی بە بیرە کۆنەکەی لقە کە تیگۆریەکانەوە ( Sub-categorization) هەیە سەبارەت بەوەی کە کرداری تێنەپەڕ هیچ تەواوکارێ وەرناگرێ و کرداری تێپەڕ تەواوکارێ یان زیاتر وەردەگرێ ، ( Sub-Categorization) بەم شێوەی خوارەوە دەنوێنرێ :

14- dil^niya : A ⟨ ——— CP ⟩

15- xiwa:rd V ⟨ NP ——— ⟩

## ٣-٤-٣. ڕۆنانی ئارگۆمێنت. Argument Structure:

دەروازەی فەرهەنگی وەسفی ئەوە دەکا، کە چۆن وشەیێ لە ڕووی سینتاکسەوە ڕەفتار دەکا ، کاتێ بەو وشەی ترەوە ، یان بە گرێیێکەوە گرێدەدرێ، بۆنموونە کرداری (dagri) دەتوانرێ لە ڕستەی (16- a) بەکاربێ .

16- a. farha:d dagri

b. farha:d sarkawt dagri

c. farha:d ba a:w dagri.

ئەوەی ئێمە لەبارەی (dagri) بیەوە دەیزانین ئەوەیە ، کەوا بڕیار لەسەر ئەگەر و نەگەری ڕستە گونجاوەکان بدەین ، لە لاییێکی ترەوە، ئەوەشمان پێدەڵێ، کە کرداری (dagri) پێویستی بەیەك کەرەسە هەیە ، کە بە کاری (girya:n) هەڵدەستێ.

پریدیکات پەیوەندی واتایی نێوان ئارگۆمێنتەکان دەردەبڕێ ، بۆ نموونە پەیوەندی واتایی نێوان پریدیکاتی (hal^wari) و ئارگۆمێنتی (gal^a:ka:n) یان نێوان پریدیکاتی (hal^gar^a:n) و (ma:raka) و (da:raka). ژمارەی ئەو ئارگۆمێنتانەی پەیوەندییان بە پریدیکاتەوە هەیە دەوەستێتە سەر زانینی واتای پریدیکاتەکە . ئێمە مانای پریدیکاتی (hal^wri:n) نازانین ، گەر نەزانین ، کەوا ئەو پریدیکاتە پێویستی بە چەند ئارگۆمێنت هەیە ، ئەو سیماواتاییە پێی دەڵێن ڕۆنانی ئارگۆمێنت (Argument Structure) . زانینی ڕۆنانی ئارگۆمێنت لەهەر پریدیکاتیکدا نەك زانینی ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی ئەو پریدیکاتەیە بە ڵکو زانینی جۆرەکەشیەتی.

17- arxawa:n c^a:y lena:

کرداری (lena:) پێویستی بە ئارگۆمێنتێکە کە بەکاری لێنان هەڵبستێ . (arxawa:n) و ئەو شتەی کاری لێنانەکە هەڵدەگرێ.

لە لاییێکی ترەوە داواکارییە گونجاوەکانی کرداری بە تەواوی پەیوەندی بە واتاکەیەوە هەیە ، بۆ نموونە لە کردارێکی وکو (cehes^t) دا لە ڕستەی (18)دا.

18- a:ra:m mal^akay cehes^t.

ئاماژە بە دوو هاوبەش دەکا ، چونکە ئێمە ناتوانین بیر لە کرداری (cehes^t) بکەینەوە بێ ئەوەی ، بیر لەو دوو هاوبەشەی بکەینەوە ، بەمەش واتای کردارەکە ژمارە و جۆری هاوبەشەکانی دەستنیشان دەکا ( Haegman : 25 :1999) بەمەش هەموو کردارێ ڕۆنانی ئارگۆمێنتیی هەیە ، جۆر و ژمارەکەی بە پێی جۆری کردارەکەی دەگۆڕێ بۆ نموونە .

19- a. cehes^t: 1:
2:
b. a:ra:m mal^kay ce hes^t.
1 2

ئارگۆمێنتی (1) کارایە و ئەنجامدەری چالاکییەکەیە و بە بکەر ناو دەبرێ ، ئارگۆمێنتی (2) چالاکییەکە وەردەگرێ . جیاوازی ئەو ڕۆڵانە بەسەر ئارگۆمینتەکانا دابەش دەبن و ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن و واتا ئارگۆمێنتی (1) ڕۆڵی بابەتانەی کارا وەردەگرێ و ئارگۆمێنتی (2) ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار وەردەگرێ ، ئەو ئارگۆمێنتانەش بە هۆی NP ییەوە بەدەر دەکەون (بڕوانە هەمان سەرچاوەی 26)).

## ٥-٣ سیمای لقە کە تێگۆریەکانی کردار:

(یاسای فرەیز پێکهێنان لەVPیدا کە تێگۆرییە سەرەکییەکانی کردار دەستنیشان دەکا و توانای ئەوەمان پێدەدا کەوا کردارەکان بە پێی جۆری تەواو کارەکانیان دابنرێ پۆل بکەین بەم پێیە کردار دەبێ بەم جۆرە لەفەرهەنگدا لیست بکرێ کەوا هێما بۆ جۆری تەواوکارەکانیان (لە پاڵ زانیارییەکانی تری وەکو بەشە ئاخاوتنەکەی -V- دەربڕینەکەی ) ئەم هێما کردنەی سیمای لقە کە تێگۆرییە کە بەم شێوەیە[X_____]دەردەبڕێ ئەم هێڵە، _____ ، شوێنی کردارەکەیەو X، جۆری تەواوکارەکەیەتی کە VP ییەکە تەواو دەکا و بریتییە لە N یان adj ، یان NP یان (AP) ییە ، بۆ نموونە سیمای ئەم کردارانەی خوارەوە بەم شێوەیە دەبێ :

20- a. na:rd , V [N]
b. x:ward , V [ N ]
c. ba:war^kird , V [ N ]

جیاوازی لە نێوان لقە کە تێگۆرییەکان Sub – Categorzation و ڕۆنانی $\theta$ یان ڕۆنانی ئارگۆمێنتەکان لەوەدایە کەوا قالبی لقە کە تێگۆرییەکان لەگەڵ کردار دا یەکدەگرن و تەنیا ئاماژە بە تەواوکارەکانی کردار دەکەن ، ئەو

کەرەسەیەی پێش کردار دەکەوێ لە زمانی کوردیدا . قالبی لقـە کـە تیگۆرییـەکان هیچ ئاماژەییێکی بۆ بکەر تێدانیە ، ئەمەش  بـەهۆی ئـەوەی کـەوا هـەموو کـرداریێ بکەری تێدایە ، بەم پێیە ناکرێ پۆلی کردار بە پێی بوونی بکـەر پـۆل بکـرێ بـەلاَم هۆی ئەوەی ئەم بنەمای پۆلکردنە بۆ بەرکار دەشێ چونکە کردار هەیە و تەواوکار وەرناگرێ (کردارە تێنەپەرەکان) بۆ نموونە کرداری (na:rd) لە ڕستەی (21)دا.

21- min na:makam bo ewa na:rd.

لەبەر ڕۆشنایی لقـە کـە تێگۆرییەکانـدا لقـە پـۆل دەکـرێ بـۆ دوو NP : 1 – 2– na:ma یـەکێکیان (pp) ییـە (bo ewa) بـەلاَم بـەهۆی ئـەوەی کـرداری (na:rdin) داوای سـێ ئارگۆمێنـت دەکـا و هـەر ئارگۆمێنتـێ ڕۆڵێکـی بابەتانـە وەردەگرێ .

22- na:rdin <agent, theme/patient/goal>

ئەم شێوە ڕێزکردنەی ئارگۆمێنتەکانی کردار ، ڕۆنانی ئارگۆمێنتە.

بەم جۆرە بکەر ناچێتە قالبی لقە کە تێگۆریەکانـەوە ، بـەلاَم دەچـێتە قـالَبی ڕۆنانی کەتێگۆرییەکانەوە (بڕوانە Haegman 1999: 28) .

لە لایێکـی تـرەوە ئەگـەر لـەوردە کارییـەکانی پێـوەری $\theta$ بکۆلینـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ ، کـەوا جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـا شـوێنی هـەموو ئـارگۆمێنتێکی نـاوەکی Internal Argumentی بـە خورتـەکی (الزامـی) دەبـێ پڕبکرێتـەوە و ڕۆڵێکـی بابەتانـە بـدا ، کەلەفەرهەنگـدا دیـاری دەکـرێ، بـەلاَم کـاتێ شـوێنی ئارگۆمێنتی دەرەکی پڕ دەکاتەوە کە فرەیزی کرداری VP ڕۆڵێکی دەرەکی بدا ، ئەگـەر نـا شـوێنەکەی بـە بـەتالَی دەمێنێتـەوە (بڕوانـە Zagona 1988: 14) هەموو ئارگۆمێنتێ وەکـو سـەرەی دەروازەی فەرهـەنگی لیـست دەکـرێ ، لەگـەڵ هەندێ ڕۆڵی بابەتانە یەك دەگرن ، لقە کەتێگۆرییەکانی نیشانەی $\theta$ یـان تێدایـە ، کردارێکی وەکو (xawt) لە (23) دا.

23- pa:sawa:naka xawt.

ئارگۆمێنتـێ نـاوەکی (Internal Argument)ی تێـدا نییـە، بـەلاَم لێـرەدا XP ڕۆڵـــی بابەتانـــەی بکـــەر agent دەدا بـــە ئارگۆمێنتـــە دەرەکییەکـــەی pa:sawa:n بەلاَم لـە ڕسـتەیەکی وەکـو (24)دا XP هـیچ ڕۆڵێکـی بابەتانـە بـە ئارگۆمێنت نادا:

24- pedac^e ba:ra:n be.

25- wa: day:ra ka a:za:d na:yat.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا بە دیار دەکەوێ کەوا حالـەتی ئـاڕگۆمێنتی دەرەکـی زۆر ڕوون نەبێ بە پێی ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە دەکـرێ بـەراوردێ لـە نێـوان ئاڕگۆمینتی ناوەکی و ئاڕگۆمێنتی دەرەکی بکەین:

١ـ ڕۆڵی بابەتانەی ئاڕگۆمێنتی دەرەکی لەلایەن VPییەوە دەدرێ.

٢ـ ڕۆڵی بابەتانەی ئەم جۆرەئاڕگۆمێنتە یان agent و یان themeەو پشت بە ڕۆڵی بەرکار دەبەستێ.

٣ـ تەنیا ئاڕگۆمێنتی دەرەکـی دەکـرێ بـێ ڕۆڵـی بابەتانـە non-thematic بێ. بەم پێیە ئارگۆمێنتی دەرەکی و ناوەکی بەپێوەری کرداری (V) دەستنیشان بکرێ بە هۆی ئەوەی ئەو ئاڕگۆمێنتانەی (تەواوکار) لە ژێر دەستەڵاتی سەرە دابێ ئەوە ئاڕگۆمێنتی ناوەکییە ، بـەڵام لـە دەرەوەی دەسـتەڵاتی (V) دا دابـێ ئـەوە دەرەکییە.


لـە لایـەکی تـرەوە بـە پێـی ڕۆنـانی ئاڕگۆمێنتـەکان دەکـرێ بـەم شـێوەیەی خوارەوە ئاڕگۆمێنتی دەرەکی و ناوەکی لێك جیابکرێتەوە:

26 . X < Y, P Z>

ئەم ئاڕگۆمێنتانە Z, Y, X لە نواندنی (<.>)یدا بە پێـی پۆلـە سنتاکسی و ڕۆنانە هەرەمییەکانن لە سینتاکسدا . نزمترین باری xy و z ئاڕگۆمێنتی نۆمینەڵی دەنوێنـێ (DP,NP) بگـۆڕی (مـتغیر) ـpـ پێـشنیاوی لۆکـاڵ دەنوێنـێ . x لـەدەرەوەی کەوانـە گۆشـەییەکەیە، کـە بـە <> (anglebrackets) و x ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە. Z,Y ئارگۆمێنتی ناوەکین Y ئارگۆمێنتە هێـل لـەژێرە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئاڕگۆمێنتێکی ناوەکی ڕاستەوخۆیە ( کـە دەبـێ لەگـەڵ v یـدا خوشك بێ ، کەچی z ئارگۆمێنتێکی ناوەکییەو و بە ناوێزەیی لە PP یدایە . ئـەم ڕاستیانەش مـەرجێ یـان کۆتبەنـدێ دەخەنـە سـەر نیـشانەکردنی $\theta$ ەوە ، دەبـێ ئەوەش بڵێین کەوا تەواو کارەکان لە ژێر مـەرجی خوشـکایەتی (Sister Hood) نیشانەی $\theta$ وەردەگرن . بەڵام سەرەو تەواوکارەکەی نێشانەی $\theta$ بەبکەر دەدەن ، بە واتایەکی تـر بکـەر لـە ڕووی $\theta$ ەوە نیـشانە دەکـرێ بـە هـۆی کـردارەوە ، کـە خوشکییەتی ، زاراوەییێکـی تـری پەیوەسـت بـەو مەسـەلەیە زاراوەی ڕاسـتەو خـۆ

Direct و ناڕاستەو خۆ Indirectن، لەوەی کەوا سەرە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی $\theta$ بەتەواوکارەکانی دەداو ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی $\theta$ بە بکەر دەدا (بڕوانە Cook 1997 :172) ، Bresnan 200: 305) بۆ نموونە ئەم هێلکارییەی خوارەوە وەردەگرین:

27.





بۆ تێگەیشتنی هێڵکاری (27) سەیری هێڵکاری ژمارە (41) بکە.

## ٦ـ٣ . ئێکس ــ بارو تیۆری θ:

ڕێگەی پەیوەندی کردنی یان بەستنەوەی زانیارییە فەرهەنگییەکان بە پرۆسەی تیۆری سینتاکسی ئێکس ـــ بارەوە لە ڕێگەی چەمکی جێکەوتەوە (projection) ەوە دەبێ ، بۆ نموونە سەرەی کرداری (xawt) V جێکەوتەکەی V یە ئەمەی دواییان جێکەوتەکەی لە VP (V) دادەبێ . ئەم پرەنسیپە کە ئیکس ــ بار بەسەر هەموو کەتیگۆرییەکانی تری وەکو ( Adj, N....) جێبەجێی دەبێ نەك تەنیا (V) بەم پێیە $\overline{\overline{X}}$_$\overline{X}$_X سەراپا کردنە بۆ هەموو کەتیگۆرییەکان . ئەمەش ئەوە دەگەینێ کەوا یەکەیەکی فەرهەنگی (V) بۆ نموونە هەموو زانیارییە فەرهەنگییەکان سەردەخا لە (V) بۆ VP بەم شێوەی خوارەوە:

(28) a. یان b.




(دەروازەی فەرهەنگی (Lexical Entry) پێمان دەڵێ ئەو یەکە فەرهەنگییە (xawt) کردارە، یەکەم جار وەکو سەرە دەچێتە ناو فریزەکەوە دواتر ئەو زانیارییانەی کە ماوەتەوە بە ڕێگەی پرەنسیپی ئێکسبارەوە دەکەوێتە ناو ڕۆنانەکەوە (بڕوانە Cook 1997:166). دەبێ ئەوە بوترێ کەوا لەسەرەتاکانی ڕێزمانی بەهەمهێناندا ، فەرهەنگ لەگەڵ پێکهێنی کەتیگۆرییەکان بە ڕێگەی یاسای فرەیز پێکهێنان PS – rule و یاسای لیستکردنی فەرهەنگی Lexical Insertion کاری دەکرد ، ((بەڵام بەم شێوەی کار کردنە لە تیۆری ستانداری فراوانکراو (EST) گۆڕاو بە جۆرێ کەوا فەرهەنگ پێکهێنی سەربەخۆی هەیەو بەیەکەوە لەگەڵ پێکهێنی کەتیگۆری (categorical component) کار دەکا لە ڕێگەی لقە سیستەمێکی بنجی ڕێزمان.

هەر دەروازەییێکی فەرهەنگی لەوەسف کردنی هەر یەکەیەکی فەرهەنگیدا کۆمەڵێ زانیاری ڕۆنانی لەبەر چاو دەگرێ ، کە پەیوەندی بەلایەنی سینتاکس و واتایی و تایبەتمەندی دەنگی و گەلێ تایبەتمەندی ناوەکی تری یەکە فەرهەنگییەکەیەوە هەیە : (Casadio, 1999: 3).

## ٣-٧- نموونەی زانیارییە فەرهەنگییەکان:

زانیارییە فەرهەنگییەکان ئەم جۆرانە دەگرێتە خۆ:ـ

١- تایبەتمەندییە دەنگییەکان. Phonological Properties.

ئەم جۆرە تایبەتمەندییەش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ - هێزو ترپە و ناوبڕەکان (فاصل).

ب - دەربڕین (Spelling) ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە گۆڕینی دەنگەکە یان کرتاندنی ، یان زیادکردنی . وەکو گۆڕینی دەنگی ش ←—— ژ لە ژێر کاریگەری یاسای دەنگی گڕی و کپیدا.

٢- تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجی Morphological properties .

أ - مۆرفیمی ڕێزمانی . ب - وشە دارێژ ج - لێکدان (وشە لێکدان).

٣- تایبەتمەندی واتایی Semantic Properties

أ - سیمای ئەسڵی (Inherent)

لەبەر ئەوەی پێی دەڵێن ئەسڵی چونکە لەگەڵ یەکە فەرهەنگییەکەدا لەدایك بووە و پێوەی لکاوە. بۆ نموونە لە وشەیێکی وەکو (کوڕ) سیما ئەسلیەکانی بەم جۆرە دەبێ:

+مرۆڤ، +زیندوو ، +ناسراو ، +ژمێراو....

ب - سیمای بابەتانە Thematic Features : ڕۆڵی $\theta$ ەکان دەگرێتەوە : بکەر (Agent) ، بابەت (Theme....).

هەروەها ڕووکار (Aspect) بەردەوامی ، دوور ....).

ج - سیمای ئەرکی Functional features CP,IP .

٤- تایبەتمەندیە سینتاکسییەکان:

أ - لقە کەتیگۆرییەکان - Sub Categorization.

وەکو ئەوەی کردارەکە پێویستی بە تەواو کار هەیە یان نا.

ب - سیمای ڕێکەوتن - Agreement Futures.

کەس و ژمارە ، ڕەگەز (Gender)، دۆخ.

٥- فرەیزی ناویی بۆ نموونە ئەم سیمایانە وەردەگرێ:

NP [ +ناسراو] [ نابەرجەستە، + مرۆڤ] ، [ +ژمێـردراو+ زینـدو] ، [ N+]
kur^ (لـە تیـۆری سـتانداری فراوانکـراودا لـە (T – Model) دا بـاس لـە بینـای هەڕەمی پەیوەندی نێوان بنج (پێکهێنی فەرهـەنگی کـەتیگۆری) لەلایـەك و نێـوان فـۆرمی دەنگـی (Phonetic Form) فـۆرمی لـۆجیکی (Logical Form) لەلایەکی ترەوە ئاستی نواندنی ناوەندە بەهۆی ڕۆنانی ژێرەوە (D- structure) و ئاسـتی سـەرەوە (Shallow) بـە پێـی گریمانـەی تیـۆری Minimalist ئـەو ئاستەی ڕۆنانی ژیرەوە و ڕۆنانی سەرەوە بەدەر ناکەون و فەرهەنگ ڕاستەوخۆ لە ڕێگـــەی دوو ئاســـتە بنەڕەتییەکـــەی (PF) و (LF) جێکەوتـــەی دەبـــێ .(Casadio1999:3)

## ٣ـ ٨ ئایا تەنیا کردار ڕۆڵی بابەتانە دەدا؟

باسـی ئـەوەمان کـرد کـەوا کـرداری فەرهـەنگی ژمارەیـێ ڕۆڵـی $\theta-$ دەدا و ئـەو ڕۆڵانەش داوای ئارگۆ مێنتی گونجاو دەکەن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کـەوا تـەنیا کرداری پێدەری ئەو ڕۆڵە بابەتییانەیە . بەڵام ئەمـە ڕاسـت نییـە ، چـونکە نـاویش دەتوانـێ داوای ئـــەو دەروازە فەرهەنگییانـــە بکـــا بـــۆ بـــەکارهێنانیان و یـــەکتر بەستنەوەیان (Cook 1997: 176, Haegman 1999 : 39).

بـۆ نموونـە لـە ڕسـتەی (29)دا بـەهۆی ئـەوەی چـاووگ لـە زمـانی کوردیـدا مامەڵەی ناوی لەگەڵدا دەکرێ ئەگەر چـی لـە بنەڕەتـدا چـەمك و نـاوەڕۆکی کـردار هەڵدەگرێ بۆ نموونە :

29- hel^kis^a:ni a:ri ba kewakada:.

بەهـــەمان ڕێگـــەی شـــیکردنەوەی کردارەکـــان ، چـــاووگی hel^kis^a:n پێویستی بە ئارگۆمێنتێکە هەڵکشانەکە ئەنجام بدا (Agrent – a:ri) وشتێك کە پێدا هەڵکشێ (ba kewaka) کە (Locative – Goal)ە.

## ٩ـ٣ جوڵانەوەو ڕۆڵی بابەتانە:

هەندێ زمان بە پێی یاساکانی گوێزانەوەو وەکو تایبەتمەندییێکی سەراپا ڕێگە بە هەندێ کەرەسە دەدا ، کە لە شوێنی خـۆی بجولـێ (وەکـو وشـەی پرسـیار لـە زمانی ئینگلیزیدا) ، بـەڵام ئـەو زانیارییـەی بـە هـۆی فەرهەنگـەوە دەدرێ بـەهۆی

گوێزانەوەکانەوە ناگۆڕێ ، بۆ نموونە ئەگەر باری فەرهەنگی کرداری ئەوە بوو کەوا تەواو کارێکی NP وەر دەگرێ ، ئەو تەواو کارە بەهۆی کردەکانی گوێزانەوە ون نابێ . دەروازەی فەرهەنگی لە GB یدا ئەوەشی پەسەند کردووە کەوا شێوەی پەیوەندی وشە قالبی تاکە لقە کە تیگۆریێ دروست دەکا و هیچ قەدبڕیێ لەنێوان بەیوەندیی ئارگۆمێنتی سینتاکسی و ڕۆڵی سیمانتیکی درووست ناکا ، (Black 1999: 30, Cook 1997: 167).

بۆ نموونە لە شیکردنەوەی بکەر نادیاردا:

30- Pa:raka dizra:.

ناکرێ (Pa:ra) کە بیرۆکەی سەرەکی ڕستەکەیە (Theme) لە بارێکدا ئاماژە بە بەرکار (Object) بکاو لەبارێکی تردا ئاماژە بۆ بکەر (+Subject) بکا، بەمەش ڕۆڵی بابەت (Theme) هەردەم بە بەر کاری ڕاستەوخۆ دەدرێ لە چوار چێوەی کردارێکی تێپەڕدا، بەڵام ڕۆڵی سود وەرگر (Recipientt) بە بەرکاری ناراستەوخۆ دەدرێ . بەم پێیە ڕۆڵی سیمانتیکی لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەدرێ ئەمەش لە ڕێگەی دەروازە فەرهەنگییەکانەوە (گریمانەییێکی تر کە ڕێگە لە جوڵانەوە دەگرێ بە هۆی ئەو گۆڕانەی لە بەستنەوەی نێوان ئارگۆمێنتی سینتاکس و ڕۆڵی سیمانتیکی ڕوودەدا) . لەبەر ئەوەیە جوڵاندنی هەندێ شت لەدەرەوەی شوێنەکەی خۆی ڕێگەی پێدراوە بۆ نموونە گواستنەوەی WHی پرسیار، بەڵام هیچ کەرەسەیێکی تر بۆی نییە بۆ ئەو شوێنە بجولێ . ڕۆڵی سیمانتیکی لە شوێنە ئەسڵییەکەی خۆی دەمێنێ (بەر لەجوڵان) لە بری ئەوەی لەگەڵ فرەیزەکە بجولێ . ڕۆڵی سیمانتیکی بەشێ نییە لە درەختی نواندنەکە ، بەڵکو بەشێکە لە لقە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکە کە دەچێتە شوێنی ڕۆنانی ژێرەوە ، جوڵاندن بۆ ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بە ڕۆڵێکی سیمانتیکی ڕێگەی پێ نادرێ ، کە دەبێتە مایەی وەرگرتنی ئەو کەرەسە جوڵاوە بۆ ڕۆڵە سیمانتیکیەی ئەو شوێنە، چونکە ئەمە پەیوەندی بنەڕەتی دەگۆڕێ (شوێنی تریسەکە Trace کە دوای جوڵانەوەکە جێماوە بەستنەوەیێ لەنێوان کەرەسە جولاوەکە و ئەو شوێنەی لە ڕۆنانی ژێرەوەدا پڕی دەکاتەوە دروست دەکا . ئەمەش ئەو ڕاستییەی سەرەوە دووپات دەکاتەوە کەوا ئەو بەرکارەی کە بۆ

شوێنی بکەر دەگوێزرێتەوە (لە زمانی کوردیدا ئەو گوێزانەوەیە نییە) ڕۆڵە $\theta$ یە بنە ڕەتییەکەی خۆی لە دەس نادا (بڕوانە Black 1999: 30) . وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد تەواو کار NP لەگەڵ گوێزانەوە لەناو ناچێ ، بەهەمان شێوە تەواو کارێکی تر دوای گوێزانەوەکە زیاد ناکرێ و کەتیگۆرییەکەش ناگۆڕێ . چۆمسکی زانیارییەکانی دەروازە فەرهەنگییەکان بە پیرۆز Sacrosanct ناو دەبا، دەروازە فەرهەنگییەکان بەم پێیە تەنیا لە دارشتنی ڕۆنانەکاندا جێکەوتەی نابێ ، بەڵکو لە ئاستی LF و ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە و هەموو زنجیرە بەکارهێنانەکاندا جێکەوتەی دەبێ.

## ٣-١٠ چوار چێوەی هێزو پێوەری θ :

سەبارەت بەو هێزەی بە پێوەری $\theta$ دەدرێ ، بە تەواوی هەموو دەم سەرناکەوێ ، زیاتر لە ڕوانگەی ئەو سەربارانەی لە ڕستەدا زیاد دەکرێ کێشەیێ یان لادانێ لە پێوەری $\theta$ دروست دەکا ((ڕۆنانی ئارگۆمێنتەکان لەگەڵ کردار یەکدەگرن بۆ دیاری کردنی ژمارەیێ پێکهێنی ڕستەی ڕێزمانی ، بەڵام ڕۆنانی ئارگۆمێنتەکان ناتوانێ بە تەواوی چوارچێوەی ڕستەکان پڕ بکاتەوە (Haegman 1999:28) بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بمانەوێ هەواڵەکە یان مەبەستەکە بە تەواوی بگەیەنین دەبێ پەنا بەرینە بەر کەرەسە سەربارەکان بۆ دەستنیشانکردنی شوێن و کاتی ڕووداوەکە . بۆ نموونە ، کردارێکی وەکو (na:rdin) پێویستی بە سێ ئارگۆمێنتی سەرەکی هەیە:

31- <u>min</u> <u>na:makam bo ewa</u> na:rd.
1 2 3

بەڵام دەکرێ ڕستەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێ :

32- a:za:d namaky ba tur^ayaiwa bo ewa na:rd.

چۆمسکی ئەمە بەدەرچون یان لادان لە پێوەری $\theta$ دادەنێ ، بەوەی کەوا (a:za:d) تەنیا ئەو کەسە نییە کە نامەکەی ناردبوو ، بەڵکو ئەو کەسەشە کە تورە بووە . بەمەش (a:za:d) یەك ئارگۆمێنتە و دوو ڕۆڵی $\theta$ پێدراوە ، ئەمەش

بەلادان لە پێوەری $\theta$ دادەنرێ ، چۆمسکی هەوڵی ئەوەی داوە چارەسەری ئەو کێشەیە بکا بە سوك کردنی هەندێ لە کۆتبەندەکانی پێوەری $\theta$ لە لایێکی ترەوە زمانی مرۆڤ هەوڵ دەدا کەرەسە زیادەکان لە ڕۆنانی ڕستەدا کەم بکاتەوە ، ئەگەر چی ئەم زیادەیە لە زمانە ناسروشتیەکانی وەکو زمانی ماتماتیك قە بووڵ دەکرێ:

چۆمسکی ئەم شیکرنەوەی لە دوو تۆێی دووپرەنسیپ دا ئەنجام داوە ، کە زیاتر دەچێتە چوارچێوەی تیۆری (بچوکترین پرۆگرام ـ Minimalist program ) کە بە ئاماژەیێکی کورت لەو دوو خاڵەی خوارەوە دا ڕوونی دەکەینەوە:ـ

١ـ لێکدانەوەی پڕاو پڕ : Full Interpretation – FI)

هەر کەرەسەیێ کە لەڕستەدا دەر دەکەوێ دەبێ بە ڕێگەیێ لێکبدرێتەوە و هیچ زیادەیێ لە ڕۆنانی زمانەکەدا قبوڵ نەکا.

٢ـ پرەنسیپی وزە پاراستن : Principle of Economy

چۆمسکی تێبینی ئەوەی کرد کەوا دەبێ لە ڕۆنانەکانی زماندا ئابووری بکا لە ئەگەرەکانیدا ، بەمەش تەنیا ئەو کەرەسانە لە ڕستەدا بەدەر بکەوێ کە پێویستن، ئەم پرەنسیپە زۆر بنەڕەتییە بۆ پاراستنی سیستەمی کۆتبەندەکان ، لەبەرانبەر ئەو پرەنسیپەدا زیادکردنی سەربارەکان دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی ژمارەیێکی زۆری ئەگەرەکان ، بەڵام ئابووری کردنی ڕۆنانەکان لە هەندێ ڕۆنانی بێ لێکدانەوەمان دوور دەکاتەوە (بڕوانە 1999:9 kuhn ، Cook 1997:168) .

33- min amr^o ka be kar bum na:mayaki sayrim bo bira:darek nusi:

34- na:mayakim nusi.

٣ـ١١. ڕۆڵی سیمانتیکی و پێکهاتی بکەر نادیار (Passive):

تیۆری GB لە شیکردنەوەی . نادیاردا هەمان ڕێگەی ڕێزمانی گوێزانەوە بەتەواوی دەستە بەر ناکا . شیکردنەوەی ڕێزمانی گوێزانەوە (لە تێپەڕ)دا لە ڕۆنانی ژێرەوە دەستپێ دەکا ، دواتر بە هۆی جوڵانەوەی بکەر (یان لادانی ـــ

حـذف) ڕۆنـانی سـەرەوە پاسـیڤ بنیـاد دەنـێ . ئـەم هەوڵـەی ئـەو ڕێزمانـە ئـەو سەراپاکردنەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە.

١ـ هەموو کردارێکی تێپەڕ (Transitive) گـــۆڕانی بکـەر نادیـــــاری تێدایـە .

٢ـ هیچ کردارێکی تێنەپەڕ (Intransitive) گۆڕانیی بکـەر نادیـاری تێـدا نییـە .

٣ـ بکەری نادیار لەگەڵ بەرکاری دیار (Active) جووت دەبن.

تیۆری GB بەتەواوی هەمان ڕێگە دەستەبەر ناکا لە شـیکردنەوەی نادیـاردا . GB هـەوڵ دەدا وەسـفی هاوواتـایی (Synonymy) نێـوان ڕسـتەی نادیـارو دیار بکا.

وەکو لە (35) دابەدیار دەکەوێ:

35- a.c^ro na:zay bo a:hangaka ba:ng kird.

b. na:za bo a:hangaka ba:ng kira.

هاوواتایی ڕستەکانی (b.a) لەوەدایە کـەوا ، لـە هەردووکیانـدا (na:za) ئـەو کەسەیە کە بۆ ئاهەنگەکە بانگکراوە.

ڕۆڵی گشتی سیمانتیك وەکو ، بکەر (Agent) ، بابـەت (Theme) ، ئامـانج (Goal)، لۆکاڵ (Locative) ... هتد لە ڕێگەی دەروازە فەرهەنگییەکانـەوە بـە ئارگۆمێنتەکانـەوە دەبەسـترێنەوە بـۆ نموونـە کـرداری (ba:ngkirdin) دەروازە فەرهەنگییەکەی بەم شێوەیە دەبێ:

```
36- bang kird, V. [ ____NP (PP)]
                        |   [bo]
    (Black: 29 بڕوانە)   |      |
    Bang kird, <AGT,THEME, GOAL>
```

٣ـ ١٢.ژمارەو جۆرەکانی ڕۆڵی بابەتانە:

هەرچەند ناکرێ لیستێکی یەك لاکەرەوە بۆ ژمارە و جـۆری ڕۆڵـەکان دروسـت بکـەین ، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی بـە پێـی لێکۆڵـەرەوەکان دەگـۆڕێ ، لێـرەدا هەوڵدەدەین گرینگترینیان بخەینە ڕوو :

**١. ڕۆڵی بابەتانەی کارا** AGENT Theat Role

**گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کارا:**

أ ـ بۆ جیاکردنەوەی کارا لە بکەری ڕێزمانی دێرین ((هەموو کارایە بکەری ڕێزمانی دێرینە ، بەلام بە پێچەوانەش نابێ (یوسف شریف ١٩٩٠:٩) بەواتای ئەوەی کارا دەبێ هەردەم زیندوو بێ ، بەکارێ هەستێ:

37- ma:mosta (کارا) wa:na daletawa.

38- ba:yaka (بکەر) kaprakay ruxa:nd.

ب ـ دەکرێ بە سیما بنەڕەتییەکان بکەر لە کارا جیا بکەینەوە ( Inherent Features)

١ـ کارا [ N+ ، + زیندوو، + هێز ، +مەبەست]

٢ـ بکەر [ N+، ± زیندووو ، ± هێز، ± مەبەست]


ج ـ کارا ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە (External) لە ڕێگەی VP ییەوە نەك V ییەوە ڕۆڵی واتایی پێ دەدرێ.

د ـ V بە شێوەییێکی ناڕاستەوخۆ ئەو ڕۆڵە بەکارا دەدا بۆ نموونە لە ڕستەی:

40- aw barda kay ha:wesˆt.

وێنەی (41) ڕوونی دەکاتەوە:_

(41)




هـ ـ تەنیا شوێنی کارایە کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکی دەتوانێ بەبێ ڕۆڵی واتایی بێ ، ئەمەش وەکو وتمان ناوەڕۆکی کردارەکە دەستنیشانی دەکا.

سەبارەت بە ڕستەی بکەر نادیار ، زۆر جار نادیاری نا ڕێزمانی دەبێ ئەگەر بکەر کارا نەبێ (فریدون عبدول ١٩٩٨: ٤١) بۆ نموونە لە ڕستەی پێشوودا ـ

42- a.b:yaka kaprakay r^uxa:nd.

کە دەکرێ بەبکەر نادیار دەبێتە :

43- kabraka r^uxenra:.

یەکسەر بیرت بۆ ئەوە دەچێ ئەنجام دەری ڕوخاندنی کارا بێ.

بەڵام مەرج نییە هەر ئاوەڵگوزارە بێ دەبێتە بکەر یان بەرکار بۆ نموونە :

s^a:r xos^a بکەرە ، یان jadakay baribr^i بەرکارە

**٢. ڕۆڵیی بابەتانەی تەوەر** (Theme): بە پێی هەندێ لە پێناسەکان تەوەر ئارگۆمێنتێکە گەلێ ئاماژە کردن هەڵدەگرێ وەکو گۆڕینی بار ، کە لەئەدەبیاتی زماندا بەکاردێ . زۆر جار زاراوەی کارلێکراویش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێ کەواتە ((ڕۆڵی بابەتانەی بابەت کەسێکە یان شتێکە کاریگەری کرداری دەکەوێتە سەر (Fromkin 2002:192) .

44- s^awnim pa:rakay doziyawa.

45- s^ayda<u>: filimakay</u> bini.

46- filimaka bi:nra?

جیاکردنەوەی تەوەرو بابەت Theme و کارتێکراوی لای زمانەوانەکان زۆر جێگیر نییە ، هەندێکیان باوەڕیان وایە یەك ڕۆڵی بابەتانە هەردووکیان دەنوێنێ و هەندێکی تر ڕایان وایە دوو ڕۆڵی بابەتانەی جیاوازییان هەیە : ڕۆڵی بابەتانەی Patient ئاماژە بە مرۆڤی دەکا، کە گۆڕانێکی ناوەکیی بەسەردا هاتبێ ( Theta Role) بۆ نموونە :

47- <u>s^us^aka</u> s^ika:.

48- <u>ma:l^aka</u> r^ima:.

49- gal^a:y daraka hal^wari.

ئەمانە هەمووی گۆڕینی (بار) یان تێدایە بەڵام تەوەر Theme گۆڕینی بابەتی تێدا نییە.

50- kitebaka sawza.

51- mal^ma:n gawraya.

52- kewaka saxta.

بـەڵام مـەرج نییـە هـەموو دەم کـارتێکراو (Patient) بۆشـایی بـەرکار پـڕ بکاتەوە، بۆ نموونە:

53- s^ri:n mird.

54- mird $<\theta$ mird $>$

s^ri:n تاکە ئارگۆ مێنتی کرداری (mird)ە ڕۆڵی بابەتانەی s^ri:n لێرەدا کارلێکراوە (Patient)، بەم شێوەیە:

55- mird <patient: s^rin>

هەردووکیان theme و Patient ئارگۆ مێنتی ناوەکیین

هەردووکیان ئەم جۆرە سیمایە وەردەگرن:

تەوەر < ± زیندوو > ، < − گۆڕینی بار >

کارتێکراو < ± زیندوو > ، < + گۆڕینی بار >

### ٣. شوێن (لۆکاڵ) (Locative)

بریتییە لەشوێن کەوەك وەرگر Recipients یان دوا خاڵی ڕێڕەو Path کار بکا:

١ـ ئارگۆمێنتی ناوەکییە Internal_a.

٢ـ بەهۆی پێشناوەوە ڕۆڵە بابەتانەکەی پێدەدرێ.

٣ـ ئەو شوێنەیە کەوا ڕووداوەکەی تێدا بە دەردەکەوێ.

٤ـ زۆرجار وادەبێ لەگەڵ ئامانج (Goal) ڕۆڵەکەیان تێکەڵ دەبێ بۆ نموونە:

56- min ba:zim daya na:w ba:xaka. (Goal)

57- min ba:zim daya naw baxaka. (Location).

بەڵام دەکرێ بەسیماکان جیابکرێنەوە.

### ٤. ئامانج: Goal

ئەو شوێنەیە کە کردارەکەی بۆ ئاراستە دەکرێ (Fromkin 2002:193)

یان دوا خاڵی گەیشتنی کردارەکەیە.

58- na:makam bo narmi:n na:rd < زیندوو + > <Goal>

59- na:makam la sar mezaka da:na: < زیندوو - > <goal locative>

**٥. پێوەر (پێوانە) و بڕ** Measure or Amount

هەندێ ئارگۆمێنتن دەربڕی چوارچێوەیەکن قەوارەو ڕەهەندو کێش،...) دەگرێتەوە.

60- nirxi am kiteba <u>da dina:ra</u>.

61- pa:ni am z^ura <u>penj matra</u>.

62- mewa:nakan se <u>roz^dameninawa</u>.

هەر هەموویان سیمای (_ زیندوو) هەڵدەگرن.

**٦. ڕۆڵی ئەزموونکار _** (Experiencer):

ئارگۆمێنتێکە ئاماژە بۆ هەست (Sensory)، هۆش (Cognitive) و ئەزموونی سۆزداری (Emotional Experience) دەکا.

63- aw mina:l^a s^a:xi nadi:wa.

64- zor kas la dupis^k datirsin.

65- aw kasi xos^na:we.

**٧. وەرگر**: Recipient (ئەو ئارگۆمێنتەیە کە شتێ وەردەگرێ جا چاك یا خراپ)

66- kirekam da:ya xa:wanakay. < زیندوو + >

67- a:ma:nj na:makay gayg:nda mamosta:ka. < زیندوو + >

68- garmiyaka gays^ta da:raka, < زیندوو – >

**٨. سەرچاوە** Source:

ئـــەو ئارگۆمێنتەیـــە کـــەوا شـــوێنی دەســـپێکردنی کارەکـــە نیـــشان دەدا (Fromkin 2002:193) ئەمیش سیمای < ± زیندوو > هەڵدەگرێ

69- am wenayam la bira:darekawa bo ha:tuwa.

70- am mewa:nam la koyawa ha:tuwa.

**٩. ئامێر** – Instrument:

ئامێرێکـە کردارێکـی پـێ جێبـەجێ دەکـرێ واتـە (ئارگۆمێنتێکـە بەهۆیـەوە کرداری ئەنجام دەدرێ (Fromkin 2002: 193).

71- s^ri:n darga:kay ba kli:l kirdawa.

72- ba ka:raba: suta:.

73- bizma:raka biri:nda:ri kird.

(یوسف شریف ١٩٩٠ ١٢)

ئامێریش سیمای < – زیندوو > هەڵدەگرێ؟

**١٠ـ (هێــز)** Force: هێزێکـــی سروشـــتییە دەبێتـــە مایـــەی گۆڕانکاریـــەك (Fromkin:2002:193)

74- la:fa:waka ma:l^akay rima:nd.

75- ba:yaka panjarakay s^ka:nd.

**١١. سوودمەند**: Benefactive:

هەردەم سیمای < + زیندوو > وەردەگرێ.

(بەو کەسە دەوترێ کە سوود لەکارێ وەردەگرێ (یوسف شریف ١٩٩٠: ١٩).

76- clakay la bar mina:l^aka kird.

77- mil pec^akam la mili bra:kam kird.

78- da:ykaka keki bo kic^aka dirust kird.

**١٢. ڕێڕەو**: Path:

ڕێـڕەو ئارگۆمێنتێکـە، کـەوا لەسەرچـاوەوە ئاراسـتەکە وەردەگـرێ و بـەرەو ئامانج دەڕوا

79- a:suda la cogaka par^iyawa.

80 – damawe la karkukawa bic^im bo slema:ni.

دەبــێ بــوترێ کــەوا ڕۆڵــی ئــەو ئارگۆمێنتانــە زۆرجــار تێکــەڵ دەبــن یــان لەڕستەیێکدا چەند ڕۆڵی دیار دەکەوێ بۆ نموونە:

81- <Theme :topaka> , <Source : la girdakawa > xlol

تەوەر سەرچاوە

bowa <path : baraw > , < goal : bini dol^aka >

ڕێڕەو ئامانج

کە ڕستەکە بەم جۆرەیە:

topaka la girdakawa xlol bowa braw bini dol^aka.

# بەشی چوارەم

# *Binding theory–* تیۆری بەستنەوە

## ٤–١.سەرەتا:

تیۆری بەستنەوە لە GBیدا مامەڵە لەگەڵ هەموو دیاردەیەیێکی هاونیشانەیی نێوان فرەیزە ناوییە دەرکەوتووەکان دەکا، لەناویاندا کەتیگۆرییە بەتاڵەکان،بەپێی سیمای ئەنافۆری (Anaphore) و جێناو و فرەیزی ناویی فەرهەنگی وکە تێگۆری بەتاڵ (Trask1993:30).تیۆری بەستنەوە لەسەر بنەمای هەندێ کەرە سەو پرەنسیپ بەرێوەدەچێ و جیاوازی لە نێوان سێ جۆریفرەیزی ناوی دەکا، کە ئەمانەن:

١.جێناوی خۆیی[*]، (Reflexive Pronouns) :- وەکو:خۆی ، خۆت، وجێناوی هاوبەش(Reciprocal Pronoun): وەکو:یەکتر ، یەکتریان، هەردوو ئەو جۆرە جێناوە بە ئەنافۆر (Anaphore) دەناسرێن .

٢.جێناوە کەسییە کان _(Pronominals) وەکو ،ئەو ، من ، تۆ ، ئەوان...تد.

---

[*] جێناوی خۆیی لەزمانی کوردیدا سێ جۆری هەیە : ١

–جێناوی خۆیی بۆ جەخت کردنی بکەر (تأکید کردن) وەکو ئەم ڕستەی خوارەوە :
من خۆم هاتم .

٢–جێناوی خۆیی ڕەنگدەرەوە(أنعکاسی)کەتیایدا کردارەکە ،یان بارەکە ڕەنگدانەوەی بەسەر بکەرو بەرکار دا دەبێ ،یان بکەرو بەرکار بەهۆی جێناوە خۆییەکەوە لە یەك کەسدا کۆ دەبنەوە وەکو :من خۆم شت .خۆم دەبێتە بەرکاری من .

٣– جێناوی خۆیی خاوەندێتی : ئەمیش بۆ چڕکردنەوەی واتای خاوەندێتییە، بە جیاوازی ئەو دوو ڕستەیەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە : أ–خانۆکەی من . ب–خانۆکەی خۆم . ڕستەی دووەم خاوەندێتیەکە بەهێز دەکاو بێگومانیوتاکیدی تێداییە ... ئێمە لەتیۆری بەستنەوەدا مەبەستمان جۆری دووەمە .

٣.فريزەی ناوی پراوپڕ ( Full NP ) :   یـان فرەیـزی نـاوی فەرهـەنگی ، کـە هەموو ناوە تایبەتییەکان دەگرێتەوە ،وەکو ئازاد ،ئارام ،بەهرە ....تد.

بەپێی ئەرك و جوڵانەوەکانی ئەم فرەیزە ناوییانەی  سەرەوە سێ پرەنسیپ بۆ کار کردنی تیۆری بەستنەوە دەسنیشان کراوە :–

١. پرەنسیپی  A : ئەنافۆر (جێناوی خـۆیی و هاوبـەش) بەسـتراوتەوەو لـە ژێـر دەسەڵاتی   کەتیگۆرییە حوکمکارەکەیدایە.

٢. پرەنـسیپی B:جێنـاوی کەسـیی سەربەسـتە لـە سـنوری کـە تیگۆرییـە حوکمکارەکەیدا .

٣.پرەنـسیپی C: دەربـڕی ئامـاژەیی _Referring Expression (مەبەست فرەیـــزە ناوییـــە پراوپـــڕە کانـــە) سەربەســـتن لـــە هـــەر شـــوێنێکدا هـــەبن Radford1982:367, Cook1997:65) Haegma 1999:376,)ئـەم پرەنـسیپانە پەیوەسـتن بـە جوڵـەو چـالاکییەکانی سـێ جـۆرە جێناوەکـە ، کـە بـەپێی یاسـای b,a  دەبەسـترێنەوە ، ئەگـەر a کەرەسـەیحوکمکاری–C- commandsی  b  بـێ و a,b  هاونیـشانەبن .(لێرە دا بەر لـە شـیکردنەوە ی پرەنسیپەکانی بەستنەوە پێویستمان بـە روونکردنـەوەی  هەنـدێ زاراوەی وەکـو: کەرەسـەیحوکمکار و بـەرزترین حوکمکار و زاراوەی هاونیشانەیی)هەیە.

## ٤–٢. کەرەسە_حوکمکار _C-_commands:

ئەم زاراوەیە کورتکراوەی (Constituent_Command) ە ، ئەم بنەمایـە دەسنیشانی ئەو کەرەسەیە دەکا، کە لەدرەختی نواندنەکاندا دەسـەڵاتی بـە سـەر رۆنانێکدا دەشکێ (هەرچەندە ناکۆ کییەك  سەبارەت  بەدەسـەڵاتی فریـزە ناوییـە کـە هەیـە ، کـە رۆڵـی کەرەسـەی حوکمکارەکـە دەگێـڕێ ) ، بـەڵام تـەواوی کارکردنەکەی لەوە دایە ، کەلقە گرێـێ دەبێتـە کەرەسـەی حوکمکـار ، کاریگـەری دەبـێ بەسـەر هـەموو ئەوانـەی دوای خۆیـەوە دێـن . بـە بەهەنـد هەڵنـەگرتنی بەرزیونزمی هاتنیان لـە درەختەکـە دا (بروانـەAitchison 1993:194) .  بـە


واتـای ئـەوەی  کەرەسـەی حوکمکـار بـەرزترین شـوێن دەگـرێ نـەك لـە هـەموو درەختەکەدا ، بەڵکو لە چاو کەرەسـەکانی تـری ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا ، ئەمـەش دیسانەوە لەسەر بنەمای (1)دا دەبێ:–  (1) – a ی  کەرەسـەی حوکمکـاری b دەبێ ئەگەر :

ا – a ی  دەسەڵاتی بە سەر  b ییـەوە نـەبێ و  b یـش بەسـەر  a  یـەوە نـەیبێ   ب –   مەرجـە ئـەو لقـە گرێیـەی دەسـەڵاتی بـە سـەر  a  یـەوە هـەبێ دەسەڵاتی بـە سـەر  bییـەوەش هـەیبێ (Black1998:41). (بڕوانـە (( ٢–٤–٣))). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئـەم بنەمایـە ڕسـتـەی(a –1) لـە (b–1) یـدا ڕوون دەکەینەوە :

1-a-  na:za xoy xoş dawe.

ڕستەی (1_a) لەدرەختی نواندنەکانـدا لـە (1_b) چـاکتر ڕوون دەبێتـەوە ، بەهۆی ئەوەی ئاست و دەسەڵاتی جێناوە خۆییەکە چاکتر بەدەر دەکەوێ:

(1-b)



لە نموونەی (1) دا فرەیزی نـاوی (na:za) ڕۆڵـی (a) ی دەبینـێ و بـە پێـی بنەمای (1) کەرەسەی حوکمکاری فرەیزی ناوی (xoy) دەبێ.بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا a,b کەتیگۆری تایبەتین .لێرەدا (NP-1)کەرەسەی حوکمکـاری (NP-2)ە ،ئەمەش مەرجەکان بەجێ دێنێ لەوەی (NP-1) کـەڕۆڵی a دەبینـێ دەەسـەڵاتی بەسـەر (NP-2) نییـە، چـونکە (NP-1) ڕاسـتەوخۆ لەسـەرەوەی (NP-2) نییـە لـە هـەمان لقـی درەختەکـەدا. لـە لایێکـی تـرەوە مـەرجی (ب) جێبەجێ دەکا ،لەوەی(NP-2) کە(b) دەنوێنێ لە گەڵ (a) یـدا، واتـە(NP-1) لەژێردەسەڵاتی هەمان فرەیزی (IP) یدان.

لـە نموونـەی (1) دا فرەیـزی نـاوی (na:za) ڕۆڵی (a) دەبینـێ کـەرە سـەی حوکمکــارە بــۆ فرەیــزی نــاوی (xoy) .هــەموو ئــەنافۆرێ لــە ڕســتەدا بــۆ گەڕاوە_Antecedent ێکی هەیە،

لـە پـاڵ ڕەچـاو کردنـی سـیمای ڕێزمـانی ڕسـتەکە . وەکـو لـە(2) دا ڕوونـی دەکەینەوە .

2-a. nahro xoy brinda:r kird .

b. *xoy nahroy brin da:r kird .


ڕستەی (2) ئەوەڕوون دەکاتەوە ، کەوا بـۆ گـەڕاوە دەبـێ لـە ڕسـتەدا پـێش ئەنا فۆر بکەوێ، بەڵام ئەم مەرجە تاکە مەرج نییە بۆ درووست کردنی پەیوەنـدیی بەستنەوە _ Binding Relationship . بۆنموونە سەیری (3) بکە :

3-a. ba:wki zirak xoy dor^a:nd .

لێرەدا ناکرێ ئـەنافۆری (xoy) بـۆ (zirak) بگەڕێتـەوە ، بـەواتایێکی تـر، ئەگەر (zirak) بۆ گەڕاوەی ئەنافۆری (xoy) بێ ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێ .

سەیری درەختی (3-b) بکە:

(3-b)




لە(3-b)دا (NP1) وەکو بۆگەڕاوە بۆ جێناوی خۆیی(xoy) کار دەکا ، کە لە شوێنی کرداری(dor^a:nd) دایە ، کەچی (NP2) ناتوانێ ڕۆڵی بۆ گەڕاوە بۆجێناوی ، خۆیی(xoy) بگێڕێ بەواتایەکی تر(NP1 bawki zirak کەرەسەی حوکمکارە C_commands بۆئەنا فۆری.(xoy) . لەودرەختەدا. ئەو لقە گرێیەی دەسەڵاتی بەسەر (NP1) دا دەشکێ لقە گرێی (IP) یيە ، IP هەروەها دەسەڵاتی بەسەر ئەنافۆری (xoy) یشدا هەیە . zirak _NP2 دەسەڵاتی بەسەر (xoy) یدا نییە .

یەکەم فرەیز، کەدەسەڵاتی بەسەر( NP2) دا هەیە (NP1) یەکە ، کە ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر جێناوی خۆیی (xoy)دا بشکێنێ . لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا هەر فرەیزێکی ناوی بۆئەوەی وەکو بۆگەڕاوە یان کەرەسەی حوکمکار کار بکا دەبێ دەسەڵاتی بەسەر ئەنافۆری ڕستەکەدا بشکێ . مەرجی کەرەسەی حوکمکار لە تیۆری بەستنەوەدا لە(4) دا ڕوون دەکرێتەوە.(بڕوانە (Haegman 1999:364 .


4-a. *xoy da:ra:y s^armaza:r kir

ئەو ڕستەی سەرەوە نا ڕێزمانییە چونکە :

١–xoy بۆ :darya ناگەڕێتەوە بە هۆی ئەوەی بە پێی پرەنسیپی A ی بۆگەڕاوە دەبێ پێش ئەنافۆر بکەوێ ، لێرەدا ئەنافۆر پێش بۆگەڕاوە کەوتووە .

٢–:darya فرەیزێکی ناوی پڕاوپڕە سەر بەستە لە هەر شوێنێکدا هەبێ و کەوتۆتە  دوای ئەنافۆرەوە ڕۆڵی بۆگەڕاوە نابینێ لەم درەختەی خوارەوەدا چاکتر ڕوون دەبێتەوە:

4-b.




## <u>٤–٣. بەرزترین حوکمکار _M-Comands</u>

ئەم بنەمایەش دیسانەوە لەبواری دەسەڵاتدا جێبەجێ دەکرێ ، کە دەڵێ a مەزنترین (بەرزترین) حوکمکاری b ییە ئەگەر :

أ. a دەسەڵاتی بەسەر b دا نەشکێ .

ب.بەرزترین جێکەوتە ، کە دەسەڵاتی بەسەر (a) دا دەشکێ مەرجـە بەسـەر (b) یشدا بشکێ. .تێبینی:– درەختی ژمـارە (12) ی(٢–٤–٣) دەکـرێ بـە کـار بهێنــرێ بــۆ خــستنە ڕووی جیــاوازی نێــوان زاراوەی C-Comands و M-Comands ومیکانزمی دەسەڵاتییان لەسنووری حوکمکارەکانیاندا.

ئێمە گـەر NP بـە(a) بنـوێنین ، ئەوکاتـە هـەموو ئـەو درەختانـەی لـەدوای XPییەوە دێن و دەکەونە لای ڕاسـتی (a) ییـەوە لـەژێر حـوکمی (a) دا دەبـن و دەکەونە ژێر جێکەوتـەی بـەرزی XP ییـەوە کـە بـەرزترین _حوکمکـارە _ M-Comands . ئەگـەر (a) هەڵبـژێر یـن ئـەو کاتـە M-Comands داوای ئـەوە دەکا بە درەختەکەدا هەڵگەڕێین تـاکو جێکەوتـەی مـەزن ، ئەوسـا (a) بـەرزترین حوکمکار دەبێ بۆ هەموو ئەو لقانەی دەکەونە ژێرییەوە . بەڵام هۆی ئەوەی کـەوا C-Comand وM-Comand هـەمان ئـەنجام بەدەسـتەوە دەدەن ئەوەیـە ، کەوا یەکەم لقەگرێی لەسەرەوەی (Spec) گرێی XP بیە ، کە جێکەوتەی مەزنە .جیاوازییە کە لەنێوانیاندا ئەو کاتە بەدیار دەکەوێ ، کە (a) دەکرێ بەسـەرە – X . ئێستا یەکەم لقەگرێ ، کەدەکەوێتە سەرەوەی X بریتیە لە $\overline{X}$، بـەم پێیـە سـەرە تـەنیا حوکمکـاری تـەواوکاری (YP) دەکـا ، بـەرزترین حوکمکـار بـەرز دەبێتەوە تا دەگاتە جێکەوتەی مـەزنXP . ئەوکاتـە M-Comand حـوکمی لقەکانی درەختەکە دەکا و تەواوکارو و (Spec) یش دەگرێتەوە (بڕوانە Black 1998:42). تیۆری بەستنەوە زۆر بە توندی ئەڵقە بەست(Inter Linking) پرەنـسیپی کەرەسـەی حوکمکـارە ، پرەنـسیپەکانی بەسـتنەوە ئـەوەش جـێگیر دەکەن ، کەوا کاتێ دوو فرەیزی ناوی هاونیشانە دەبن کە ئاماژە بـە هـەمان شـت یان کەس دەکەن ، ئەوە دەگەیەنێ ، کەپەیوەندیێکی بەستنەوە لـەنێوان هـەردوو فرەیزە ناوییەکە هەیە . بـەر لـە ڕوونکردنـەوەی پەیوەنـدی بەسـتنەوە پێویـستە زاراوەی هاونیشانەی ڕوون بکە ینەوە:

## ٤_٤.هاونیشانەیی :Co-indexing

ئەم زاراوەیە لە زمانەوانی بەرهەمهێناندا لە سنوری یاسای نیشانەکردندا Indexing بە دوو شێوە دەبێ :

أ. ژمارەێ یان پیتێ لە ژێرەوەی فرەیزە ناوییەکە دادەنرێ، ئەمەش بە (Subscript) یان ژێر نیشان ناو دەبرێ.

ب. ژمارەیێ یان پیتێ لەسەرەوەی فرەیزە ناوییەکە دادەنرێ کەبە ( Super script)،سەرنیيشان ناو دەبرێ . ئەگەر جووتە فرەیزێکی ناوی لەڕستەدا هەمان نیشانە وەرگرن واتە هاو نیشانە بن ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ، کەپەیوەندیێکی بەستنەوە لە نێوانیاندا هەیە و پێچەوانەکەشی ڕاستە .بۆنموونە لەڕستەی (5) دا

5. a:ri xoy birinda:r kird .
j j

پیتی(j) کە لەژێر (xoy) و (a:ri) داهەن هەردوو فرەیزە ناوییەکە بە هەمان لێکدانەوەی واتایی دەگەیێنێ،( بڕوانە 81: 2003 Crystal)

## ٤–٥. جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی بەستنەوە .

سەرەتا دەبێ ئەوە بلێین کە ئەو سێ پرەنسیپەی کەپێشتر باسکران لە سەر بناغەی جیاوازی نێوان هەر سێ جۆری فرەیزە ناوییەکان دروست بووە . ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە هەر جۆرێ لەو فرەیزە ناوییانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە بواری تێوری بەستنەوەدا ، کە جۆری پرەنسیپەکە و جۆری فرەیزە ناوییەکە دەسنیشانی دەکەن .بەم پێیە (بەهیچ جۆرێ لەکوردیدا ناکرێ گرێ ناوییەکە پاش و پێش بکرێ، ناکرێ هەردوو جۆری ئەنافۆرەکە جێگۆڕکێیان پێ بکرێ ، یان ئەنافۆرەکان لە گەڵ جێناوەکەسییەکاندا ، چونکە ئەمە ڕستەی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە (بڕوانە ناو خۆش٢٠٠٥:٩٥) .

## یەکەم :پرەنسیپی A– :

با لەم ڕستانەی خوارەوە ،کەبە پێی هاو نیشانەیی داڕێژراونەتەوە وردبینەوە:

6-a. a:ri xoy biri:ndar kird .
j j
b. *ari xoy biri:ndar kird.
j i

جێناوی خۆیی(xoy) بەسەر بە خۆیی هیچ ئاماژە کارێکی نابێ ، چونکە ئاماژە کارەکە ی خۆی لە (بۆگەڕاوە) کەی خۆی وەردەگرێ، بەمەش پەیوەندیی واتایی لەنێوانیاندا دروست دەبێ . بەستنەوەکە لێکدانەوەییەکی نادروستی دەبێ ئەگەر ئەنافۆر و بۆ گەڕاوە کەی هاونیشانە نەبن ، بەمەش( 6-b)لێکدانەوەکەی نادرووست دەبێ ، لەهەمان کاتدا جێگۆڕکێی فرەیزە ناوییەکان ڕستەیێکی ناڕێزمانی بەرهەمدێنێ .سەیری (7) بکە:

7.*xoy a:ri dirba:z kird.
i i

هاونیشانەی دوو فرەیزە ناوییەکە ڕستەکە ناکا بە ڕێزمانی .

## ٤–٥–١. مەودای بەستنەوە _Binding Domain :

بەپێی ئەم بنەمایە کە بە مەرجی شوێن لەبەستنەوە دا ناودەبرێ ، دەبێ بۆگەڕاوە شوێنی ئارگۆمێنتی -A-position پڕ بکاتەوە و کەرەسەی حوکمکاری جێناوە خۆییەکە بێ. لێرەدا بەپێی مەودای بەستنەوە Binding Domain . جێناوە خۆییەکان -Reflexive دەبێ بە بۆگەڕاوەکەیانەوە بەسترابنەوە ، بەمەش ڕستەی (8) ناڕێزمانی دەبێ :

8.*aso dayawe [na:za yarmati xoy bida:]
i i

ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا جێناوە خۆییەکان بەو ڕستەیەوە بەستراونەتەوە کەوا دەسەڵاتی بەسەریەوە هەیە . بەمەش لەڕستەی (8) دا

(xoy) ناتوانیٰ بە(a:so) ببەستریٚتەوە ، چونکە لەدەرەوەی کەوانەکە دایە ، واتە لەدەرەوەی ئەو ڕستەیە دایە کە (xoy) دەگریٚتە خۆ . بۆگەڕاوەی جیٚناوە خۆییەکان دەبیٚ لە مەودای ئەو ڕستەیە دابیٚ ، کەجیٚناوە خۆییەکەی تیٚدایە . پەیوەندی بەستنەوەی نیٚوان بۆگەڕاوەو جیٚناوە خۆییە کەی بابەتیٚکە لەچوارچیٚوەی مەرجی شویٚندایە Locality Condition مەرجی هاوڕستەیی Clause Mate لە بەستنەوەی جیٚناوە خۆییەکاندا دەتوانریٚ بە بەراوردکردنیئەم دووڕستەی خوارەوە ڕوون بکریٚتەوە:

9-a. *a:so dl^nya:ya [a:za:d zor s^a:na:zi ba xoy daka]
i j

b. a:so dl^nya:ya [a:za:d zor s^a:na:zi ba xoy daka:]
i i

لەڕستەی (9-a) دا بەهۆی ئەوەی(a:so) لەدەرەوەی مەودای (xoy) دایە ناکریٚ ببیٚتە بۆگەڕاوەی (xoy) . بەڵام لە (10-b) دا بەهۆی ئەوەی (a:za:d) لەگەڵ (xoy) لەهەمان مەودای ڕستەیٚی دان هاونیشانە دەبن (a:za:d) دەبیٚتە بۆماوەی (xoy) . کورتەی ئەم بۆچوونە لەوە دایە، کەوا جیٚناوی خۆیی و بۆ گەڕاوەکەی لەڕستەییٚکی لیٚکدراو یان ئاڵۆزدا دەبیٚ لەچوار چیٚوەو مەودای ڕستە نا سەرەکییەکەدا بیٚ . نەك لەدەرەوەی ڕستە ناسەرەکییەکە ، ئەگینا ڕستەکە ناڕیٚزمانی دەکا . ئەمەش دەمانگەیٚنیٚتە ئەو ئەنجامەی ، کەوا هەموو جۆرە ڕستەیٚك مەوداییٚکی بەستنەوە Binding Domain ی هەیە ، ئەمەش لە بواری مەرجی شویٚن جیٚبەجیٚ دەکریٚ وەکو لە (9) دا ڕوون کرایەوە .( بڕوانە Haegman 1999 :365 ).

## ٤-٥-٢ جیٚناوی خۆیی وەك بکەر :

ئەگەر بکەر کەرەسەی حوکمکار بیٚ دەسنیشانی مەودای بەستنەوە بکا جیٚگای قەبوڵکردنە ، بەڵام چی دەبیٚ ئەگەرجیٚناوی خۆیی خۆی بکەر بیٚ، ئەمەش لەم سیٚ بارەدا دەبیٚ:

## ٤-٥-٢-١جێناوی خۆیی وەکو بکەر لەڕستەی ناسادەدا:

ئەگەر لە ڕستەیێکی ناسادەدا جێناوی خۆیی وەکو بکەر لەڕستەدا دەرکەوت ، ئەوکاتە پێویستی بە بەستێنەرێك Binder دەبێ ، واتە داوای بۆگەڕاوەیێ دەکا ، کەچی خۆی شوێنی ئەو بۆگەڕاوەیەی گرتووە . بەمەش ڕستەکە ناڕێزمانی دەبێ :

10. a:ko wa: da:za:ne [ ka [ xoy ba:s^tiri:n xwenka:ra]
CP IP

ڕستەی (10) ناڕێزمانی نییە ، بەلاَم ناچێتە ژێرباری یاساکانی بەستنەوە چونکە :

١- جێناوی خۆیی xoy لەو جۆرە جێناوانە نییە کە پەیوەندیی بەستنەوە دروست بکا ، بەڵکو لە جۆرێکی ترە ، کە لە پەراوێزی لاپەڕە (١٢٩)ی ئەم بەشە ئاماژەمان بۆ کردووە .

٢- دەکرێ جێناوی کەسی(aw) لە شوێنی xoy دابنرێ و هەمان ڕۆڵیش بگێڕێ .

٣- شوێنی xo بە هەر کامێکیان پڕبکرێتەوە بۆ بکەری (a:ko) ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ یەکێکی تر .

لە زمانی ئینگلیزیشدا دیسانەوە ئەم ڕاستییە جێبەجێ ناکرێ ، بۆ نموونە سەیری ئەو ڕستەیەی خوارەوە بکە :

11.*John considers [ that [ himself is an excellent choice]].
CP IP

(himself) نابێتە بکەر چونکە ئەو جێناوە خۆییە لە زمانی ئینگلیزیدا گەر شوێنی بکەر بگرێ شێوە دەنگییەکەی دەگۆڕێ بۆ (he) ، کەواتە لە ژێر باری ئەو بنەمایەدا ڕستەکە ناڕێزمانییە .

## ٤-٥-٢-٢-جێناوی خۆیی وەك بکەر لەڕستەی سادە دا :

کاتێ کەجێناوی خۆیی دەبێتە بکەر لە ڕستەیێکی سادەی تردا . لێرەدا ڕستە سادەکە فراوان دەکرێ تاکو بکەری _حوکمکار دەگرێتەوە وەکو لە (12) دا ڕوون کراوەتەوە :

12. bahra peywa:ya [ xoy zi:raka]
i j

لەپاڵ ڕێزمانیی ئەو ڕستەی سەرەوەدا دیسانەوە ناکرێ بە پێی پرەنسیپی Aی بەستنەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ ، بە هۆی ئەوەی xo لەو ڕستەیەی سەرەوەدا لە جۆری Reflexsive نییە .

## ٤-٥-٢-٣- بکەرو جێناوی خۆیی لە ناویەکدا

بکەری جێناوی خۆیی لەڕستەی ناسادەدا ناڕێزمانییە ، لە ڕستەی ناسادەدا بکەر بەرزترین شوێنی ئارگۆمێنت دەگرێ A-position ئەمە ئەوە دەگەێنێ کەوا بگۆڕێك (متغیر) لەشوێنی ئارگۆمێنتدا نییە ، کە ببێتە کەرەسەی حوکمکاری بکەرەکە و بۆگەڕاوەکەش بگرێتەوە (Haegman 1999 : 368). بەلاَم سەبارەت بە تایبەتمەندی زمانی کوردی وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە ، جێناوی خۆیی ناتوانێ وەکو بکەر کار بکا و سەرەتای ڕستە بگرێ و وەکو بۆگەڕاوە لە بەر ڕۆشنایی پرەنسیپی A ڕۆڵ بگێڕێ سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکە :

13.bahra pey wa:ya[ ka wa:[ wenay xoy baya:ni bl^a:w dakretawa]]] CP IP

## ٤-٥-٤- ئەنافۆر(جێناوی خۆیی و جێناوی هاوبەش) :

ئەوەی سەبارەت بە جێناوی خۆیی Reflexive باسکرا بەشێکی ئەنافۆڕ پردەکاتەوە ،

بەشەکەی تری ئەنافۆر جێناوی هاوبەش Reciprocals دەگرێتەوە ، سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە :

14-a. a:ram u na:za yaktirya:n xos^ dawe .
b. *z^inaka yaktra:n xos^ dawe .

ئەنافۆر بەگشتی (خۆیی و هاوبەش) پشت بە گرێیەکی ناوی تر دەبەستن ، کە بۆ گەڕاوەکەیانە . هەمان ئەو مەرجانەی بەسەر جێناوی خۆیی جێبەجێ

دەكرێ بەسەر (جێناوی هاوبەش)یش جێبەجێ دەكرێ . سەبارەت بەو مەرج و كۆتبەندانەی بەسەر مەودای بەستنەوەی ئەو جێناوە هاوبەشانە جێبەجێ دەكرێ، ئەوانەن ، كە بەسەر جێناوی خۆیی لەڕستە جۆر بەجۆرەكاندا جێبەجێ كران .ئەوە نەبێ كەجێناوی هاوبەش پێویستی بە بكەرێ هەیە زیاتر لە كەسێ بنوێنێ، لەبەر ئەوەیە ڕستەی (14-b) ناڕێزمانیدەبێ . یان لەڕستەیێكی وەكو (15) دا:

15. awa:n yaktirya:n xoş dawi:st.
i i

بەهۆی ئەوەی جێناوە هاوبەشەكە (yaktirya:n) لەمەودای دەسەڵاتی (awa:n) دایە بابەتی پرەنسیپی (A) تێر دەكاو هەردووكییان هاونیشانە دەبن . بەڵام لەڕستەی

16. *aw yaktirya:n xoş dawe:st .

مەرجی هاوتابوون (Matching Condition) تێرناكا كە دەڵێ ((ئەنافۆر پێویستە لە گەڵ بۆ گەڕاوەكەی خۆیدا لە ڕووی كەس و ژمارە وجێندەر دا هاوتابن (Radford 1982:372). لێرەدا فرەیزی ناوی (yaktiriya:n) لەگەڵ كەرەسە حوكمكارە بۆ گەڕاوەكەیدا هاونیشانە نابن ، چونكە لەمەرجی هاوتایی بوون دەرچووە ، لە گەڵ فرەیزی ناوی (aw) لەڕووی ژمارەوە ڕێك ناكەون . ئەوەی شایانی وتنە ڕێكەوتن لە ڕووی جێندەرەوە لە زمانی كوردیدا بەدەر ناكەوێ ، چونكە جێناوی ڕەگەزی نێرو مێ لە كوردیدا جیا ناكرێتەوە .

## دووەم :پرەنسیپی (B)

بەپێی ئەم پرەنسیپە جێناوەكان Pronominals سەر بەستن لە مەودای دەسەڵاتی كەتێگۆرییە كە خۆیدا (Cook 1996:65) .بۆ نموونە لە ڕستەی :

17. dils^a:d awi kuşt.
i j

فرەیزی ناوی (aw) ئامـاژە نییە بۆ (dil^şa:d) بە هۆی ئەوەی (aw) سەربەستە ، واتە ئەو جێناوەی لەشوێنی بەركار دێ لە ڕووی پەیوەندی

ئاماژەییەوە بۆ بکەر ناگەڕێتەوە و نابێ بۆ هیچ کەرەسـەیێ بگەڕێتـەوە لەسـنوری ئەو ڕستەیەدا ، بەڵام دەشێ ئاماژە بێ بۆ کەسێ  لە دەرەوەی ئەو ڕستەیەدا :

18-a. a:so [wa: daza:ne  [aw ziraka ]]
j j

b.a;so wa: daza:ne  [aw ziraka]
i j

فرەیزی ناوی (aw) لەوانەیە بۆ فرەیزی ناویی (a:so) بگەڕێتەوە ، ئەو کاتە ئەو لەژێرمەودای دەسەڵاتی کەرەسە_حوکمکارە بۆ گەڕاوەکەیدا دەبـێ ، بەمـەش هەردوو فرەیزە ناوییەکەی (18-a) هاونیشانە دەبن . لەوانەشـە (aw) ئامـاژەبێ بۆ یەکێکی تر لـەدەرەوەی سـنووری ڕسـتەکە وەکـو لـە (18-b) دا بـە جیـاوازی نیشانەکانیان ڕوون دەبێتەوە .ئەمەش بێگومان پرەنسیپی (A) تێر دەکا. بڕوانـە ئەم ڕستەی خوارەوە :

19. aw awi girt.
j i

بەهیچ شێوەیێ (aw) بۆ (aw)ناگەڕێتەوە بەمەش( aw) بۆ گەڕاوە یان کەرەسەی
i j i

حوکمکاری _ C-Comnands ی نابێ

**سێیەم :پرەنسیپی** (C) :

پەیوەسـتە بـە فرەیـزە ناوییـە پڕاوپڕەکـان Full NP یـان دەربـڕە ئاماژەییـەکان R-Expression . بنـەمای (C) نـاوی تایبـەتی دەگرێتـەوە بۆنموونە :

20.sala:m la sagakay da: .
i j

لێرە دا فرەیزی ناوی (sagaka) لە سنوری ڕسـتەکەدا یـان لەسـنوری قـسە کردندا (discourse) سەربەستە و ئاماژە بـۆ کەسـێکی نادیـار دەکـا ، کـە هـیچ ئاماژەیێکی لەسنوری ڕستەکەدا ، یان قسە کردنەکەدا نییـە و بـە هـیچ فرەیزێکـی ناو ڕستەکە (وەکو بۆ گەڕاوە ) نەبەستراوەتەوە ، یان لە ڕستەی :

21-a. aw layla:y xoş dawe
i j

جێناوی (aw) بکەری ڕستەکەیە . لەڕستەی (21-a) دا جێناوی (aw) دەسنیشانی مەودای دەسەڵاتی خۆی دەکا ، سەربەستە لە مەودای ڕستەکەدا ، واتە ئەم جێناوە لەڕووی شوێنەوە سەربەستە و هیچ کەرەسەییێکی حوکمکار بەدی ناکرێ . ناهاونیشانەیی نێوان(layla:) و (aw) ڕستەکە دەکەن بە نارێزمانی . بەڵام (21-a) ڕێزمانییە ئەگەر جیاوازییێ لەنێوان جێناوی (aw) و دەربڕاوی ئاماژەیی (layla:) هەبێ لەڕووی نیشانەوە ، کەواتە کۆتبەندی نیشانە کردن ڕیزمانی و نارێزمانی ڕستەکە ساغ دەکاتەوە ، بەڵام هۆی ئەوەی ناکرێ (layla:) و (aw) هانیشانە بکەین ،چونکە (layla:)دەسەڵاتی بەسەر (aw)دا ناشکێ و (layla:) لەشوێنی بەرکاردایە بەمەش ناتوانێ ببێتە کەرەسەیحوکمکاری بکەری (aw) سەیری ئەم ڕستەی خوارەوە بکە :

21-b. bira:y_ xoy layla:y xoş dawe .
i i

لە(21-b)دا (xoy)جێناوی خاوەندێتییە دەکەوێتە دەرەوەی پڕەنسیپی بەستنەوە ، چونکە لە جۆری Reflexive نییە . دەتوانرێ ئەوەی باسکرا سەبارەت بەجۆرەکانی فرەیزی ناوی لەسەر بنەمای (+) بەم شێوەیەی خوارەوە لیست بکرێن:

جێناوی خۆیی [ –جێناو (Pronominal) ] [ + ئەنافۆر ]
جێناوی هاوبەش [–جێناو] [ + ئەنافۆر]
جێناوی کەسیی [ + جێناو] [ –ئەنافۆر ]

لێرەدا دووخاڵ دەخەینەڕوو کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوەیە :

١. جێناوی خاوەندێتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەجێبەجێ کردنی پرنسیپەکانی بەستنەوە دا، کە بەستنەوەکە بە هێز تر نیشان دەدا ، بۆنموونە .

22-a.kitebakay xomim bird .
j j

b.away toy bird .
i j

c.kitebakay a:za:d .
i j

لەونموونانەی سەرەوە دا لەپاڵ پەیوەندی خاوەندێتی نێوان (kitebaka) و (xom) ،کە بە یەکییانەوە دەبەستێتەوە پەیوەندی کەرەسەی حوکمکار و بۆ گەڕاوە ، کەرەسەی(kitebaka) وەکو پەیوەندی بەستنەوە بە بۆگەڕاوەی ڕستەکە (xom) ی دەبەستێتەوە ئەمە سەبارەت بە (22-a) بەڵام لە(22-b)یدا کەرەسەی تۆ بە هیچ شێوەیێ لە دەرەوەی پەیوەندی خاوەندێتی لە سنوری دەسەڵات و کەرەسەی حوکمکار و بۆگەڕاوە هیچ بەستنەوەیێ بە دی ناکرێ . بەم پێیە لە (22-a)دا خاوەندێتی ڕۆڵی ئەنافۆر دەبینێ و لە (22-b) یدا ڕۆڵی جێناوی کەسی ، و (to) لەسنوری ڕستەکەدا سەربەستەو بۆ گەڕاوەی لە ڕستە کە دا نییە و پرەنسیپی (B) تێر دەکا ، لە(22-c) یدا (a:za:d) دەربڕی ئاماژەییە لەهەر شوێنێ بێ و لە ناو ڕستەو قسەکردندا نەبەستراوەتەوە.

٢. جێناوەکانی ڕێکەوتن ناکەونە ژێر باری ئەو پرەنسیپانەوە ،بۆنموونە :

23*a.awa:n bird_ya:n .
i i
*b.aw bird_ i.
j j

ناکرێ {ya:n} و {awa:n} هاونیشانە بکەین و {ya:n} لە ژێر ڕکێفی پرەنسیپی(B) لێکبدەینەوە ، چونکە ئەمانە لە چوارچێوەی (AGR) دا لێکدانەوەیان بۆ دەکرێ نەك تیۆری بەستنەوە .

## ٤-٦- کەتافۆڕ Cataphore :

کەتافۆڕ زاراوەیێکە بە واتای بۆ پێشەوە ئاماژە کردن و پێچەوا نەی ئەنافۆرە، کەتافۆر بۆ وەسف کردنی ئەو پەیوەندییە توندەی نێوان وشەیێك وئەوەی بەدوایەوە دێ بەکار دەهێنرێ . بەتایبەتی لەنێوان جێناو و ئەو فرەیزە

ناوییانەی لەدوایەوە دێن ، بەهۆی تابەتمەندیی مەزەندەیی کەتافۆر ، زۆربەی بەکارهێنانەکانی بەهەڵواسراوی بونیاد دەنێ ، ئاماژەکردنی کەتافۆر ڕێگەیەکی شێواز بەندییە ، زیاتر لە ئەنافۆر لە تێکسدا (Discourse) دووچاری دووبارە بونەوە دێتەوە (Finch 988: 204). کەواتە ڕێگەیەکە بۆ ڕوونکردنەوەی جووتبونی دوو کەرەسە :لەنێوان ئەوەی ئێستا دەربڕاوە و ئەوەی دەر دەبڕێ (Crystal (2003 : 65. بۆ نموونە :

24: away min damawe bibi:nim na:ma dr^a:wakaya .

25: away na:za a:ma:z^ay bo kird , pya:weki bal^a: barz bu :

## ٤-٧-کەتێگۆری بەتاڵ:

کەتێگۆری بەتاڵ لە GB یدا یەکێکە لەو چەند ئەلەمێنتە ئەبستراکتەی ، کە هیچ فۆرمێکی فۆنەتیکی نییە ، بەڵام شوێنی گرێیەکی ناوی پڕدەکاتەوە لە ڕستەدا(تارا موحسن ١٩:٢٠٠٤)تیۆری ستانداری فراوانکراو پێی وایە کەوا ئەو زنجیرە هاونیشانانەی بەهۆی جوڵانەوە بونیاد دەنرێن ، وەکو ئەوانەن لەگەڵ ئەو نیشانانەی لە پەیوەندی بە ستنەوەی نێوان ناوەوە دێتە کایە. بەر لە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیەی سەرەوە ، چوارجۆرەکەی کەتێگۆری بەتاڵ لەڕێگەی چوار ئەگەری هەبونی سیماکان (+) جیا دەکەینەوە

| سیماکان | پرەنسیپیبەستنەوە | فرەیزیناوی | کەتێگۆری بەتاڵ |
| --- | --- | --- | --- |
| ١.[–جێناو/ +ئەنافۆڕ] | A | خۆ_ی | شوێنپێی جوڵانەوەی $\overline{A}$ |
| ٢.[+جێناو/ –ئەنافۆڕ] | B | ئەو | pro |
| ٣.[ –جێناو/ –ئەنافۆڕ] | C | ئازاد | شوێنپێ و جوڵانەوەی $\overline{A}$ |
| ٤.[+جێناو/ –ئەنافۆڕ] | A,B | | pro |

(بڕوانە Black 1998:45)

## ٤–٥–٥–دووجۆری جولانەوەی XP :

گوێزانەوە ئەنجامی جولاندنەوەی کەرەسەیێکە لە شوێنەکەیەوە لـە درەختـی فرەیزەکاندا بۆ ئـەو شـوێنەی کـە تیایـدا دەنیـشێتەوە (Landing Site) وەکـو ئـەوەی لـە ڕسـتەی نادیـاردا ڕوو دەدا لـە بـڕی ئـەو زاراوەیـە زۆر جـار زاراوەی ڕێکخستنەوە Reordering یان گۆڕینی بنجی Permutation بـەکاردێ ، ئـەم بیرۆکەیە لەهەندێ شوێنیتردا بـە زیـادکردن یـان لادان (deletions) نـاو دەبـرێ (Crystal 2003:304) . لـە هـەر جـۆرێکی جولانـەوەی XP دا ، کەرەسـە جولاوەکە کەرەسە حوکمکاری شوێن پێکەی trace ەکـەی دەبـێ و کۆتبەنـدێکی (شـوێن)یـش هەیـە بەسـەر پەیوەنـدی نێـوان کەرەسـە جولاوەکـەو شـوێنپێکەی دەسەپێ .

ئێمە دەتوانین جولانەوەی ئامرازی پرس بکەین لەوشوێنەی کەلێ دەجـولێ و ئەو شوێنەی بۆی دەجولێ .


## شوێنی ئارگۆمێنتی Aو نائارگۆمێنتی $\overline{A}$ لە جولانەوەدا :

لە جولانەوەی NPیدا چ لە بەرز بوونـەوە (جولانـەوە بـەرەو سـەرەوە) چ لـە بکەر نادیاردا ئەو شوێنەی کە NP یە جولاوەکەی لێ دەنیشێتەوە شوێنی ئەسلی بکەری (Spec IP)ییە ، شوێنی ئەسلی جولانەوەی Wh ،(Spec CP)ییە ئـەو شوێنە بنجییە نییە کە لە گەڵ ئـەرکێکی ڕێزمـانی یـەك بگـرن ، بـە واتـای ئـەوەی (Spec CP) دەتوانرێت بە کەرەسەیێك پڕ بکرێتەوە کە ئەرکی جیاوازی هـەبێ . ئێمە ئاماژەمان بە شوێنی کرد کە ئەرکێکی ڕێزمانی نیشان دەدا .


واتـا شـوێنی ئارگۆمێنـت SpecIP, A-Positionییـە . لـەلایێکی تـرەوە Specی CP لـە شـوێنی نائارگۆمێنـت $\overline{A}$-Positionەوە دەجـولێ بـۆ شـوێنی ئارگۆمێنــت ، لێــرەدا جولانــەوەی پاســیڤ ئارگۆمێنتییــە و جولانــەوەی Wh نا_ئارگۆمێنتە. بۆنموونە:

26-a. a:za:d a:ri da:wat kird .

(b)




(c)




## ٤-٥-٦-بەستنەوەی ئارگۆمێنت A-Binding.

لەپەیوەندی نێوان بەستنەوەی جوڵانەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا پەیوەندی نێوان ئەنافۆر و بۆ گەڕاوەکەی بەوێنەی پەیوەندی نێوان شوێنی فرەیزێکی ناویی جوڵاوە و فرەیزە ناوییەکە خۆیەتی ، بۆ نموونە:

27-a. na:za xoy da:wat kird .
b.na:za t da:wat kira: .

شوێنی ، جوڵانەوەی ئـارگۆ مێنتـی A-movement لـە بکـەر نادیـار دا لـە ئەنافۆر دەچێ"لەوەی کەوا هاونیشانەن لە گـەڵ شـوێنی کەرەسـە حوکمکارەکـەدا (بۆ گەڕاوەکە) لەشو ێنی ئارگۆمێنتـدا . ئـەوەی لـەبارەی ڕێکخستنی پەیوەنـدیی نێـوان بـۆ گـەڕاوەو ئـەنافۆر باسـکرا لـە لایێکـەوە ، و لـە نێـوان بـۆ گـەڕاوە و شـوێنپێکەی لـەلایێکی تـرەوە ، شـوێنپێی ئەوئارگۆمێنتـە دەبەسـتێتەوە ، وەکـو پەیوەندی نێوان (na:za i) و (ti) .ئێمـە بینیمـان کـەوا پەیوەنـدی بەسـتنەوەی نێوان ئەنافۆر و بۆگەڕاوەکەی (ناوخۆییە) و ناتوانێ لە بکەری نـاوەکی بپەڕێتـەوە . ئەو مەرجە شوێنیە لە (28) دا ڕوون دەبێتەوە:

28-a. *bahra pey wa:ya [ a:za:d xoy da:wat daka:]
i IP i

لێـرەدا (bahra) نـاتوانێ (xoy) ببەسـتێتەوە لـەو دیـوی (a:za:d) ەوە، بەهەمان شێوە لە ڕستەی نادیاریشدا (28-b) NP ی (bahra) ناتوانێ لەشـوێن بەرکاری (da:wat k:rid) دەر بهێنرێ بۆ شوێنی بکەری ڕستەی سـەرەکی لـەو دیو بکەری ناوەکیدا ،بۆ نموونە :

b. *bahra pey wa:ya [ a:za:d (ti) da:wat dakre.
i IP

جوڵانەوەکە بەشوێنەوە بەستراوەتەوە : سـەرەتا (bahra) دەبـێ لەشـوێنی بکەری خوار ەوە بجوڵێ بۆ ڕستەی شوێن کەوتوو .

29.bahra wa: dya:ra [ t dar^wa:]
IP

30.[ bahra wa: day:ra[ t bi:r lawa daka:tawa[ t br^wa:]]]
IP-1 I IP-2 IP-3

فرەیزی ناوی (bahra) لـە ڕسـتەی شـوێن کـەوتووی (IP1) دا شـوێن پێـی بکــەر لــە(IP2)دا دەبەســتێتەوە ئــەویش لەشــوێنی خــوارەوە دا بــە IP3 بەســـتراوەتەوە شـــوێنپێی IP3 بـــە کەرەســـەی حوکمکـــاری (t) ی IP2 بەسـتراوەتەوە ، لێکدانەوەکـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەبـێ ، فرەیـزی نـاوی

(bahra) له ڕستەی سەرەکییدا واتە (IP-1) شوێن پێکەی خۆی لەشوێن بکەری ڕستەی ناوەنـدا (واتـە (IP2) دەبەستێتەوە ، کەئـەویش بـە (t) ی IP3 بەستراوەتەوە . فریزی ناوی (bahra) بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر نزمترین شوێن پێوە نییە واتە (t) لەIP3 دا ئەو (t) یە بکەری ڕستەی IP3 ییە .لەو ڕستەیەدا مەودای بەستنەوەکە بەهۆی بکەری کەرەسە حوکمکارC-Comand ەوە دیاری دەکرێ .مەودای بەستنەوە لە نزمترین (t)ییەوە بەهۆی بکەریحوکمکاری ناوەند کە(t) لەIP2 دایە دەکرێ .شوێنپێی ناوەند لە IP2دا ، ئەو tیە بەستراوە بە فرەیزی ناوی (bahra)ەوە ،ئەو فرەیزە ناوییە بۆ گەڕاوەی t ییە ، بەڵام پەیوەندی نێوان (bahra) ەوە نزمترین t ڕاستەوخۆ بە هۆی t ی((IP2)ەوە دەبێ .

## ٤-٥-٧-بەستنەوەی نا-ئارگۆمێنت :-.$\overline{A}$ binding

(شوێنپێی جولانەوەی نا-ئارگۆمێنتێ لە سنووری بۆگەڕاوەی نا-ئارگۆمێنتەکەدا دەبێ .هەر NP یێ بەستراوە دەبێ ئەگەر لەگەل بۆگەڕاوە کەرەسە حوکمکارەکەیدا هاونیشانە بن لە شوێنی نا-ئارگۆمێنتێکدا (Haegman 1999:383) .بەم پێیە پەیوەندی نێوان بۆ گەڕاوەی نا_ئارگۆمێنتێکی جولێنراو شوێنپێکەی دەکرێ لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بەستنەوەدا پێناسە بکرێ . ئەوەی شایەنی ووتنە ئامرازی پرس لەڕستەی کوردیدا کە شوێنی نا_ئارگۆمێنت پردەکاتەوە ئەو جوڵە بە خورتەکییەی نییە ، کەوا شوێنپێیەك لەدوای خۆی جێبهێڵێ ، بۆ ئە وەی ئامرازە پرسەکە وەکو بۆ گەڕاوەی شوێنپێکەی کاربکا و بیبەستێتەوە . ئەم دیاردەیە زیاتر لە زمانی ئینگلیزی ڕووندەبێتەوە بۆ نموونە :

31-a.She invited Suha .
b.Whom$_i$ did she invite t$_i$ ?

لە(B)دا whom لەگەڵ شوێنی t هاونیشانەن , whom وەکو بۆ گەڕاوە بۆ ترێسی (t)

لەڕستەدا کاردەکا و لەگەڵ (ti) یدا لەپەیوەندی بەستنەوە دان . لە زمانی کوردیدا بۆ نموونە:

32-a. a:za:d a:ri da:wat kird .
b. a:za:d key da:wat kird .

هیچ جوڵەیێ بە شوێنی (a:ri) نەدراوە ، بەڵکو ئامرازی پرس (ke) کەنا ئارگۆ مێنتییە لەهەمان شوێنی a:ri جێگیر دەبێ ، ئەم پەیوەندیی بەستنەوە یە لە زمانی کوردیدا دەرناکەوێ ، چونکە خۆی لەخۆیدا بەندە بە نائارگومێنت ، ئەم جۆرە جوڵانەوەیەش لەکوردیدا کە لە ئامرازی پرسدا خۆی دەبینێتەوە لە کورد یدا ڕوونادات ٠

## ٤-٥-٨- **تۆپیکالیزەیشن** : Topicalization

دیاردەیێکی تری زمانەوانییە . کەپەیووەندی بەجوڵانەوە و شوێنی (trace) ەوە هەیە ،بۆ نموونە کردارێکی وەکو (xiwa:rdin) پێویستی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە و لەهەر زما نێکیش ئەو ئارگۆمێنتانە دیاریکراوە بۆ نموونە :

33-a. min şorba:y brinj, na:xom .

لەو ڕستەیەدا بکەر پێش بەرکاری(şorba:) دەکەوێ ، بەڵام زمان بوار بەپێشخستنی بەرکار یان باسلێکراو دەدا بۆنموونە :

33-b. s^orba:y brinj min na:y xom .

باسلێکراو (s^orba:y brinj) بەرەو لای چەپ جوڵاوە لەسەرەتای ڕستە کەدا جێگیر بووە ،ئەمە زیاتر بۆ دەر خستنی باسلێکراوە ئەم دیار دەیە بە (تۆپیکالیزەیشن) ناو دەبرێ .بەرکاری ڕستەی جوڵاوە بۆ سەرەتای ڕستەو پێش بکەر کەوتووە ، وەکو ئەوەی بمانەوێ شتێ لە بارەی (şorba:y brinj) ەوە بڵێین، لێرەدا ئەو (NP) ییە وەکو باسلێکراوی ڕستە دێتە ئاراوە، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەوە سەر هەڵدەدا ئەوەیە کە :ئایا جوڵانەوەی ڕووەو چەپی بەرکار لە(b) یدا جولانەوەی نائارگۆ مێنتە( وەکو ئەوەی لە ئامرازی پرسیار ڕوو دەدا )

یان جوڵانەوەی ئارگۆمێنتە (وەکو ئەوەی لە بکەر نادیاردا ڕوو دەدا) ( بڕوانە Haegman 1999 : 225) سەبارەت بە زمانی کوردی ئەو (NP) ییەی کەدەجوڵێ ، ئارگۆ مێنتەو شوێن پێی لە دوای خۆیدا جێدەهێڵێ وNP ییە جولاوەکە بەشوێن پێی خۆی بەستراوە وەکو لە نموونەی :

33-c. <u>sewaka:n ,</u>    min xwa:rdimin .
Topic

ئەوەی شایانی وتنە ئەو جۆرە ڕستەیە وەکو ڕستەی لێکدراو مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێ و بە کۆما (،) لێك جیا دەکرێتەوە، بەرکاری (sewaka:n) لەلای ڕاستی بکەرەکەوە دەجوڵێ بۆ لای چەپی بکەرو سەرەتای ڕستەکە وەکو لەو وێنەیە دا ڕوون دە بێتەوە .

DS
( 34 )    min sewaka:nim xward .
↓
**بجولێنە** a
↓
SS
sewaka:n min t xiwa:rdimin

35 .piya:waka:n,min t binimin

# بەشی پێنجەم
# ئەنجام و پێشنیاز

ئەم بەشە لەدوو بەشی بچووك پێكدێ: بەشی یەكەم بریتییە لە ئەنجام، و كورتەیێك. بەشی دووەم چەند پێشنیازو بۆچونێك بۆ كاری ئایندە.

## یەكەم: ئەنجام و كورتەیێك:.

١ـ ئەنجام:

**ئێكس بار:** لەڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە (GB) دا پرەنسیپ و پاڕامیتەرەكان ڕێزمانی زمانەكان بەڕێوە دەبەن، كەمی ژمارەی پاڕامیتەرەكان لەزمانەكانی جیهاندا، زمانەكان لێك نزیك دەكاتەوەو زۆری ژمارەی پاڕامیتەرەكان پرەنسیپە گشتییەكان كەم دەكاتەوە و زمانەكان لێك دوور دەكاتەوە: لەهەموو زمانێكدا لە فرەیزەكاندا سەرە ـ Head هەیە، ئەمە پرەنسیپێكی گشتییە، بەلام چونكە سەرە لەهەموو زمانەكاندا یەك شوێن ناگرێ، ئەمە پاڕامیتەری (سەرە ـ سەرەتا) و (سەرە ـ كۆتا) ی لێدەكەوێتەوە. سەبارەت بە زمانی كوردی ئەو ڕاستییە بەدی دەكرێ، كە فرەیزە ناوییەكان لەهەر چوار جۆری فرەیزەكاندا وەكو تەواوكار كار دەكاو سەرە دەكەوێتە كۆتاییەوە:

١ـ لەپێكهاتی ناوەوەی فرەیزێكی ناویدا، بەهۆی ئەوەی هەندێ پێكهاتی مۆرفۆسینتاكسی لەزماندا هەن لەگەڵ كەتیگۆرییە ئەركییەكاندا هاوتا دەوەستن و دەبنە جێكەوتەی مەزن لێرەدا ناو وەكو تەواوكار بۆ ئەو پاشگرانە دەوەستێ و پاشگرەكان وەكو سەرە كار دەكەن، (بڕوانە یاسای ٧١ لاپەڕە ـ ٥٠)، بەمەش فریزی ناوی سەرە كۆتایە.

ب ـ لەپێكهاتی ناوەوەی فرەیزی كرداری و ئاوەڵناویدا، دیسانەوە سەرە كۆتایەو هەمان یاسا دەستەبەر دەكرێ، (بڕوانە یاسای ٧١ لاپەڕە ٥٠ و درەختی (١١٠ لاپەڕە ٦٧). تەنیا لە فرەیزی پێشناوی و فرەیزی تەواوكاردا

(Complementizer) سـەرە سـەرەتايە، (بڕوانـە درەختـی ١٠٧ لاپـەڕە ٦٤، درەختی ١٢٨ لاپەڕە ٧١).

ج ـ چونکە یاساکانی فرەیز پێکهێنان لەبەر ڕۆشنایی زمانی ئینگلیـزی بونیـاد نراوە، ئەو زمانانەی لەزمانی ئینگلیزی ناچن دووچاری دوو هەوڵی دژ بەیەك دەبـن لەگونجاندنی ئەو یاسایانە بەزمانەکەیاندا: ١ـ ئەگەر کۆمـەڵێ یاسـا زیـاد بکـرێ بـۆ ئەوەی بارە جیاجیاکانی ڕێزمانی زمانەکە بگرێتەوە، ڕێزمانەکە ئاڵۆزتر دەکاو ئەو کاتە دەسبەرداری یاساکانی گوێزانەوە دەبن.

٢ـ گەر پەیوەست بن بە یاساکانی گوێزانەوە، یاسای تر زیاد نـەکرێ کێشەی زمانــەکانی غــەیری ئینگلیــزی وەکــو خــۆی دەمێنێتــەوە و یاســاکان لــەرێزمانی زمانەکەیاندا جێبەجێ ناکرێ.

د. لـەئێکس بـاڕدا ئاسـتی ناوەنـد بونیـادی واتـایی فرەیزەکـە دەخاتـەڕوو، (سەرە)ش لەهەموو فرەیزێکدا ناوەکییە، لـەوەی کـە جـۆری فرەیزەکـە گونجـاوە لەگـەڵ نـاوی سـەرەکە، بـەڵام لەدۆزینـەوەی سـەرەی ڕێزمانیـدا پێویـستمان بـە پێـــوەری مۆرفۆلـــۆجی و سینتاکـــسی دەبـــێ، وەکـــو ئـــەوەی لـــەخاڵی (أ) ڕوونکراوەتەوە، بەمـەش نیـشانەکانی ناسـیاوی، نەناسـیاوی و ڕادە، پەیوەنـدییێك دروست دەکەن، کە هەمان پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستەیە. ئەمە ڕێگـەمان پێ دەدا ئەمانە وەکـو سـەرەی ئـەرکی بـەکاربێنین، بەمـەش فرەیـزی دیارخـەری (DP) دەکرێ لەبری فرەیزی ناوی (NP) بەکاربێ، (بڕوانە درەختی ٤٧ لاپەڕە ٢٧).

هـ ـ لە ئێکس باڕی وشەکاندا ئەوە دەردەکەوێ، کـەوا گیرەکـەکان لـە ئاسـتی ژێـرەوەدا هـیچ شـوێنێکیان پـێ نـادرێ، چـونکە ئاسـتەکەیان (−١) سـالب یەکـە. لەنواندنیانـدا بـە پێـی شـوێنیان لـە درەختەکـەدا لێکدانـەوەی وشـە ناسـادەکان دەگۆڕێن و ئەمانە هـەموویان دەبـن بـە فرەیـزی ئـەرکی، (بڕوانـە ٥٧ ، ٥٨ ، ٥٩ ، لاپەڕە ٤٤ و ٤٥).

## تیۆری دۆخ:

أ ـ پێوەری مۆرفۆلۆجی لەبواری نیشانەکانی دۆخدا دەکرێ بکرێ بە بنـەمایێ بـۆ چـەندێتی گەشەسـەندنی زمانەکـە (بـەدەر لـەهۆکارەکانی دەرەوەی زمـان)،

بەواتایێکی تر کـەم بوونـەوەی نیـشانەکانی دۆخ لەهـەر زمانێکدا نیـشانە کـۆنی و بەرەو پێش چوونی ئەو زمانەیە پێچەوانەکەشی ڕاسـتە، لـەلایێکی تـرەوە زۆرجـار لەدەستدانی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکانی دۆخ و سیـستەمی ڕیزبـوونی کەرەسـەکانی زمانەکە دەگۆڕێ.

ب - دیـارترین جیـاوازی لـەنێوان چـەمکی دۆخ لـەکۆن و نوێـدا ئەوەیـە، کـە لـەڕێزمانی نوێـدا پێـی دەڵـێن دۆخـی ئەبـستراکت، لـەوەی هـەر فرەیزێکـی نـاوی دەرکەوتوو لەڕووی فۆنەتیکەوە، دۆخی وەردەگرێ، جا ئەو فریزە ناوییە هـەڵگری نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ بی یا نا، ئەم مەرجی دەرکەوتنـە فۆنەتیکییـە پێـوەری دۆخ دەیسەپێنێ، هەر ئەو مەرجەش شوێن پێی ئارگۆمێنتـەکان (trace) لـە دۆخ بێبەش دەکا.

ج - جیاوازی نێوان دۆخی ڕۆنانی و دۆخی بنجی لەوە دایە کەوا دۆخـی بنجـی لەڕۆنانی ژێرەوەدا پەیدا دەبێ بەر لەڕوودانی جوڵانەوە، کەچی دۆخـی ڕۆنـانی لـە ڕۆنانی سەرەوەدا پەیدا دەبێ و دوای ڕوودانی جوڵانەوەکە. ئـەوەی شـایانی وتنـە لەجوڵانەوەکەدا دۆخـە بنجییەکـە بەسـەر دەکـەوێ بـۆ ڕۆنـانی سـەرەوە، بەمـەش زمانی کوردی لەدۆخی بنجی بێبەش دەبێ و بەم هۆکارانەی خوارەوە.

١ـ زمـانی کـوردی جوڵانـەوە یـان گوێزانـەوەی NP ی کـەم تیـادا ڕوودەدا بەمەش ناکرێ دۆخـی بنجـی هەنـدێ جـار پەیـدا بـێ و بەسـەر بکـەوێ بـۆ ڕۆنـانی سەرەوە هەندێ جاری تر لەڕۆنانی ژێرەوەدا بمێنێتەوە.

٢ـ دۆخـی ڕۆنـانی لـەو زمانانـەدا ڕوودەدا کـەوا کـردار تیایـدا دوو بـەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێ، لەزمانی کوردی ئەمە بەدی ناکرێ.

٣- بەڕای ئێمە دۆخی بنجی دروستکراوی بـێ هێـزی و بـێ توانـایی پـاڵێوەری دۆخە، کە دەڵێ، هەر فرەیزێکی ناویی دەرکەوتوو لەڕووی فۆنەتیکەوە دەبـێ دۆخ وەرگرێ، ئەمە لەلایێك لەلایێکی ترەوە کردار بۆی هەیە یـەك دۆخ بەیـەك فرەیـزی ناویی بدا ئـەویش لەسـەر بنـەمای هاوسـێیەتی بـەنزیك تـرین فرەیـزی نـاویی بـدا، بەمـەش لەڕسـتەییێکی دوو بەرکاریـدا، بـەرکاری دووەم، کـە نزیـك کـردار نییـە و دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەیەو ڕستەکەش ڕێزمانییە پاڵێوەری دۆخ توشـی ئەسـتەم

دەبێ، ناچار ناوی دۆخی بنجی لێدەنرێ و گوایە لەڕۆنانی ژێرەوە دەدرێ. (بڕوانە ١ بۆ ١٠ لاپەڕەکانی ٧٧، ٧٨، ٧٩).

لەلایێکی تـرەوە دۆخـی بنجـی بـەگۆڕینی شـوێنەکەی نیـشانەی دۆخەکـەی ناگۆڕێ بەپێچەوانەی دۆخی ڕۆنانی، کە شوێنەکەی لەڕستەدا دۆخی پێدەبەخشێ. زمانی عەرەبی (بۆ نموونـە) بکـەر کـە بـە (ضـمة ـ بـۆر) دۆخـی بکـەری پێـدەدرێ شوێنەکەشـی بگـۆڕی بـە پێـی بنـەمای (التقـديم والتـأخير) نیـشانەی دۆخەکـەی لەدەست نادا، بەڵام سـەبارەت بـەزمانی کـوردی بـەپێی ئـەوەی شـوێنەکە بـەپێی نزیکی لەکردار دەسنیشانی جۆری دۆخەکەی دەکا شـوێنەکەی کـار دەکاتـە سـەر ئەو جۆرە دۆخەی کە پێی دەدرێ.

## ڕۆڵی بابەتانە $\theta$-role:

بەوردبوونەوەیەك لەلایەنی واتایی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا بەتایبەتی لـەڕۆڵی بابەتانـەدا، زانیاریيـە فەرهەنگییـەکان دەبنـە هەڵـسوڕێنەری ئـەو ڕۆڵـە واتاییانـە، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی جـۆری ئارگۆمێنـت و ژمـارەی ئارگۆمێنتـەکان لەهەر پڕیدیکاتێکدا ئەو (بۆماوە) فەرهەنگییە بنجییە دەسنیشانی دەکا، ئـەویش لەسەر بنەمای: هەڵبژاردنی واتایی ـ S – Selection و هەڵبژاردنی کەتیگۆڕی C – Selection ئەمەش لەبنـچینەدا لـەبیرە کۆنەکـەی ڕێزمـانی دێـرین لـە تێپـەڕو تێنەپەڕی کردارەکاندا بـەدی دەکـرێ. بەشـێکی داواکارییـەکان دەوەسـتێتە سـەر پریدیکات لەوەی ئایا پێویستی بەتەواوکار هەیە یا نـا، بـەواتایێکی تـر کـردار یـان پریــدیکات لەڕێگــەی دەروازەی فەرهەنگییــەوە دەتوانــێ جــۆری کەتیگۆڕییــە تەواوکارەکەی دەسنیشان بکا، گەر لە C – Selection سەر نەکەوت ڕستەکە نا ـ دروست ـ ill formed دەبێ و لەڕووی واتاوە نالەبار دەبـێ بـۆ نموونـە، ڕسـتە ناڕێزمـانی دەبـێ گـەر پریـدیکات زیـاتر لـەڕۆڵێك بەیـەك ئارگۆمێنـت بـدا، بەمـەش پریدیکات ئازاد نابـێ لـە هەڵبـژاردنی ئارگۆمێنتـە تـەواوکارەکانی دا، بـەڵکو لـەژێر مەرجی گونجانی واتایی (سیمای واتایی) کاردەکا.

جیاوازی سەرەکی نێوان لقـە کەتیگۆرییـەکان Sub – Categorization و ڕۆنانی ئارگۆمێنت لە (ڕۆڵی بابەتانە)دا لەوەدایە:

١ـ بکەر لەڕۆنانی لقە ـ کەتیگۆرییەکاندا لەنواندنەکاندا بەدەر ناکەوێ بەهۆی ئەوەی گوایە هیچ کرداری بێ بکەر نابێ، بۆیە پێویست بەدەرکەوتن ناکا.

٢ـ چەمکی ئارگۆمێنتی ناوەکی و ئارگۆمێنتی دەرەکی لە لقە ـ کەتیگۆرییەکان جیا ناکرێتەوە، کەچی لەڕۆنانی ئارگۆمێنتەکاندا لە ڕۆڵی بابەتانەدا بکەر شوێنی خۆی دەبێ و وەکو ئارگۆمێنتی دەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، لەوەی لەژێر دەسەڵاتی (V) هیچ دۆخ و ڕۆڵێکی بابەتانە وەرناگرێ بەڵکو ئەمانە لە (XP) ییەوە واتە (VP) ییەوە وەردەگرێ. جیاوازییەکی تری بنەڕەتی نێوانیان (واتا ئارگۆمێنتی دەرەکی و ناوەکی) لەوەدایە کە تەنیا ئارگۆمێنتی دەرەکی بێ ڕۆڵی بابەتانە دەبێ.

لەلایێکی ترەوە هێزی پێوەری ثێتا بەرامبەر بە کەرەسە سەربارەکان دوچاری گرفت و ئالۆزی دەبێ، بۆ نموونە، (بڕوانە ٦، ٧، ٢٠، ٢١، ٣٢ لەلاپەڕەکانی ١٠٨، ١١٢، ١١٣، ١٢٠) بەلام بۆ گەیاندنی هەواڵێك یان ڕستەیێ زۆرجار سەربار لە پێویستیەکانی ڕستەدا دەبێ.

بەڵام چۆمسکی ئەم لایەنەی بەدوو پرەنسیپ کۆتبەند کردووە، (هەرچەندە ئەم دوو بنەمایە دەچنە ئاستی (کەمترین پرۆگرام) و لەدەرەوەی GB یدایە، بەڵام ناچاربووین ئاماژەی پێ بکەین:

١ـ لێکدانەوەی پڕاو پڕ Full Interpretation ، واتا زیادەیەك لەڕۆنانی بنەڕەتی ڕستە قەبول ناکرێ.

٢ـ پرەنسیپی ووزە پاراستن: قسەکەر هەوڵ دەدا بەکەمترین ووزەو کەمترین کەرەسە مەبەستەکانی خۆی بگەینێ. بەڵام ئەم دوو هەوڵەی چۆمسکی پێویستی سەربارەکان لەکار ناخا.

## تیۆری بەستنەوە:

لەزمانی کوردیدا بوونی ئامرازەکانی پرس لەڕستەدا جولانەوەی نا ـ ئارگۆمێنت ناگەیەنێ، چونکە لەبنەڕەتدا ئامرازی پرس بە زۆری NP ناجولێنێ بەڵکو لەناوی دەباو خۆی شوێنی دەگرێتەوە، واتا NP لەڕستەکەدا هیچ بونێکی نامێنێ، نەك جولاندنی لەچوارچێوەی ڕستەکەدا، بەمەش کە جولانەوەی نا ئارگۆمێنتی لەزمانی کوردیدا نەبێ بەستنەوەی نا ئارگۆمێنتیش نایەتە بەرهەم. (بڕوانە ٤– ٥– ٥ لاپەڕە ١٠٦).

## ٢. کورتەیێک:

بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی زمانی کوردی لەبەر چاوبگیرێ، کارەکەمان وای بۆ دەچێ کە هەندێ گۆڕان لە تیۆرەکەدا جێبەجێ بکرێ:

١ـ لە ئێکس باری وشەی ئالۆزدا ئەوە دەردەکەوێ، کەوا گیرەکەکان لە ئاستی ژێرەوەدا هیچ شوێنێکیان پێ نادرێ، چونکە ئاستەکەیان سالب یەکە، لەنواندنیاندا بەپێی شوێنیان لەدرەختەکەدا لێکدانەوەی وشە ناسادەکان دەگۆڕێن، بەمەش ئەم وشە ناسادانە دەبن بە فرەیزی ئەرکی.

٢ـ وای بۆ دەچین پالێوەری دۆخ و دۆخی ئەبستراکت لە تیۆرەکەی چۆمسکیدا لەبەر رۆشنایی نیشانەی دۆخ بونیاد نرابێ، بەواتای ئەوەی تیۆری دۆخ و دۆخی ئەبستراکت وەکو چارەسەر و شوێنگری ئەو دۆخانەیە، کە لەرێزمانی کۆندا بەهۆی نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ بەدەس دەهاتن.

٣ـ هێنانە کایەی دۆخی بنجی بێ هێزی و بێ بڕی پالێوەری دۆخ دەگەیەنێ لە ئاست هەندێ لەو پرەنسیپ و پارامیتەرانەی بۆ ئەم دیاردە زمانییانەی دروست کراون، بۆ نموونە: لە پرەنسیپی هاوسێیەتیدا، کە کردار دۆخ بە نزیکترین فرەیزی ناویی دەدا لەکرداری دوو بەرکاریدا تووشی بەربەست دەبێ، لەوەی کە بەرکاری دووەم لە کردارەوە دوورەو هاوسێی کردار نییەو کردار دۆخی ناداتێ و لەلایێکی ترەوە دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەیەو بەپێی پالێوەری دۆخ دەبێ دۆخێ وەربگرێ ناچار دۆخی بنجی بۆ هەڵبەستراوە.

٤ـ دەتوانرا دەرکەوتنی فۆنەتیکی و هەردوو جۆری دۆخەکە (ڕۆنانی و بنجی) لەسەرەتاوە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی پالێوەری دۆخ و تیۆرەکە دەسبەرداری پرەنسیپی هاوسێیەتی ببێ.

**دووەم: <u>پێشنیاز بۆ کاری ئایندە</u>:** لەم کارەدا تیۆری GB تەنیا بەسەر هەندێ لایەن و بابەتی سینتاکسی کوردی ناوەڕاستدا جێبەجێ کراوەو ئەم لایەنانەش هەڵبژێراون. دەکرێ لەکاری ئایندەدا هەندێ لایەنی تری تیۆرەکە، وەك کەرەسەی بۆش و پرۆی بچووك و گەورە و زاڵگەی کارو هەندێ دیاردەی تر بەرچاو بگیرێ.

# سەرچاوەكان


**أ ـ بەزمانی كوردی:**

١ـ ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٣) بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لەزمانی كوردی و فارسی دا، نامەی دكتۆرا لەزمان (بڵاونەكراوە): زانكۆی سلێمانی.

٢ـ تارا موحسین قادر (٢٠٠٤) جێناو لێكدانەوەییەكی نوێ لەزمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر لەزمان (بڵاونەكراوە): زانكۆی سلێمانی.

٣ـ سەلام ناوخۆش (٢٠٠٥) پوختەیێك دەربارەی زماننناسی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٤ـ صباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠) هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا، نامەی ماجستێر لەزمان، (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلێمانی.

٥ـ فەرەیدون عەبدول محەمەد (١٩٩٨) نادیاری، نامەی ماجستێر (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سلاحەدین، هەولێر.

٦ـ محەمەد مەحوی (٢٠٠١) ڕستەسازی كوردی، زانكۆی سلێمانی.

٧ـ محەمەد مەعروف فتاح و سەباح رەشید قادر (٢٠٠٦) چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجی كوردی، چاپخانەی ڕوون، بەشی ڕووناكبیری سلێمانی.

٨ـ وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤) چەند ئاسۆییكی تری زمانەوانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٩ـ یوسف شریف سعید (١٩٩٠) دۆخەكانی ژێرەوە لای فیلمۆر، هەندێ لایەنی ڕستەسازی كوردی، نامەی ماجستێر لەزمان (بڵاونەكراوە)، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**ب ـ بەزمانی فارسی:**

١٠ـ نعام چۆمسكی (١٩٩٧) ساختهای نحوی)، ترجمە احمد سمیعی، شركت سهامی انتشارات خوارزمی: ایران.

**ج ـ بەزمانی عەرەبی:**

١١ـ ابن خلدون (عبدالرحمن بن محمد بن خلدون) (١٩٨١) مقدمة ابن خلدون، دار العودة : بيروت.

١٢ـ جودت جرين (١٩٩٣) علم اللغة النفسي، ترجمة مصطفى التونى، الهيئة المصرية العامة للكتاب: مصر.

١٣ـ تيرينس مورو، وكريستين (١٩٩٨) فهم اللغة: نحو علم لغة لما بعد مرحلة چومسكي، حامد حسين الحجاج، دار لشؤون الثقافية العامة: بغداد.

١٤ـ عبدالقادر الفاسي الفهري (١٩٨١) اللسانيات و اللغة العربية، دار الشؤون الثقافية: بغداد.

١٥ـ فوزية حسن الشايب (١٩٩٩) محاضرات في اللسانيات، وزارة الثقافة عمان: الاردن.

١٦ـ كمال يوسف الحاج (١٩٨٧) في فلسفة اللغة، جامعة موصل.

١٧ـ **گاصد** ياسر الزيدي (١٩٨٧) فقة اللغة العربية، جامعة موصل.

١٨ـ مازن الوعر (١٩٨٨) قضايا اساسية في علم اللسانيات الحديث، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق: سوريا.

١٩ـ محمد حماسة عبداللطيف (١٩٨٤) العلاقة الاعرابية في الجملة بين القديم والحديث، جامعة القاهرة.

٢٠ـ ميشال زكريا (١٩٨٣) الالسنية (علم اللغة الحديث) المبادىء والاعلام، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت: لبنان.

٢١ـ ميشال زكريا (١٩٨٥) الالسنية (علم اللغة الحديث) قراءات تمهيدية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت: لبنان.

٢٢ـ نايف خرما (١٩٧٩) اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، ط٢، علم المعرفة، سلسلة (٩)، مطابع دار القبس: الكويت.

٢٣ـ نعوم چومسكى (١٩٨٥) جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضى جواد الباقر، جامعة البصرة.

٢٤ـ يحيى عبابنة، وامنة الزعبي (٢٠٠٥) علم اللغة المعاصر مقدمات وتطبيقات، دار الكتاب الثقافي، اربد، الاردن.

## د ـ بەزمانی ئینگلیزی:


25- Akmajian, A, Demer, R.D., Farmar,A.K, and Harnish, R. M. (1995) Linguisties: An Introduction and communication. London: Cambridje.

26- Aitchison, J. (1993) Linguistics, Hodder and stoghton: London.

27- Ball, J. T (2003) Towards a Semantics of X-Bar Theory, www.Double R Theory. Com.

28- Biber, D. Johansson, S. Leech, G and Finegan, E (1999) Longman Grammer of Spoken and Written English. Longman: London.

29- Black, Ch.A (1999) Astep by Step Introduction to the Government and Binding Theory of Syntax. http:/www.sil.org/Americas/mexico/ling/ E002-intro GB. Pdf (1999).

30- Bloomfied, L. (1969). Language, Uwin Unversity Books : London.

31- Bresnan, J. (2000), Lexical Functional Sytax, Black Well, Lonon.

32- Casadio, C. (1999) Minimalism and the logical Structure of the Lexicon. www.Casadio.com .

33- Cook, V. J, and Newson, M. L (1997), Chomskys Unversal Grammer, Black Well: oxford.

34- Crystal, D. (1980) Liguistics, Pelican: Great Britain: London.

35- __________ (1992) Adictionary of Liguistics and Phonetics, Black Weel: oxford.

36- __________ (1992) An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well : oxford.

37- __________ (2003) Adictionary of Linguistics and Phonetics, 5th Edition, Black Well: Oxford.

38- Fattah , M. M. (1997) A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Disseration, Unversity of Amsterdum.

39- Falk, J. S (1978) Linguistic and Languges, Library of Gongress : U. S. A.

40- Farrokhpey, M (1999) Government and Binding Chomsky Language Theory, Tehran: Sokhan.

41- Finch G. (2000), Linguistic Therms and Concepts. Macmillan: London.
42- Fromkin. V, and rodman, R. (1988), An Introduction to Language, Holt, Rinehart and Winston Ins: U. S. A.
43- ______ ,_______, and Hymas, N. (2002) An Introduction to languages, Thomson, Heinle. U. S. A.
44- Haegman, L. and G. Gacgueline. (1999), English Grammer, Black Well : Oxford.
45- Haspelmath, M. (2002) Understanding Morphology, Arnold – Amember of the Hodder Headline Group: London.
46- Hudson, G. (1999) Essential Introductory Linguistics, Black Well: oxford.
47- Katamba, F. (1993) Morphology, Macmillan:London.
48- Kuhn, J. (1999), To Wards Simple Architecture For the Structure Function Mapping, CSLI Publication. UK.
49- Leech, G. (1975), Semantics, Penguin: Great Britain, London.
50- McCarus, E. W. (1958) A Kurdish Grammar American Conucil of Learned Societes.
51- Radford, A. (1982), Transformatioal Syntax, Cambridge Unversity Press Cambridge.
52- _______ (1997) Syntax, Aminimalist Introduction, Cambrisge Unversity Press Cambrige.
53- Robins, R. H. (1976) A Short History of Linuistics, London : Longman.
54- Scalise, S. (1986) Generative Morphology, Foris Publication, Dordrecht: Holand.
55- Smith, N. (1999) Chomsky, Ideas and Ideals, Cambridge University Press Cambridge.
56- Trask, R. L. (1993) A Dictionary of Grammatical Terms in Lnguistics, Routledge: London.
57- Zagona, K. (1988) Verb Phrase Syntax Academic Publishers : London.

The second chapter deals with a module of GB , Case theory . Here it is explained that Case in GB goes beyond Morphological endings of nouns : Case is both abstract and universal . Then the chapter Specifies the Case assigners , Case assigners and case types in CK , which lacks morphological case markers and inherent case .

The third chapter focuses on thematic relations between the predicate and its argument in a sentence , pointing out that the $\theta$-criterion and the projection principle ensure between them that all lexical information is fed into inviolable , never altered or ignore .

The Fourth chapter sketches out another module of GB , the Binding Theory , which regulates the interpretation of NPs , whether or not they are phonologically realized . here NPs are divided into three classes : anaphore , personal pronouns and full NPs , according to whether they are bound (Subject to Principle A) or free (Subject to Principle B) in their Binding domain , or whether they are free every where .

The conclusion is in tow Section: section one presents a summary of the work and the conclusion reached at. Section two pointes out some other areas of CK where GB can be applied .

The most important finding of work is that the theory of GB encounters serious problems when applied to CK , on SOV language , and that it is in need of enrichment as new insights emerge .

# Abstract

This dissertation is concerned with Chomsky's theory of Government and binding(GB) and its application to Central Kurdish . GB can reasonably be described as the major School of research in Syntax in North American and most Europe . Whether or not a researcher adopts the GB approach , it is necessary to have some degree of familiarity with it in order function effectively as a syntactician . In addition,many principles of GB have found their way into other syntactic theories , so that a deep understanding of much current work requires at least a passing acquaintance with GB syntax . This dissertation in intended to be a short , clear and coherent introduction to the theory of GB and how it works in central Kurdish .

In order to achieve the goals of clarity and conciseness , it has necessary for this dissertation to be somewhat streamlined , or even skeletal and selective . The dissertation falls into four basic chapters apart from a separate chapter of conclusions .

The first chapter explores the underpinnings of GB and relates the theory to the finite state grammar and phrase structures rules , the defects which led to the development of the x-bar system . the bulk of the chapter is devoted to the properties of the system and its application to CK , which is a head-last Language .



## کتێبە چاپکراوەکانی
## کۆڕی زانیاری کوردستان  و ئەکادیمیای کوردی

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

١) فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی ـ کوردی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٢، (١٤٢ لاپەڕە).

٢) کوردی تورکمانستان ـ مێژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب، د. مارف خەزنەدار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥٨ لاپەڕە).

٣) زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٠ لاپەڕە).

٤) زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٧ لاپەڕە).

٥) من ینابیع الشعر الکلاسیکي الکردي، ج١، رشید فندی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢٤٠ لاپەڕە).

٦) ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٥٦ لاپەڕە).

٧) ڕێزمانی کەسی سێیەمی تاک، د.شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (١٥٩ لاپەڕە).

٨) چوارینێن خەیام، د. کامیران عالی بەدرخان، وەرگێڕانی لە لاتینییەوە د. عەبدوللا یاسین

ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٩٤ لاپەڕە).
٩) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەرێ یوسوپۆڤا، و: لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢١٦ لاپەڕە).
١٠) العروض في الشعر الكردي، احمد هردي، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢١٨ لاپەڕە).
١١) ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، د. مەغدید سەپان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٨ لاپەڕە).
١٢) زاراوەی ڕاگەیاندن، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٠٨ لاپەڕە).
١٣) فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی ـ کوردی ـ عەرەبی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٦٥ لاپەڕە).
١٤) ئەدەبی منداڵانی کورد ـ لێکۆڵینەوە ـ مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٤٠٦ لاپەڕە).
١٥) گیرەکێن زمانێ کوردی، د. فازل عمر، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٣٤ لاپەڕە).
١٦) ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی ل سەد ساڵا نوزدێ و بیستێ زایینی، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٦ لاپەڕە).
١٧) دەنگسازی و برگەسازی لە زمانی کوردیدا، د. شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠٦ لاپەڕە).
١٨) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩ ـ ١٩٧٠، د. عبدالله یاسین عەلی ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٣٢٠ لاپەڕە).
١٩) یوسف و زولەیخا، حەکیم مەلا ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٧ لاپەڕە).
٢٠) زمانی کوردان ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، پ. د فریدریش موولێر ئەوانی تر، و: لە ئەڵمانییەوە د. حمید عزیز ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، ( ١٩٢ لاپەڕە ).
٢١) ڕێبەری بیبلۆگرافیە کوردییەکان ١٩٣٧ ـ ٢٠٠٥، شوان سلێمان یابە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٠ لاپەڕە).
٢٢) فەرهەنگی گەورەی من. د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی

وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦ ، (٨٠ لاپەڕە).
٢٣) دیوانی عەزیز ـ محەمەد عەلی قەرەداغی – هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠، (١٤٤ لاپەڕە).
٢٤) زاراوەگەلی کاروباری مین ـ جەمال جەلال حوسێن ـ دلێر سابیر ئیبراهیم – دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٨٠ لاپەڕە).
٢٥) زاراوەی راگەیاندن ـ کەمال غەمبار ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٩٦ لاپەڕە).
٢٦) زاراوەی ئەدەبی ـ ئامادەکردنی: لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٣٨٠ لاپەڕە).
٢٧) ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٣ ـ ٢٠٠٢) ـ شوان سلێمان یابە ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٢٤٠ لاپەڕە).
٢٨) The Historical Roots of the National Name of the Kurds ـ د. جەمال رەشید، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (١٠٧ لاپەڕە)
٢٩) فەرهەنگی کۆمەڵناسی ـ عوبێد خدر ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ٨٣ لاپەڕە).
٣٠) بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (١٨٨٠ ـ ١٩٣٩ز) ـ د. سەعدی عوسمان هەروتی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٥٥ لاپەڕە ).
٣١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ، نووسینی: حەسەن عەلی خانی گەڕووسی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ٢٠٤ لاپەڕە ).
٣٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا، نووسینی: ئەسکەندەر غوریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١٢٨ لاپەڕە ).
٣٣) فەرهەنگی کوردی ـ فارسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١١٢ لاپەڕە ).
٣٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئینگلیزی و ئەمریکی دا ـ نووسینی ـ وەدیع جوەیدە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١١٦ لاپەڕە ).

٣٥) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی خان گۆنەخان ئەفشار. وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٤٢٦ لاپەڕە ).
٣٦) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧. (لاپەڕە١٩٢).
٣٧) چەپکێک لە زاراوە گەلی کشتوکاڵ ـ ئامادەکردنی ـ حەمە ساڵح فەرهادی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٤٤ لاپەڕە).
٣٨) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٢٧٠ لاپەڕە)
٣٩) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، نووسینی ـ د. محەمەد نووری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٠٠٠ لاپەڕە).
٤٠) یەکەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێڕانی: د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٦ لاپەڕە).
٤١) ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، نووسینی: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٦٨ لاپەڕە).
٤٢) فەرهەنگی هەراشان، کۆکردنەوە و دارشتنی: کۆمەڵێک مامۆستا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٣٦ لاپەڕە).

**ئەکادیمیای کوردی:**

٤٣) ئەلبوومی کەشکۆڵ ،ب ١، دانراوی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە).
٤٤) الأدب الشفاهي الكردي ، علي الجزيري ، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٠ لاپەڕە).
٤٥) بەرکولێکی زاراوە سازیی کوردی، ئامادەکردنی: جەمال عەبدول، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٣٠ لاپەڕە).
٤٦) دیوانی قاصد، ساغکردنەوەی: شوکر مستەفا و ڕەحیم سورخی، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە ).
٤٧) چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نووسینی: دکتۆر

زرار سديق تۆفيق، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).
٤٨) کیمیای ژەهری دەستکرد. نووسینی: پ.د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).
٤٩) ڕۆڵی سەربازیی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردیەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، نووسینی: مەهدی عوسمان حسێن هەروتی، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٦٨ لاپەڕە).
٥٠) دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، دانانی: سالار عبدالكريم فندي الدوسكي، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٠٤ لاپەڕە).
٥١) عبدالله گۆران، رائدا لحركة تجديد الشعر الكوردي، دانانی: کەمال غەمبار چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٢٠ لاپەڕە).
٥٢) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤-١٩٢٧ ، دانانی: د. عبدالفتاح علی البوتانی، چاپخانەی خانی ـ دهۆک، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٦٨ لاپەڕە).
٥٣) ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی ، ئامادەکردنی: پڕوفیسور د. وریا عومەر ئەمین . چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٦ لاپەڕە).
٥٤) مەمێ و زینێ، ئامادەکردنی: جاسمێ جەلیل، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ خستوویەتییە سەر نووسینی کوردیی عیراق و پێشەکیی بۆ نووسیوە و لێی کۆڵیوەتەوە، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٨ لاپەڕە).
٥٥) هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا، محەممەدعەلی قەرەداغی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٠ لاپەڕە).
٥٦) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو))، نووسینی: ڤیان سلێمان حاجی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢١١ لاپەڕە).
٥٧) هێز و ئاواز لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، نوسینی: عەبدولوەهاب خالید موسا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، سالی ٢٠٠٩، (١٤٦ لاپەڕە).
٥٨) گەپنامەی مێرگولان، نوسینی: ڕەسوڵ دەروێش، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، ( ١٧٦لاپەڕە).
٥٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئامادەکردنی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٣٤ لاپەڕە).
٦٠) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، ئامادەکردنی: د.سەباح ڕەشید قادر، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ ( ١٦٨ لاپەڕە).

لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠٠٩